## چاپکراوی نوێ


(تریفەی مانگەشەو) کۆبەرهەمی چیرۆکە، لە دووتوێی کتێبێکدا ڕۆمانووس (کەمال سەعدی) بەچاپی گەیاندووەو بەم دواییە کەوتە بەر دیدی خوێنەرانەوە، ئەم کتێبە ژمارەیەك چیرۆك لەخۆ دەگرێت، چیرۆکەکان دەچنە قالبی تەنز یاخود کۆمیدیای ڕەشەوە، کە ئەمەیان ئەدەبێکە بە خێرایی دەچێتە نێو دەروونی خوێنەرەوەو کاریگەریی خۆی دروست دەکات، بە شێوەیەك کە لەجیاتی پێکەنین تراژیدیایەك و مەبەستێك لای وەرگر جێ دەهێڵێت. کەمال سەعدی تا ئێستا سێ کۆمەڵە چیرۆکی تەنزئامێزی بە ناوەکانی(ون بوون، دەرکە، تڕحێو، فەنتازیا) نووسیوە، جگە لە چەندین ڕۆمان (سەعید زەبۆکی لای خۆمان، مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان، بیروەریی جەنگاوەرێك، حەج و عومرە، خانمباز، ڕۆژگارە تاریك و دژوارەکان، شەوانی باکۆ)، سابیر ڕەشیدی ڕۆماننووس پێشەکی بۆ ئەم کتێبە نووسیوەو تێیدا باس لەوە دەکات کە مەبەستی سەرەکیی ئەو چیرۆکانە پیشاندانی دیاردە دزێوەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەوارییە کە ڕۆچووە لە چەشتنی ئازار بە دەست نەبوونی  ناعەدالەتی و نایەکسانی و گەندەڵی و مشەخۆری و هەلپەرستی و هەژاری و دواکەوتوویی.. ئەم چیرۆکانە تژین لە دیمەن و تابلۆی تراژیدیی مرۆڤی کورد، کە هەردەم بە دەست ئەم دەردو بەڵاو ڕەفتارە کرێتانەوە دەناڵێنێت.  خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە کۆبەرهەمی چیرۆکەکانی (تریفەی مانگەشەو)ی نووسەری چاپکردووە.. دەستخۆشی لە ڕۆماننووس (کەمال سەعدی)  دەکەین و لە چاوەڕوانی بەرهەمی زیاتردا هیوای بەردەوامی بۆ دەخوازین.




بۆ مێژوو..
مەسعود بارزانی

# ڕەخنە و تێبینی وسەرنجەکانم لەمەڕ کتێبی

# بۆ مێژوو..



پروفیسۆر. د. هۆگر مەحموود

بەشی یەکەم

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کاتێك کتێبی ((بۆ مێژوو..))م لەشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بینی، بووە جێگەی سەرنجم، مەبەستم بوو بیخوێنمەوە، بەتایبەت، کە نووسەرەکەی بەڕێز کاك مەسعودە و خۆی هەر لەمناڵییەوە لەجەرگەی ڕووداوەکان و شۆڕشەکاندا بووەو دوواتر سەرکردەیەکی کوردە، کە گرنگترین جووڵەی دیموکراسییانەی کورد لەسەر دەستی ئەودا بوو، کە ئەویش ڕیفراندەم بوو.

کتێبەکەم دەستخست، خوێندمەوە، کۆمەڵێك تێبینی و سەرنجم لەلا ڕسکان، کە لە چەند شێوەیەکدا خۆ دەبیننەوە، لەوانە: زمانی نووسینەکە، دیارە من قسەم لە کوردییەکەیەو ئەوەشم خوێندووەتەوە، بۆیە دەکرێت بڵێم زمانی نووسینەکە ئەو زمانەیە، کە تا ڕاپەڕین، پتر لە سەدەو نیوێك بوو ڕێچکەی بوونە ستانداردی گرتبوو، بەڵام دووای ڕاپەڕین، لەسەردەستی خۆماندا لەمپەری خرایە بەر، بەگشتی زمانی نووسینی کتێبەکە کوردییەکی پاراو و تۆکمەیە، دیارە مەبەستم ئەوە نییە، کە بڵێم لێرەو لەوێ کەلێنی زمانی تێدا نییە، هەر بۆ نموونە لە ل(٢٩)دا لەبری (بەچاودێریی)، ( لەژێرچاودێری ) نووسراوە، هەر لەو لاپەڕەیەدا، نووسراوە (حکومەتی تازە دامەزراوی عێراق)، کە ڕاستییەکەی بەپێی دەوروبەرە زمانییەکە، مەبەستی (دەوڵەتی....)ە، نەك (حکوومەت)، چونکە حکوومەت دەگۆڕێت، بەڵام دەوڵەت جێگیرو بەردەوامە، لە ل(٣٥) دا، وشەی حکوومەت هاتووە، بەڵام ناکرێت بڵێین هەڵەیە، چونکە دەشێت بەپێی پەرەگرافەکە و دەوروبەرە زمانییەکەی، شەڕ هەڵگیرساندنەوەکە بخرێتە ئەستۆی ئەو حکوومەتەی (عەبدولڕەحمان عارف). واتە مەرج نییە نووسەر مەبەستی لەو پەرەگرافەدا دەوڵەت بووبێت، ئەو کەلێنانە هێندەنین، کە ئەرێی ڕەوانی و پاراوی بۆ زمانی نووسینەکە نەکرێت، سەبارەت بەتەکنیکی نووسین و بەدیاریکراویش لایەنی خاڵبەندی، کەم تا زۆر ڕەچاوکردنی هەیە، بەڵام بێ کەموکووڕی نییە.

دیارە ئەوە بۆ کتێبێکی وا، کە سەرکردەیەکی کورد بینووسێت، بەتایبەت کە پێوەندی بەپرسێکی گرنگ وقۆناغێکی گرنگتری نەتەوەکەمانەوە هەبێت، ئەوا چاکوابوو وردتر ڕەچاوبکرایە، دیارە بەندە وەك پسپۆری زمان، چاك ئەوە دەزانم، کە

**هەڵوێستێکی پڕ سەروەریی کاک مەسعود ئەوە بووە، کە دووای هاتنە ناوەوەی نوێنەری وڵاتانی هەرێمیی لەسایەی (عەببادی) دا، کاک مەسعود، بڕیاریداوە، کە: ((چیتر تیمی دانووستانکاری ئێمە لەگەڵیاندا دانەنیشن)). من ئەم هەڵوێستە زۆر بە لەبار دەزانم، بگرە پەیامێکی گرنگیش بووە، بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق، لەوەدا کە ئەوان لەوە دەرچوون، خۆیان بڕیار بدەن**

**لەم کتێبەدا، چەندان ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتی عێراق و ڕژێمە یەکلەدووایەکەکان خراونەتە ڕوو، لەوەدا کە لەبێهێزییاندا ئامادەی گفتوگۆ و دانی پەیمانی جۆراوجۆر بوون، بەڵام ڕاستییەکەی تەنیا بۆ هەل قۆستنەوە بووە، تاوەکو بەهێزبوونەتەوە، دوواتر خۆیان وتەنی ((حەلیمە گەڕاوەتەوە سەر عادەتی قەدیمەی))**

**کورد لە زۆر لەوەرچەرخانەکاندا بووەتە هۆکاری چارسازی بۆ دژبەرەکەی، تاوەکو بەهێز بووەتەوە و مارو پەیژەی گەمە سیاسییەکە لەگەڵ کوردا چووەتە چوارگۆشەی یەکهەم**

**بۆ نەتەوەیەک، کەچەندان جار لەساتەوەختی لاوازیی داگیرکەرانیدا ئامادەییان بۆ داننان بە مافیدا هەبووبێت و دوواتر لە بەهێزبوونەوەیاندا، ئەو پەیمانانە ژێرپێخرابن و پەلاماری درابێتەوە، ئیتر بۆ دەبێت ئێمە لە خەمی یەکڕیزیی ئەواندابین؟**

خاڵێك و كۆماوەیـەك لەباریاندایـە واتـای رستـەیەك و پەرەگرافێـك بـە تـەواوی بگـۆڕن، هەربۆیـە ئـەو وردەكارییانـە دەبنـە جێگـەی سـەرنجم، دەنـا رەنگـە بەپێودانگـی زۆرینـەی خەڵكـی كـورد، ئـەو لایەنـە نەبێتـە بابەتـی ئامـاژە پێـدان.

نووسـەر، هـەر لـە دووای پێشـەكییەكەوە، سـەبارەت بە(دابەشبوونی كوردستان)، كە ناونیشانی بڕگەیەكی گرنگـە، دەبـوو بـە (دابەشـكردنی كوردسـتان) گوزارشـتی لـێ بكرایـە، چونكـە (دابەشـبوون) دەشـێت خۆبەخۆبێـت، نـەك بـە كاریگەریـی دەرەكـی. لـە ئـەم بڕگەیـەدا زۆر بەباشـی بەسـەركردنەوەیەكی مێژوویـی بـۆ پرسـی كـورد كـردووە، بەتایبـەت لـە سـنووری ئـەو پێنـج سـەد ساڵەی دووایيـدا، دوواتـر هەڵوێسـتەی لەئاسـت دووا سـەدەدا كـردووە، هەوڵەكانـی شێخ عەبدولسـەلامی بارزانـی خستووەتە ڕوو، بەتایبـەت ئـەو جووڵـە دیپلۆماسییانەی لەگـەڵ نێـرراوی قەیسـەری رووسـدا، خاڵێكـی گرنگیـش لـەوەدا، هاودەنگیی شێخ بووە لەگـەڵ مارشـەمعوونی ئاشـووری و ئەندرانێـك پاشـای ئەرمەنیـدا. تەنانـەت شێخ ئامادەبـووە، كـە بچێت بـۆ بەریتانیـا و چاوی بـە سـەرۆكی كەنیسـەی كانتربـەری بكەوێت و داوای ئەوەبـكات، كـە قوتابخانـە لـە گوندەكانـی كوردسـتاندا دروستبكەن، هەروەها سـەردانی مەلیك جۆرج بكات و لـە كێشـەی كوردسـتان بكۆڵنـەوەو گفتوگۆ لەبارەی سـەربەخۆییەوە بكـەن، دوواتـر لـەو قۆناغـە دوواوە، كـە سـایكس پیكـۆی تێدا هاتـە ئاراوە، هەڵوێسـتەی لـە ئاست پێكهێنانـی دوودەوڵەتـە نوێیەكـەی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت (سـووریاو عێـراق) كـردووە، بەشـێوەیەكی پێڕەوبەنـد لـە چۆنییەتـی ئـەوكارە لەلایـەن براوەكانـی جەنگـی دووهەمـی جیهانـەوە، ئینگلیـز و فەرەنسـا... دوواوە. لێـرەدا ئامـاژەی بـە چەنـد خاڵێكـی گرنـگ كـردووە، لەوانـە: كاتێـك كـە باشـووری كوردسـتان و ڕۆژئاوایـان خسـتووەتە سـەر عێراقـی عـەرەب وسـەر سـووریا، تەنانـەت پێش ئەوەبووە، كـە ئـەو دوو دەوڵەتـە پێكهێنرابـن، دوواتر پەرژاونەتـە سـەر پەیمانـی سیڤەر ولـۆزان، هێندێـك زانیـاری بەكەڵكـی بەكورتـی خسـتوونەتە ڕوو. بەشـێوەیەكی وردتـر (دامەزراندنـی دەوڵەتـی عێـراق و لەكۆنگـرەی قاهیـرە) دوواوە، لـەو بابەتـەدا، داواكـەی فەیسـەڵی لـە وینستۆن چەرچەڵ بەیـاد كـردووە، بـۆ ئـەوەی كوردسـتان بخرێتـە سـەر مەملەكەتەكـەی، هـاوكات وەڵامەكـەی چەرچـڵ بـۆ فەیسـەڵی خسـتووەتە ڕوو، كـە وتوویەتـی كـورد خۆیـان نەتەوەیەكـن و خـاوەن جوگرافیـای خۆیانـن وسـنووریان زنجیـرە چیـای حەمرینـە.

سـەبارەت بەلیژنـەی كۆمەڵـەی گـەلان، كـە لـە ١٩٢٤ دا، بـۆ مـاوەی دوومانـگ هاتوونەتـە عێـراق لەپێنـاوی چارەسـەركردنی سـنووری نێـوان توركیـا و عێـراق، هـەر ئەولیژنەیـە، لـە ڕاپۆرتەكەیـدا بـۆ كۆمەڵـەی گـەلان، وتوویەتـی، كـە عێراق بۆ مـاوەی (٢٥) سـاڵ لەژێـر دەسـتی بەریتانیـادا بمێنێتـەوە، ئـەو مەرجەشـی تێدا باسـكراوە، كـە حكوومەتـی تـازە دامـەزراوی عێـراق، بەرژەوەنـدی كـورد بپارێـزێ.

لـە ل (٤٠) دا، كـە سـەبارەت بـە: پلانـی لەناوبـردن وتواندنـەوەی گەلـی كـورد لەنـاو دەوڵەتـی عێراقدایـە، وتـراوە: ((بەرنامـەی عەرەبانـدن لەپرۆسـەیەكی لەسەرخۆدا كاری بۆكراو لە سی و چل و پەنجاكانی سـەدەی ڕابـردوودا ژمارەیەكـی زۆر عـەرەب لـە حەویجـە و مەندەلـی و جەلـەولا... نیشـتەجێ كـران و سـەدان گونـدی تازەیـان بـۆ دروسـتكران.....)).

ئـەوەی لێرەدا جێگـەی سـەرنجمە، ئـەو دیاریكردنـی دەسـتپێكردنی عەرەباندنەیـە، چونكـە ئـەوەی ڕاسـتی بێـت عەرەبانـدن هـەر لـەدووای تـاج لەسـەرنانی فەیسـەڵەوە، ئاماژەكانـی دەركـەوت بەتایبـەت لـەو نامەیـەدا، كـە بـۆ چەرچڵـی ناردبـوو، داوای كردبـوو كـە ویلایەتـی مووسـڵ بخرێتـە سـەر دەوڵەتەكـەی، ئەوەبـوو سـەرەتا چەرچـڵ داواكـەی ڕەتكردبـووەوە، بـەڵام دوواتـر بەرژەوەنـدی بەریتانیـا لەوكردنـە پاشـكۆیەی كوردسـتاندا خـۆی بینییـەوە، دیـارە فەیسـەڵ هـەر لەگـەڵ دەسـتبەكاربوونیان بیـری لای عەرەباندنـی كوردسـتان بـووە، هەربۆیـە لـە ساڵانی یەكهەمـی پاشـایەتییەكەیدا خەڵكێكـی كۆچـەری لـە نەجـد و حیجـازەوە بـۆ باشـووری كەركـووك هێنـاون، جگـە لـەوەش كاتێـك كـە ژمارەیەكـی زۆر عـەرەب بۆ ناوچەی(گلـە)ی جەلـەولا دەنێرێت، هانیشـیداون، كـە زەوی وزاری تـر لەبەگـە كـوردەكان بكـڕن، هێندێك لەبەگـەكان زەوییـان پێفرۆشـتوون، هێندێكیـش ڕەتیانكردووەتـەوە، یەكێـك لەوانـە (حاجـی برایـم بەگـی (دەكـە) بـووە، كـە نـەك هـەر ڕازی نەبـووە زەوییـان پێبفرۆشـێت، بەڵكـو كاتێكیـش كـە مەلیـك دەبێتـە میوانـی، ویسـتوویەتی بەنـاوی كڕینـەوە داوای زەوی لـە (برایـم بـەگ) بـكات، برایـم بـەگ پێـی ووتـوە خـاوەن شـكۆ، تـۆ (مەلیك)یـت نـەك (مالیـك)، هەمـوو ماڵێـك ماڵـی خۆتـە، خەڵكەكـە لـە خزمەتتـدا دەبـن، بۆیـە ئەگـەر بتەوێـت (مالیـك)

بیت، ئەوا کاتێك کە دەسەڵاتت نەمێنێت هیچ موڵکێك بەهی تۆ نامێنێتەوە!، کەواتە هەوڵی عەرەباندنی باشووری کوردستان لەگەڵ فەیسەڵ و دەستبەکاربوونیدا، لەئارادابووە، بەڵام بەشێوازێکی نەرم و شێنەیی، نەك وەك ڕۆژگاری بەعس و سەددام، کە بەیاسا ڕەواییان بە عەرەباندن دابوو.

خودی ئەو مەلیك فەیسەڵە، دووای ئەوەی ئینگلیز (شێخ مەحموودی نەمر) لە هیندستانەوە دەهێنێتەوە، لەو هەشت ڕۆژەدا، کە شێخ لە بەغدا بووەو هەموو ڕۆژێك ئینگلیزەکان کۆبوونەوەیان لەگەڵدا کردووە، تاوەکو دوو خواستیان بۆ بەدیبهێنێت، کە ئەوانیش، یەکەم: ئارامکردنەوەی خەڵکەکە لە کوردستان، دووەم: کارکردن بۆ دەرپەڕاندنی (ئۆزدەمیر)ی تورك لەناوچەی ڕەواندز، دیارە شێخ چاك لەمەبەستی ئینگلیز تێگەیشتووە، بۆیە هەرجارێك لە کۆبوونەوەکان گەڕاوەتەوە، شێخ محەمەد غەریبی زاوای لێیدەپرسێت کە ئینگلیز چیمان بۆ دەکەن؟ شێخ هەموو جارێك وتوویەتی: تەنیا وتەنیا دەیانەوێت بەکارمانبهێنن و هیچ بەرنامەیەکیان بۆ ئێمە نییە، لەو سەروەختەدا، کە فەیسەڵ ویستوویەتی لەرێگەی شێخبوون و سەییدبوونی شێخ مەحموودەوە، دنەی بدات تاوەکو دەست لەپرسی کورد هەڵبگرێت، بۆیە بەشێخی وتووە ئێمە یەك پشتین و ئامۆزاین، تۆ چیتە بەسەر کوردەوە؟!، شێخ لە وەڵامدا وتوویەتی: من کوردم و شانازی بەکوردبوونمەوە دەکەم، تۆش شانازی بە عەرەببوونتەوە بکە! . کەواتە فەیسەڵ ویستوویەتی لەلوتکەی قووچەکەکەوە، کار لەسەر پرسی کورد لەپێناوی دامرکانەوەیدا بکات.لە ل (٤٣-٤٥) دا، کە تایبەت کراوە بە (ڕاپەڕین)، کاك مەسعود ڕاشکاوانە لەوە دوواوە، کە چوونیان بۆ بەغدا: ((سەختترین بڕیاری ژیانم بووە))، پێمایە ئەم گوزارشتە دروست وایە و هیچ گومانێك هەڵناگرێت، چونکە خۆم لەو بارودۆخەدا ژیاوم، بەئاگابووم لەوەی کە چۆن زۆرێك لەخەڵکی ئێمە دژایەتیی ئەو چوونەیان دەکرد، تەنانەت چەندان نووسین و هۆنراوە بۆ دژایەتیی ئەو چوونە، سەبارەت بە تەوقە و ماچ نووسران، دیارە بەرپرسێتی نەتەوەیەك جیاوازە لەوەی بەرپرس نەبیت، بۆیە کاتێك بەندە لەوەم دەڕوانی، کە زۆرینەی کورد لەماڵ و جێگەی خۆی هەڵکەنراوەو شیمانەی درێژەکێشانی ئەو بارودۆخە، ئاکامی زۆرباشی لێ چاوەڕوان نەدەکرا، ئەگەر زلهێزان هەڵوێستی ڕوونیان بەرامبەر پرسی کورد نەبێت، بۆیە لەنێوان گێڕانەوەی خەڵك بۆسەر زێدی خۆی و لەنێوان سەرکێشی بەچارەنووسی نەتەوەیەك، ئەوا گێڕانەوەکە کارێکی خراپ نەبوو، بەڵام ئەگەر تروسکاییەك لەئارادابوویێت لەلایەنی پشتگیریی زلهێزانەوە بۆ بەرەی کوردستانی، تاوەکو بڕیارێکی چارەنووسسازی سەبارەت بەپرسی کوردی باشوور بدایە و بەوە نادیدەیکردبێت، ئەوە بەڕاستی ئەو چوونە کارێکی ناشیاو دەبوو. هاوکات، کە لە هەڵوێستی زلهێزان بەرامبەر بەریفراندەمی ٢٠١٧ ورد دەبمەوە، ئەوا بۆم ئاسان نییە، بچمە سەر ئەو بڕوایەی، کە نەچوونیان ئاکامی باشتر لەچوونەکەیانی دەبوو، ئەگەرچی هەلومەرج جیاوازیی هەیە، چونکە کۆڕەو بارتەقای هەموو شۆڕشەکانی کورد، پرسەکەی خستبووە بەرچاوی هەموو جیهان، وەك لایەنی سۆزی مرۆیی، بەڵام هەمیشەش سۆزو سیاسەت دوو شتی جیاوازن، هەروەك ئەوەی فرانسوا مێتیران بە دانیالی هاوسەری وتووە، لەوەڵامی ئەوەدا، کە دانیال پێیوتووە تۆ ئەو گەلە نابینیت لەچ بارێکدایە؟! فرانسوا، وتوویەتی: زۆر چاك لێی بەئاگام، بەڵام سیاسەت شتێکەو هەست و سۆز شتێکی دی.

لە ل (٤٦) دا، کە سەبارەت بە: (کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و ڕووخانی ڕژێمی پێشوو)ە، دەڵێت: ((چالاکانە بەشداریمان کرد، ئەو کاتیش هەموو هەوڵماندا بۆ ئەوەی دووای هەر گۆڕانکارییەك لەعێراق، پێویستە کەس بیر لە تۆڵەسەندنەوە نەکاتەوە))، لێرەدا بەڕاستی ئەمە دڵپاکیی کورد دەسەلمێنێت، نەك سیاسەتکردن، بەتایبەت ئەگەر بەشدارانی کورد هەژێنەری ئەم پرسە بووبن، چونکە بۆ نەتەوەیەك، کەچەندان جار لەساتەوەختی لاوازیی داگیرکەرانیدا ئامادەییان بۆ داننان بە مافیدا هەبووبێت و دوواتر لە بەهێزبوونەوەیاندا، ئەو پەیمانانە ژێرپێخراببن و پەلاماری درابێتەوە، ئیتر بۆ دەبێت ئێمە لە خەمی یەکریزیی ئەوانداببین؟!، بێگومان ئەو هەڵوێستە هەڵوێستێکی مرۆییەو ئاکارییشە، بەڵام ئەگەر وەك سیاسەت لێبروانین و بمانەوێت لە هەلە هەڵکەوتووەکان کەڵك ببینین و پرسی نەتەوەکەمان لەو جەنگەڵستانەی دەوروبەرماندا

**کۆڕەو بارتەقای هەموو شۆڕشەکانی کورد، پرسەکەی خستبووە بەرچاوی هەموو جیهان، وەک لایەنی سۆزی مرۆیی، بەڵام هەمیشەش سۆزو سیاسەت دوو شتی جیاوازن**

**فەیسەڵ ویستوویەتی لەرێگەی شێخبوون و سەییدبوونی شێخ مەحموودەوە، دنەی بدات تاوەکو دەست لە پرسی کورد هەڵبگرێت، بۆیە بەشێخی وتووە ئێمە یەک پشتین و ئامۆزاین، تۆ چیتە بەسەر کوردەوە؟!، شێخ لە وەڵامدا وتوویەتی: من کوردم و شانازی بەکوردبوونمەوە دەکەم، تۆش شانازی بە عەرەببوونتەوە بکە!**

**هەوڵی عەرەباندنی باشووری کوردستان لەگەڵ فەیسەڵ و دەستبەکاربوونیدا، لەئارادابووە، بەڵام بەشێوازێکی نەرم و شێنەیی، نەک وەک ڕۆژگاری بەعس و سەددام، کە بەیاسا ڕەواییان بە عەرەباندن دابوو**

**عەرەباندن هەر لەدووای تاج لەسەرنانی فەیسەڵەوە، ئاماژەکانی دەرکەوت بەتایبەت لەو نامەیەدا، کە بۆ چەرچڵی ناردبوو، داوای کردبوو کە ویلایەتی مووسڵ بخرێتە سەر دەوڵەتەکەی، ئەوەبوو سەرەتا چەرچڵ داواکەی ڕەتکردبووەوە، بەڵام دوواتر بەرژەوەندی بەریتانیا لەوکردنە پاشکۆیەی کوردستاندا خۆی بینییەوە**

**دووای داگیرکردنەوەی نیوەی خاکی کوردستانیش، هەوڵدەدەن هەرێمەکەش بکەنە دووان، تاوەکو سیما و پێگە دەستوورییەکەی لەبەین ببەن، پرس ئەوەیە، بۆچی هەرگیز کورد ئەوەی لەوەرچەرخانەکاندا بەرامبەر ئەوان نەکردووە؟**

**بۆچی پێش ئەوەی عێراق دروستبکرێتەوە، هەرێم دەستووری خۆی نەنووسییەوە؟ ئایا ئەگەر دەستوورێکی لەبار هەبووایە و پسپۆڕی خۆمان وبێگانەش هاوکاربوونایە لە نووسینەوەیدا، ئەوە پێگەی بەشداربووانی کوردی لە نووسینەوەی دەستووری نوێی عێراقدا بەهێزتر نەدەکرد؟**

**کاک مەسعوود، راشکاوانە، لە ل (٤٩) دا، دەڵێت: ((ئەوەی لە دیباجەی دەستووردا هاتبوو وەک بەربەستمان دەدیت بۆ ڕێگەگرتن لە گەڕانەوەی بیری شۆڤێنییەت و خۆ سەپاندن)). ئەم گوزارشتە پڕە لە راستگۆیی، ئەوە جەخت دەکات، کە حوکمی دیباجەیان نەک بە حوکمی مادەیەکی دەستووری زانیووە، بەڵکو بەبەهێزتریش زانراوە**

بەرەوپێش ببەین، ئەوا هەمیشە دەبێت ئەگەر بۆ درز خستنە نێوانیان کارنەکەیت، نابێت بۆ نەهێشتنی کێشەکانیان لەکاردابیت، بەڵکو دەبێت بەهەر شێوەیەك لەتواناداێت، خاڵی لاوازی بەرامبەرەکەت لە پێناوی پرسە ڕەواکەی خۆتدا بەکاربهێنیت، کورد لە زۆر لەوەرچەرخانەکاندا بووەتە هۆکاری چارسازی بۆ دژبەرەکەی، تاوەکو بەهێز بووەتەوە و مارو پەیژەی گەمە سیاسییەکە لەگەڵ کوردا چووەتە چوارگۆشەی یەکەم.

بۆ ڕاستیی ئەم بۆچوونەش، هەر لەم کتێبەدا، چەندان ڕێککەوتن لەگەڵ دەسەڵاتی عێراق و رژێمە یەکلەدووایەکەکان خراونەتە روو، لەوەدا کە لەبێهێزییاندا ئامادەی گفتوگۆ و دانی پەیمانی جۆراوجۆر بوون، بەڵام ڕاستییەکەی تەنیا بۆ هەل قۆستنەوە بووە، تاوەکو بەهێزبوونەتەوە، دوواتر خۆیان وتەنی ((حەلیمە گەڕاوەتەوە سەر عادەتی قەدیمەی))، لەبەرامبەردا هەمیشە حکوومەتە یەکلەدووایەکەکانی دەوڵەتی عێراق، هەر لە بیستەکانەوە بەردەوام کاریان بۆ پەرتکردنی کورد و دووبەرەکیی نانەوە کردووە، پێشتر لەوە دووام، کە چۆن خودی مەلیك فەیسەڵ، لە ١٩٢٢ دا، ویستوویەتی شێخ مەحمووی حەفید بەختووکەدانی شێخێتی و سەییدبوونەوە دنە بدات، تاوەکو واز لەپرسی نەتەوەکەی بهێنێت، لەسییەکان و چلەکان و شەستەکاندا، چۆن هەوڵی جاشگرتنیان داوە، لە پێناوی لێدان لە شۆڕشگێڕانی کورد، لە دووای روخانی بەعسەوە، چۆن کار لەسەر ئەوە دەکەن، کە ئێزدی و شەبەك لەکورد دابڕن، تەنانەت دووای داگیرکردنەوەی نیوەی خاکی کوردستانیش، هەوڵدەدەن هەرێمەکەش بکەنە دووان، تاوەکو سیما و پێگە دەستوورییەکەی لەبەین ببەن، پرس ئەوەیە، بۆچی هەرگیز کورد ئەوەی لە وەرچەرخانەکاندا بەرامبەر ئەوان نەکردووە؟! بەندە هەمیشە قسەکەی کێسنجەرم بیر دەکەوێتەوە، کە لەدووای نسکۆی ١٩٧٥، لێیدەپرسن ئایا ئەوەی بەرامبەر کورد کردتان بێئاکاری نەبوو؟ لەوەڵامدا وتویەتی: بەڵێ، چونکە ئێمە سیاسەتمانکردووە، بەڵام باسکردنی ئاکار، کاری پێغەمبەرانە نەك سیاسییەکان.

لە ل (٤٧)ی (بۆ مێژوو) دا نووسراوە: ((بەرلە رووخانی رژێمی پێشوو لەلایەن ئەمەریکاوە، بەرلە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە لەندەن، کوردستان قەوارەیەکی نیمچە سەربەخۆبوو، هیچ پێوەندیی بەعێراقەوە نەمابوو...))، ئەوەی لێرەدا هاتووە هەمووی راست و دروستە، بەڵام خۆ دەبێت بپرسین بۆچی پێش ئەوەی عێراق دروستبکرێتەوە، هەرێم دەستووری خۆی نەنووسییەوە؟ ئایا ئەگەر دەستوورێکی لەبار هەبووایە و پسپۆڕی خۆمان وبێگانەش هاوکاربوونایە لە نووسینەوەیدا، ئەوە پێگەی بەشداربووانی کوردی لە نووسینەوەی دەستووری نوێی عێراقدا بەهێزتر نەدەکرد؟ بەتایبەت ئەگەر دەستوورێك بووایە، هاوچەرخ، خاك و مرۆڤ و سەروەتی هەرێم و کەرامەتی تاکی کوردستانییانی بپاراستایە و کەس بۆی نەبووایە پێشێلی خاڵ و بڕگەکەکانی بکات، بڵێی ئەو دەم نەبووایەتە هاندەر بۆ عەرەبی عێراق، کە داوای چاولێکردنی بکەن؟. تەنانەت ئەو پڕۆژەی دەستووری هەرێم کە دوواتر خرایە ناوانەوە، بەندە وتارێکم لەبارەیەوە نووسی و لەکۆنفرانسێکیشدا لە دهۆك هێندێك لەبارەیەوە دووام، یەکێك لەو ماددانەی کە تێیدا نەبوو بابەتی هەرە دەغەڵی (الخیانة العظمی) بوو، پرس ئەوەیە ئایا ئەگەر وەك ماددەیەك لە دەستووری هەرێمدا هەبووایە و دەستوورەکە بەرکاربووایە، ئایا بۆکەسی ئاسایی دەبوو، کە دەستتێکەڵی دوژمنانی کوردبین و وەك بەرزەکی بانان بۆی دەربچن و کەس نەڵێت بەری چاوت کلی پێوەیە!

هەرێمی کوردستان دەستووری بۆ نەنووسرایەوە، بەڵام ئایا ئەوانەی بوونە ئەندامی لیژنەی نووسینەوەی دەستووری عێراق، چەندیان پسپۆڕی یاسا و دەستووربوون، لەوانەی کە نوێنەری کوردبوون؟ بەندە ئەوە چاك دەزانم، کە نەك وشەو زاراوە، بەڵکو لایەنی خاڵبەندی لە نووسینی دەقی دەستووریدا، چەند کاریگەری لە گۆڕینی چەمك و واتادا دەبێت، ئەی دەبێت لە هەڵبژاردنی وشەو زاراوەکاندا چ هەڵێك بۆ بەرامبەر بڕەخسێت، کە گەمەی زمانیی تێدا بکەن و بەسەر ئەندامانی کوردیدا بسەپێنن؟! ئایا بەشی ئەوە پسپۆڕی یاسایی دەستوورییمان نەبوو؟ بۆچی ئەو پسپۆڕانە نەبرانە ئەو لیژنانەوە؟! لە ل (٤٨)دا، ئەوە خراوەتە روو، کە (بریمەر) لەکاتی دانانی یاسای کاتی بۆ بەڕێوەبردنی عێراق و مەجلیسی حوکم:((.... زۆر هەوڵی دا سنوور ببەزێنێ وتەنگ بەهەرێم

هەڵچنیَ و تەجاوەزی سەرکیانی هەرێمی کوردستان وەدەستکەوتەکانی گەلی کوردستان بکات...))، من ئەو هەوڵانەی (بریمەر) ئاسایی دەبینم، چونکە ئەو وەك فەرمانبەرێك بۆ وڵاتی خۆی کاریکردووە و ویستوویەتی بەکەمترین کێشە کاری وڵاتی خۆی مەیسەر بکات، هاوکات چاك ئەوەش دەزانم، کە عەرەب بە سوننە و شیعەوە هەمیشە خواستی ئەوەیان هەبووە، کە بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ کورددا بکەن، دیسان پرس ئەوەیە، کە ئایا ئەگەر پێش ئەوە هەرێم دەستووری هەبووایەو دانیشتووانی هەرێم لە پرۆسەیەکی دیموکراتییانەدا دەنگییان پێبدایە، ئایا هەلی ئەو هەوڵانەی (بریمەر) بۆ نادیدەکردنی پێگەی هەرێم، لەئارادا دەبوو؟! من پێموایە وەڵام نەخێرە، جگە لەوەش کورد دەبوو چاك بارودۆخەکەی بخوێندایەتەوە و بیزانیایە، کە لەو پشێوییەدا پتر هەلی جێبەجێکردن و چەسپاندنی خواستەکانی هەیە، نەك بیداتە دەست رۆژگار، دیارە لەم بارەیەوە بیرەوەرییەکانی (بریمەر)یش هێندێك زانیاری سەبارەت بە خەمی خۆی لەبارەی ئەوەوە، کە کورد ئاستی داخوازییەکانی بڵند نەکات، دەربڕیووە، کەواتە زانیویەتی، کە هەلی ئەوە بۆکورد هەبووە، کە ئاستی ئەو خواستانە بەرەو باڵاتر ببەن، هەربۆیە وایشی وتووە. خاڵێکی تری گرنگ، ئەوەیە، کە ئایا لەکاتی نووسینەوەی دەستووردا، بۆچی بەشداربووانی کورد ئەو مەرجەی لە دیباجەکەدا نووسراوە، پێداگرییان نەکردووە، کە بکرێتە مادەیەکی دەستووریی، تاوەکو نەتوانرێت بوترێت دیباجە حوکمی مادەی دەستووریی نییە؟ ئایا ئەندامانی کورد لەوە بەئاگا بوون، کە دیباجە جیاوازیی لەگەڵ مادەکانی دەستووردا هەیە؟ ئەوەیراستی بێت، دیباجە تەنیا وەك راڤەیەك، نەك وەك مادەیەکی دەستووری رەچاودەکرێت، بۆیە ئەگەر حیزبانی ئیسلامیی کورد لێم زوویرنەبن، ئەوا دەکرێت بڵێم دیباجە وەك (تەفسیر) و (مادەی دەستووری) وەك (قورئان) وایە، هەربۆیەش دەکرێت بە راڤەکار(مفسر) بوترێت هەڵەی کردووە، بەڵام بۆ (قورئان) ناتوانرێت.

لەمانەش گرنگتر، بۆچی کورد پێداگریی نەکردووە، کە لایەنێکی نێودەوڵەتی بهێنرایەتە ئەو لیژنەیەوە، تاوەکو لە دەمی پێشێلکردنیدا، ئەو لایەنە وەك گۆیا و ناوەندگیر پەنای ببرایەتە بەر.

کاك مەسعود، راشکاوانە، لە ل (٤٩) دا، دەڵێت: ((ئەوەی لە دیباجەی دەستووردا هاتبوو وەك بەربەستمان دەدیت بۆ رێگەگرتن لە گەڕانەوەی بیری شۆڤێنییەت و خۆ سەپاندن)). ئەم گوزارشتە پڕە لە راستگۆیی، ئەوە جەخت دەکات، کە حوکمی دیباجەیان نەك بە حوکمی مادەیەکی دەستووری زانیووە، بەڵکو بەبەهێزتریش زانراوە، جگە لەوەش زانینی دیباجە بە بەربەست بۆ نەگەڕانەوەی بیری شۆڤێنییەت و خۆ سەپاندن لەلایەن برایانی شیعەمانەوە، وەك ئەوە وایە ئێمەی کورد هیچمان لەبارەی (مبدأ التقیة و الفتوی المخفیة) نەبیستبێت، کە سوننەی عەرەب بەرامبەر بەشیعەی عەرەب باسیدەکەن، کە گوایە برایانی سەربە بە ئایینزای شیعەمان رەچاوی دەکەن، ئەگەرچی هەمیشە بەرپرسەکانیان ددان بەوەدانانێن، کە شتێکی وا لە ئایینزاکەیاندا هەبێت.

بۆیە پێدەچێت کورد هەربە دڵپاکییە کوردانەکەوە هەنگاوی نابێت و وازانراوە، کە شیعەی برای دوێنێمان جیاواز دەبن لە سوننە، ئەگەر جێ پێی خۆیان لە دەسەڵاتدا توند بکەن، هەر لەو لاپەڕەیەدا، باس لەخۆدزینەوە لە جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و پشتکردنە بەڵێن و رێککەوتنەکان کراوە، بەندە بۆئەوە شتێکم نییە، تەنیا ئەوە نەبێت، کە بڵێم شتێکی نامۆ نییە، ئەوان کاریان لەسەر کاتکوشتن کردووە، تاوەکو هەلی گونجاویان بۆ هەڵبکەوێت و گەمە کۆنەکەیان لەگەڵ کورددا دەست پێبکەنەوەو کردیشیان.

لە ل(٥٠)دا، ئەوە خراوەتە ڕوو، کە: ((نەیانویستووە پۆستی سەرۆککۆمار بدرێتەوە بەکورد....)) بۆئەوە دەڵێم بە دڵنیاییەوە زلهێزان هێندەی رازیکردنی عەرەبیان مەبەستە، هێندە گوێ بە کورد و پرسەکەی نادەن، سیاسەت و بەرژەوەندیش هەمیشە کار بۆ (( هەشتبێ و لەمشتبێ)) دەکات، نەك ((نۆبێ و نەبێ))، وەك ئەوەی کەقسە نەستەقە کوردییەکە دەیڵێت، بەتایبەت بەرامبەر بە کورد، کە چاك دەزانن یەکدەنگیی کورد، چووەتە خانەی ئەفسانەوە. خاڵێکی درەوشاوە لەو بڕگەیەدا، ئەوەیە، کە کاك مەسعود، بەرامبەر بە خواستی ئەمەریکاییەکان وەستاوەو پێداگری کردووە لەوەی، کە سەرۆککۆمار رەواو مافی کوردەو دەبێ هەر مام جەلال ببێتەوە بە سەرۆك کۆمار.تێبینییەکی گرنگ لە ل(٥١) دا،

زلهێزان هێندەی رازیکردنی عەرەبیان مەبەستە، هێندە گوێ بە کورد و پرسەکەی نادەن، سیاسەت و بەرژەوەندیش هەمیشە کار بۆ (( هەشتبێ و لەمشتبێ)) دەکات، نەک ((نۆبێ و نەبێ))، وەک ئەوەی کەقسە نەستەقە کوردییەکە دەیڵێت، بەتایبەت بەرامبەر بە کورد، کە چاک دەزانن یەکدەنگیی کورد، چووەتە خانەی ئەفسانەوە

کاک مەسعوود، بەرامبەر بە خواستی ئەمەریکاییەکان وەستاوەو پێداگری کردووە لەوەی، کە سەرۆککۆمار رەواو مافی کوردەو دەبێ هەر مام جەلال ببێتەوە بە سەرۆک کۆمار

**لە (٢٠٠٧) دا روویداوە، کە زۆرێک لە شۆڤێنییەکانی شیعە و سوننە، کەوتبوونە هەڵڵای ئەوەی، کە مادەی ١٤٠ کۆتاییهات و بەسەرچوو، بێگومان خۆدزینەوەکانی شیعەش بۆ ئەوەبووە، کەکاتی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوورییە تێپەڕێت و ئەو دەنگە دروستبێت، ئەوە لەکاتێکدا ئەو مادەیە شتێک نییە، کەبەسەربچێت، ئەگەر دەستوور رەچاوبکرێت**

سەبارەت بە نەوت و گاز هەیە، کە: ((وەزیرێکی دەسترۆیشتووی شیعە باسی ئەوەی کردبوو، کە حکوومەتی عێراق خەمساردی لەو بابەتە بکات و کات بکوژێ، کوردەکان ئەو توانایەیان نابێ خۆیان نەوت دەربهێنن، ئەو قسەیەی ئەو وزیرە شیعەیە، گوزارشتێکی راشکاوە لە هەڵوێستی راستەقینەی ئەوان و کارکردنە بەپێی ئەو دوو بنەمایەی کەپێشتر خستماننە روو، خاڵێکی گرنگ لەوەدا ئەوەیە، کە (زاڵمای خەلیلزاد)یش لەوکۆبونەوەیەدا بووە، من پێموایە کورد دەیتوانی ئەو بۆچوونە چ لەلای (خەلیلزاد) و چ لەلای بەرپرسانی تری ئەمەریکایی، بکاتە خاڵێکی وروژێنەر، بۆجەختکردن لەوەی کە دەسەڵاتی نوێی عێراق بەئاراستەی نادیدەکردنی مافی کورد و تاکرەوی مل دەنێت، بەڵام من دڵنیام کورد نەیان ویستووە شیعە برەنجێنن، بۆیە ئەو خاڵە هەڵوێستەی رژدی لەبەرامبەردا نەبووە، هەر ئەو نەهاتنە دەنگەی کورد بووەتە هۆی ئەوەی شیعە ژێربەژێر، لەسەرخۆ کار بۆ تۆکمەکردنی پێگەی خۆی بکات، بە تایبەت ئەوە لە (٢٠٠٧) دا روویداوە، کە زۆرێك لە شۆڤێنییەکانی شیعە و سوننە، کەوتبوونە هەڵڵای ئەوەی، کە مادەی ١٤٠ کۆتاییهات و بەسەرچوو، بێگومان خۆدزینەوەکانی شیعەش بۆ ئەوەبووە، کەکاتی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوورییە تێپەرێت و ئەو دەنگە دروستبێت، ئەوە لەکاتێکدا ئەو مادەیە شتێك نییە، کەبەسەربچێت، ئەگەر دەستوور رەچاوبکرێت.

هەر لەو لاپەرەیەدا هاتووە کە: ((زۆرجار ئەمەریکاییەکان لە خوێندنەوەی هاوکێشەکانی عێراقدا نەدەکەوتنە سەر رێگایەکی دروست و ئەگەر هەڵەیەکیشیان کردبا، هەمووجار دەبووایە کورد باجەکەی داباو لەمافی خۆی خۆش ببا...))، بۆ ئەو سەرنجە، بەندە پێموایە ئەمەریکاییەکان، گوێگرێکی چاکی ئینگلیزن، کەئەوان دەزانن سرووشتی پێکهاتەکانی عێراق چۆنە، بەشیعە و سوننە و کوردیشەوە، جگە لەوەش ئەوان چەندان ((سینکتانکیان)) هەن و بۆ هەربابەتێك، بەپێی لێکۆڵین وبۆچوونی پسپۆرەکانیان کاردەکەن، جا ئەگەر هەمووکات داوایان لەکورد کردبێت لەمافی خۆی خۆشبێت، ئەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کورد لەلایان کارتە کەم بەهاکەیە و دەکرێت بکرێتە قۆچی قوربانی، پێشموانییە، کە نەزانن ژێربەژێر شیعە چیدەکەن و خواستیان چییە، بەڵام ئەوە خودی ئەمەریکایە، کە چاو لە هێندێك شت دەنووقێنێت و بۆ هێندێکیش وایدەردەخات کە هەڵەی کردووە، ئەوەی لەعێراقدا دەگوزەرێت شتێکی پێشبینی نەکراو نییە بۆیان، بەتایبەت کە ئەمەریکا خۆی خاوەنی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەیە، بۆیە نەك تەنیا عێراق، بەڵکو لەوڵاتەکانی سووریا و لوبنان و لیبیا و یەمەن و میسر و ئێران و تەنانەت تورکیاش بوومەلەرزەیەك خولقێنراوە، ناوچەی ئەو بوومەلەرزەیە گۆرانی بەسەردادێت، چاکترین هەلومەرجیش بۆ گۆرین، باری ئابوورییە، کەواتە بالەباری ئابووریی ئەو وڵاتانە بروانین، بزانین چۆن دارمێنراوە، ئاشکراشە کە دارمانی ئابووریی، زنجیرەیەك دارمانی تر دێنێتە بەرهەم. پرس لێرەدا ئەوەیە، ئایا هەرێمی کوردستان تا (٢٠١٤) دوورگەیەك نەبوو، کە هەلی جێگیربوون و بەخۆداهاتنی بۆ رەخسابوو؟ ئایا ئێمەی کورد بەو ئاراستەیەدا کارمان کرد، کە مرۆڤی کورد والێبکات بەخاکەکەیەوە بنوسێت؟ ئایا وامانکرد، کە بۆ دەرودراوسێ ببینە نموونەی باڵا؟ پێموایە ئەوەی لەم دوو دەیەیەدا بەسەرمان هاتووە، ئۆباڵی زۆری لەئەستۆی خۆماندایە، نەك دەرەوە.

لە ل (٥٣)دا، باس لەوە کراوە، کە سەرەتای (٢٠١٤) ناوەند بودجەی هەرێمی بری ((دەستکراوە بە هەڵمەتی چەواشەکاری و شێواندنی راستییەکان و دروستکردنی دۆخێك، کە هەرکەس زیاتر دژایەتی کورد بکات، ئەوا پێگەی جەماوەریی بەرزتر دەبێ و لە هەڵبژاردنیش دەنگی زیاتر دەهێنێت))، بەراستی ئەوە یەکێکە لە گرێ دەروونییەکانی دانیشتووانی عەرەبی عێراق بەسوننە و شیعەیانەوە، چونکە پاڵەوان لەلایان ئەو کەسەیە کە بتوانێت بەدەر لەهەرشتێکی مرۆیی و رەوایەتی، بەرامبەرەکەی تێکبشکێنێت، دیارە ئەوە خوویەکی کۆنی ژیانی بیابانشینییە، ئەو خووەیەشیان لەگەڵ هاورەگەزی خۆیشیاندا بەردەوامبووە، بۆیە کاتێك بەرەو نەتەوەی ئێمە ئاراستە دەکرێت، ئیتر کۆچەرێك و خوێندەوارێك و دنیادیدەیەکیان جیاوازییان نامێنێت، دەنا بەرێز(عەببادی)یەك، کەچەندان ساڵ لەئەوروپا ژیاوەو خوێندنی باڵای خوێندووە و دەشیزانی دەستوور و مافی مرۆڤ چی دەڵێت، لەگەڵ ئەوەشدا، کەباس هاتە سەر دژایەتیکردنی کورد و ریفراندەمەکەی، جلی زەیتوونیی بۆلەبەرکردین و

**ئەمەریکاییەکان، گوێگرێکی چاکی ئینگلیزن، کەئەوان دەزانن سرووشتی پێکهاتەکانی عێراق چۆنە، بەشیعە و سوننە و کوردیشەوە، جگە لەوەش ئەوان چەندان ((سینکتانکیان)) هەن و بۆ هەربابەتێک، بەپێی لێکۆڵین وبۆچوونی پسپۆرەکانیان کاردەکەن، جا ئەگەر هەمووکات داوایان لەکورد کردبێت لەمافی خۆی خۆشبێت، ئەوە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە کورد لەلایان کارتە کەم بەهاکەیە و دەکرێت بکرێتە قۆچی قوربانی**

**ئەمەریکا خۆی خاوەنی پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەراستی گەورەیە، بۆیە نەک تەنیا عێراق، بەڵکو لەوڵاتەکانی سووریا و لوبنان و لیبیا و یەمەن و میسر و ئێران و تەنانەت تورکیاش بوومەلەرزەیەک خولقێنراوە، ناوچەی ئەو بوومەلەرزەیە گۆرانی بەسەردادێت**

**ئایا هەرێمی کوردستان تا (٢٠١٤) دوورگەیەک نەبوو، کە هەلی جێگیربوون و بەخۆداهاتنی بۆ رەخسابوو؟ ئایا ئێمەی کورد بەو ئاراستەیەدا کارمان کرد، کە مرۆڤی کورد والێبکات بەخاکەکەیەوە بنووسێت؟ ئایا وامانکرد، کە بۆ دەرودراوسێ ببینە نموونەی باڵا؟ پێموایە ئەوەی لەم دوو دەیەیەدا بەسەرمان هاتووە، ئۆباڵی زۆری لەئەستۆی خۆماندایە، نەک دەرەوە**

وەك كۆلكە سەددامێك كەوتەوە هەڕەشە و گوڕەشە، ئەوە لە كاتێكدا، كەهەر ئەو بەڕێزە ئەو دەمەی كاك مەسعود لەئەوروپا، پرسی ریفراندەمی لەگەڵدا باسكردووە، هیچ گرژییەكی دەرنەبڕیووە، هەروەك چۆن (هادی العامری) سەبارەت بەقسەكانی كاك مەسعود، كە وتوویەتی: ((بەپێی ئاماژەكان دەبێ شەڕ لەنێوانماندا رووبدات))، (عامری) وتوویەتی: ((ئەعوزو بیللا موستەحیلە نابێ شەڕ لەنیوانمان رووبدات))، دوواتر ئایەتێكی قورئانی پیرۆزی لەبارەی جیابوونەوەوە هێناوەتەوە و گوتوویەتی: ((فامساك بمعروف او تسریح باحسان)) ئەم قسە شیرینەی عامری بە بۆچوونی بەندە، رێك هەڵسوكەوتە بەپێی (مبدأ التقیة) چونكە ئەوساتە وەختە گڵۆپی سەوزیان لەلایەن زلهێزانەوە بۆ هەڵنەكراوە، هاوكات پلان و پیلان و ئامادەكارییەكانیان لەگەڵ دەوروبەر و هاوكارانیاندا بەكۆتا نەگەیاندووە، دەنا شێوازی لۆجیكی و نەرم لەگەڵ ئاوەزمەندیی (بداوە)دا، ئەگەر لەپێگەی هێزدابن، بابەتێكی چاوەڕوانكراو نییە.

پەیامی بەڕێز (دۆگلاس سلیمان) بۆ كاك مەسعود، كە گوایە: ((دنیا گۆڕاوە، ئیمڕۆ دوێنێ نییە، پێویستە بەخۆتاندا بچنەوە))، بەڕاستی ئەم فەرماییشتە لە باڵوێزی ئەمەریكاوە، كە لە كورد باشتر ئاگاداربووە، چۆن هێزو ئەفسەری وڵاتانی هەرێمیی، كە نەك تەنیا هاوكاری حكوومەتی ناوەندبوون، بەڵكو ئاڕاستەكارو فەرماندەش بوون، ئەمە خۆی سووكایەتی بووە بە خودی ئەمەریكا وەك زلهێزێك، كە خۆی بەپارێزەری مافی مرۆڤ ودیموكراسییەت دەزانێت، دڵنیاشم لەچەند ساڵی داهاتوودا لەناو ناوەندە (سینكتانكەكان)یاندا وەك هەڵوێستێكی نەك تەنیا دژ بە كورد، بەڵكو دژ بەشكۆی ئەمەریكاش لێكدەدرێتەوە.

هەڵوێستێكی پڕ سەروەریی كاك مەسعود ئەوە بووە، كە دووای هاتنە ناوەوەی نوێنەری وڵاتانی هەرێمیی لەسایەی (عەببادی)دا، كاك مەسعود، بڕیاریداوە، كە: ((چیتر تیمی دانووستانكاری ئێمە لەگەڵیاندا دانەنیشن)). من ئەم هەڵوێستە زۆر بە لەبار دەزانم، بگرە پەیامێكی گرنگیش بووە، بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق، لەوەدا كە ئەوان لەوە دەرچوون، خۆیان بڕیار بدەن، چونكە تەراتێنی نوێنەرانی ناعێراقیی لە پرسێكی ناوخۆیی عێراقدا، هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە، كە دەستوور و سەروەریی عێراق كراونەتە سفری دووای فاریزە.

سەبارەت بە (وتەی كۆتایی) كتێبی (بۆ مێژوو..)، كە تێیدا هاتووە: ((لە شازدەی ئۆكتۆبەردا ناحەزانی گەلی كوردستان نیازی ئەوەیان هەبوو، ئەگەر بۆیان بكرێت ئەزموونی هەرێمی كوردستان لەناوببەن)). دیارە ئەو بۆچوونە راستە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو نیازەیان پیش ئەو مێژووەش هەبووە، دەنا رزگاركردنی حەویجەیان نەدەخستە دووای مووسڵ، كە ئەوە لەلایەنی سەربازییەوە دروست نەبوو، هاوكات ئاماژەكان بۆ بڕوانەبوونیان بە مافی مرۆڤ و بە فیدراڵی، هێندە زۆربوون، كە بوواری گومان نەهێڵنەوە، ئەوان كەپێشتر پەلاماری كوردیان نەداوە، ئەوە توانا و دەرفەتیان نەبوو، هاوكات كەلێنی لەباریان لەناو كورددا دەستنەكەوتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئەوساتە وەختە لە هاوپەیمانانیان رانەدیبوو، كە چاوپۆشی لەكارێكی وابكەن، بەڵام هەركە توانا و هەل و چاوپۆشیی هاوپەیمانان و راوێژو هاوكاریی دەوروبەریان مسۆگەركرد، ئیتر لەقۆزتنەوەی نەپرنگانەوە.

لەل (١١٩)ی (وتەی كۆتایی) یەكەدا، هاتووە: ((رژێمەكانی پێشووی عێراق نەیانتوانی ناكۆكییە سیاسییەكان بكەنە ناكۆكیی جەماوەریی و نەتەوەیی و تایەفی، بەڵام لە (٢٠٠٣) و حوكمڕانە نوێیەكانی عێراق ئەمەیان كرد)). پێموایە ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، كە لە ڕۆژگاری پاشایەتییەوە، تا (٢٠٠٣) هەرگیز وڵاتانی دەوروبەر نەیانتوانیووە دەستوەربدەنە ناو عێراقەوە، بەڵام دووای ٢٠٠٣ ئەوە بەچاكی رەخسا، لەبەرامبەردا هەلێك بۆ شیعە هەڵكەوت، كە وردە وردە پێگەی خۆی لە دەسەڵاتدا توند بكات، هاوكات هەمیشە لەترسی ئەوەشدابێت، كەئەم دەسەڵاتەی لەدەستبچێت و قووڵایی ستراتیجیی سوننە، كە وڵاتانی عەرەبی بوون لە بەرژەوەندیی سوننە بێنە سەرخەت، بۆیە هێدی هێدی ڕێگەیان بۆ ئێران كردەوە، بەڕادەیەك لەوە دەچوو كە ژێربەژێربێت، هاوپەیمانانیش هەڵوێستی رژدیان بەرامبەر لەئەو هاتنە ناوەوەیە نەبوو، بۆیە هەموو ئەوانە پێكەوە وایكرد كەناكۆیییەكان بكرێنە تایەفی و نەتەوەیی و... تاد، سەبارەت بە كورد و هەرێمی كوردستان، ئەوا پێش ئەوەی شیعەی عێراق لەبیری دژایەتیكردنی ئەزموونی كورددابن، وڵاتانی دەوروبەر ئەو ترسەیان هەبووە، بۆیە بە

**بەڕێز(عەببادی)یەک، کەچەندان ساڵ لەئەوروپا ژیاوەو خوێندنی باڵای خوێندووە و دەشیزانی دەستوور و مافی مرۆڤ چی دەڵێت، لەگەڵ ئەوەشدا، کەباس هاتە سەر دژایەتیکردنی کورد و ریفراندەمەکەی، جلی زەیتوونیی بۆلەبەرکردین و وەک کۆلکە سەددامێک کەوتەوە هەڕەشە و گوڕەشە، ئەوە لەکاتێکدا، کەهەر ئەو بەڕێزە ئەو دەمەی کاک مەسعوود لەئەوروپا، پرسی ریفراندەمی لەگەڵدا باسکردووە، هیچ گرژییەکی دەرنەبڕیووە**

**پەیامی بەڕێز (دۆگلاس سلیمان) بۆ کاک مەسعوود، کە گوایە: ((دنیا گۆڕاوە، ئیمڕۆ دوێنێ نییە، پێویستە بەخۆتاندا بچنەوە))، بەڕاستی ئەم فەرماییشتە لە باڵوێزی ئەمەریکاوە، کە لەکورد باشتر ئاگاداربووە، چۆن هێزو ئەفسەری وڵاتانی هەرێمیی، کە نەک تەنیا هاوکاری حکوومەتی ناوەندبوون، بەڵکو ئاڕاستەکارو فەرماندەش بوون، ئەمە خۆی سووکایەتی بووە بە خودی ئەمەریکا وەک زلهێزێک، کە خۆی بەپارێزەری مافی مرۆڤ ودیموکراسییەت دەزانێت**

**تەراتێنی نوێنەرانی ناعێراقیی لە پرسێکی ناوخۆیی عێراقدا، هیچ گومانێک ناهێڵێتەوە، کە دەستوور و سەروەریی عێراق کراونەتە سفری دووای فاریزە**

ئازاد جوندیانی

سیاسەتمەدار و چاودێری سیاسی لە دیمانەیەکی گوڵاندا:

# کوردستان پڕاوپڕە لەو گەنجانەی کە هەموو ئەنگێزەو خەیاڵیان ئەوەیە ببنە سوارەی سەربەخۆیی

هەستکردن بە دیاردەی نامۆبوونی نەتەوەیی و دەرکەوتنی خەڵکانێك کە حەسرەت دەکێشن بۆ ئەوەی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان نەمێنێت و، ئیرادەی خۆمان تەسلیمی بەغدا بکەینەوە، ئەمە دیاردەیەکی سەیر و سەمەرەیەو هەڵوەستەکردنی جددی پێویستە، لەمەش گرنگتر مەترسییەکە لەوەدا زیاتر بەرجەستە دەبێت، کە نەوەی دوای راپەڕین کۆمەڵکوژی و ئەنفال و ژینۆسایدی رژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراقیان نەبینیوە، نازانن نەتەوەی ئێمە چ کارەسات و دەردەسەرییەکی بینیوە، لەلایەکی دیکەوە بوونی چەکدارانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان و گێچەڵفرۆشتنیان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمەش کێشەیەکی دیکەی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە، سەرباری ئەوانەش حکومەتی عێراق بودجە و مووچەی کردووە بە کارتی گوشار بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسانە و چەندین پرسی هەنووکەیی، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ ئازاد جوندیانی سیاسەتمەدار و چاودێری سیاسی ئەنجام دا و، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.



**یەک بازاڕی و سەنترالبوونی بەغدا بۆ ئەو بازاڕە ڕۆڵی زۆری هەبووە لە بادانەوەی ڕێژەی رای گشتیی کوردستان بە لای بەغدادا**

**هەر حکومەتێک لە بەغدا حوکمڕانیی کردبێت، هەمان سیاسەتی بەرامبەر کوردستان پیادە کردووە کە کۆمەڵکوژی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بووە**

**بەرەی خۆبەدەستەوەنەدان کاراکتەری بەهێزی ئەوتۆی هەیە، کە دەتوانێت دۆسیێ «خۆبەدەستەوەنەدان» ڕێبەرایەتی بکات و بەڕێوەی ببات و سەرکەوتووش بێت**

*** لە ئێستادا هەست دەکرێت کە جۆرێك لە نامۆبوون بەرامبەر مەسەلەی نەتەوەیی لە کوردستان هەیە، لە هەندێك شوێن ژینگەیەك دروست بووە کە یاری بە چەمکەکانی کوردایەتی دەکرێت، بە رای ئێوە ئەم نامۆبوونە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

-ئەگەر راستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکەتان بدەمەوە، بە بۆچوونی من دیاردەی نامۆبوون بە پرسی نەتەوەیی لە کوردستان شتێکی تازە نییە، بەڵکو ئەم پرسە پەیوەندی بە کێشەی نەتەوەیی کورد لەگەڵ هەیکەل و بونیادی دەوڵەتی عێراقەوە هەیە، ئەو حکومەتانەی بە درێژایی سەد ساڵی رابردوو هاتوونەتە سەرکار، دەرهاوێشتەو رەنگدانەوەی ئەو بونیادەن، زۆر پێویستە تێکڕای خەڵکی کوردستان و رووناکبیران و بزنێسمان و ئابووریزان و ئەکادیمییەکان لەو هەقیقەتە تێبگەن کە کێشەی بنەڕەتیی نەتەوەی کورد لە عێراقدا، لە بوونی ئەو حکومەتانەدا کورت ناکرێتەوە، چونکە کێشەکە لەگەڵ خودی دەوڵەتی عێراقدایە. نامۆبوونەکە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، بەڵام رێژەی هەیە، ئەویش بەرهەمی هەردوو تێزی عێراقیبوون و کوردستانیبوونە، یان بە دەربڕینێکی دیکە ململانێی نێوان ئینتیمایە بۆ نەتەوە، یان بۆ دەوڵەت کە بە پێی هەلومەرجەکان تەرازووی ئەو دوو تێزە لای کورد ناهاوسەنگ بووە، بەڵام یەك بازاڕی و سەنترالبوونی بەغدا بۆ ئەو بازاڕە رۆڵی زۆری هەبووە لە بادانەوەی رێژەی رای گشتیی کوردستان بە لای بەغدادا. هەمیشە لای زۆرێك لە خەڵك و دەستەبژێرەکانیش هەبوونی دەوڵەتێك و بازاڕێکی بەیەکتر گرێدراو، وا بینراوە کە بەسە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەك دروست بکات، بەڵام ئەزموونی کورد لەگەڵ بەغداو لەو سەریشەوە ئەزموونی بەغدا لەگەڵ کورد بە رادەیەکی زۆر ئەو تێزەی سەرەوەی بەتاڵ کردووەتەوە.

*** ئایا هۆکاری وابەستبوونی کوردستانی باشوور بە عێراقەوە، تەنیا ئەوەیە کە بازاڕ و ئابووریی کوردستان وابەستەی بازاڕ و ئابووریی سەنتراڵی دەوڵەتی عێراق بووە؟**

- نەخێر، ئەو وابەستەییە هۆکاری یەکەمی ئەوەیە کە کوردستانی باشوور بە زۆرەملێ و بە بڕیاری نێودەوڵەتی بە عێراقەوە لکێندراوە، لە دەرهاوێشتەی ئەوەدا هۆکارگەلی دیکە هاتنە ئاراوە، ئەگەر بوار هەبوو دواتر ئاماژەیان پێ دەکەم، بەڵام من بۆیە پرسی ئابووریم کرد بە چەقی ئەم باسە، لەبەر ئەوە بوو کە چاوێك بە مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقدا بخشێنینەوە و لە ناو ئەو مێژووەدا وەڵامێکی شایستە هەڵبهەنجێنین. لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق تا دوای ساڵی ١٩٩١، کە دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان دروست بوو، ئێمە لە رووی ئابووری و بازاڕەوە وابەستەی ئابووری و دارایی و بازاڕی سەنتراڵی عێراق بووین، ئەمەش لە شەتەکدانی کورد بە بەغدا رۆڵی زۆری هەبوو، هەروەها رژێمەکانی عێراق لە سەردەمی پاشایەتی و کۆماریدا ئەوەی پێیان کرا دەرهەق کوردستان و نەتەوەی کورد کردیان، تا کار گەیشتە ئەنفال و کیمیابارانکردنی کوردستان. مێژووی ئەم چەوسانەوە و غەدرەش بە درێژایی ٧٠ ساڵ تا دەگاتە ساڵی ١٩٩١، پێمان دەڵێت، هەر حکومەتێك لە بەغدا حوکمڕانیی کردبێت، هەمان سیاسەتی بەرامبەر کوردستان پیادە کردووە کە کۆمەڵکوژی و سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بووە، بەڵام دوای ئەوەی دیفاکتۆی ئەزموونی حوکمڕانیی کوردستان لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١هاتە ئاراوە، دەرفەتێکمان بۆ هاتەپێش کە بتوانین بازاڕ و ئابووریی خۆمان تا ئەندازەیەکی زۆر ئازاد بکەین و بیبەستینەوە بە دەوڵەتانی دیکەی هەرێمی و هەروەها نێودەوڵەتیشەوە، تەنیا پەیوەندییەکی لاواز لە نێوان ئابووری و بازاڕی هەرێمی کوردستان و عێراقدا مابوو، چیتر بەغدا وەك ناوەندێکی حەسری بۆ ئابووری و بازاڕی کوردستان نەما، ئەمەش وایکرد بتوانین تاساڵی ٢٠٠٣ وەك دەوڵەت (دەسەڵات)ێکی دیفاکتۆی خۆمان بەڕێوە ببەین و، ئابووریی خۆمانمان هەبێ. وێڕای هەموو لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکان و هەروەها گەمارۆی ئابووریی رژێم و نێودەوڵەتیش، توانرا بە شێوەیەك ژیانی کوردەواری رێکبخرێتەوە، کە بەراورد بە ژیان لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق باشتر بوو. دوای رووخانی رژێم هەوڵەکانی لایەنی کوردستانی لە پڕۆژەی نووسینەوەی دەستووری

عێراقدا، بەو ئاراستەیە بوو کە ئیشکالییەت و کێشەی بونیادی دەوڵەتی عێراق، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی و لەسەر بنەمای دابەشکردنی داهات و دەسەڵات لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت، ئەمەش لە دیدی مندا مانای ئەوەیە هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو دەستوورەدا مافی ئەوەی هەیە کە جارێکی دیکە بە شەتەکدراوی وابەستەی بازاڕ و ئابووریی سەنتراڵی عێراق نەبێت و، هەرێمی کوردستان بەپێی مادده و بڕگەکانی دەستوور ببێتە خاوەنی ئابووری و بازاڕی خۆی، بەڵام حکومەتەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٥ کە بەحیساب بەرهەمی هەڵبژاردن بوون لە عێراق، ئەوانیش وەك حکومەتەکانی سەد ساڵی رابردوو هەمان رەفتاریان کرد و، دەستوورەکەیان جێبەجێ نەکرد، تا ئەوەی ئیشکالییەتی بونیادی دەوڵەتەکە وەك دەوڵەتێکی دروستکراو لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر ببێت، بۆ ئەمەش بە شێوازی جۆراوجۆر ئەو دوو بنەما سەرەکییەیان پێشێل کرد، کە بە حیساب دەوڵەتی فیدراڵیی عێراقی لەسەر دامەزرابوو، کە مەبەستم دابەشکردنی عادیلانەی داهات و دەسەڵاتە، تا سەرەنجام گەیشتینە ئەو ئاستەی کە ئێستا هەیە، کە بەشداریی کورد لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتدا کە نە بەپێی بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و شەراکەتی راستەقینەیە و نە لە پرۆسەی دابەشکردنی داهاتیشدا، پشکی هەرێمی کوردسستان بە خەڵکی کوردستان رەوا دەبینن، بە پێچەوانەوە ئێستا بە ئاشکرا هەوڵیان بۆ ئەوەیە کە بە هۆی بەکارهێنانی کارتی داهات، کوردستان ناچار بکەن، تەسلیمی بەغدا ببێت.

*** بەڵام ئێستا لەسەر ئاستی گرووپێك لە پەرلەمانتارانی کورد لە بەغدا و هەروەها لێدوانی بەشێك لە سەرکردایەتیی حزبە سیاسییەکانی کوردستانەوە هەق دەدرێت بە بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوانبار دەکرێت؟**

- بەڕاستی من زۆر گوێ لە قسەی ئەو پەرلەمانتارە سەیر و سەمەرانە ناگرم، لەبەر ئەوەی تێبینی ستراکتۆریم لەسەر دیموکراتییەتی عێراق هەیە، بەتایبەت کە لەم قۆناخەدا کە کوردستان سەربەخۆ نییە، پێش هەموو شت ئێمە پێویستمان بەوەیە کە یەکڕیز و یەکگرتوو بین، لێرەدا حەزدەکەم نموونەیەکی تاڵ بۆ هەموو خەڵکی کوردستان باس بکەم و ئەو پرسیارە بوروژێنم: بۆچی هەموومان دژی شەڕی ناوخۆین؟ دیارە بەر لە هەرشتێك لەبەر ئەوە دژی شەڕی ناوخۆین، تا شەڕی براکوژی نەبێت و خوێن نەڕژێ، چونکە کوردەواری و کوردایەتی کەرت و پەرت دەکات و، دواجار لە ئامانجە سەرەکییەکە (سەربەخۆیی) دوورمان دەخاتەوە. بەداخەوە ئەوەی ئێستاش لە کوردستان پێی دەوترێت دیموکراتی، کۆمەڵگەی کوردەواری دابەش کردووە و، نەبۆتە فاکتەری یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی دروست نەکردووە و، لە ئامانجە سەرەکییەکە نزیکی نەکردووینەتەوە، بۆیە من هەر پرۆسەیەك بە دیموکراتییەتیشەوە رەت دەکەمەوە کە نەتەوەکەم مەسەلەکەی پەرت بکات، ئەمەش لەماوەی نزیك بە ٣٠ ساڵ لە کوردستاندا ئەزموون کراوە، کە ئەم مۆدێلەی دیموکراسی (پەرتکەر)ـە نەك (کۆکەرەوە). لێرەدا کێشەکە تەنیا ئەو گرووپە پەرلەمانتارانە نییە کە بە کوردایەتی ناکۆك و دژن، بەڵکو مەبەستم هەندێ توێژی دیکەیشە، ئەو پەرلەمانتارانەی کە بانگەشە بۆ خۆبەدەستەوەدانی هەرێمی کوردستان دەکەن، ئەمانە لەو کاتەوەی دەبنە ئەندام پەرلەمان خۆیان لە بەهاکانی نەتەوە دادەماڵن و تەنیا بیر لەوە دەکەنەوە لەسەر حیسابی بەهاو بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورد، دەنگ بۆ خۆیان و حزبەکەیان کۆبکەنەوە. بۆیە من هەر جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکەمەوە کە دەبێت هەمووکات وێردی سەر زاری هەموومان ئەوە بێت کە کێشەی کورد لەگەڵ حکومەتەکان نییە و لەگەڵ بونیادی دەوڵەتی عێراقە، بە پەیکەرەکەشیەوە.

*** دیارە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان لە پێناوی ئەوەدا هەڵگیرساون کە تاکی کورد لە نامۆبوونی نەتەوەیی و حەزکردن بە کۆیلەیەتی رزگار بکەن، بەڵام ئێستا نامۆبوونی نەتەوەیی و حەزکردن بە کۆیلایەتی بۆتە بەرەیەك و دژی ئەو بەرەیە شەڕ دەکات کە بڕوای بە سەربەخۆیی هەیە و نایەوێت چی دیکە کۆیلە بێت، رای ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

**هەوڵەکانی لایەنی کوردستانی لە پرۆژەی نووسینەوەی دەستووری عێراقدا، بەو ئاراستەیە بوو کە ئیشکالییەت و کێشەی بونیادی دەوڵەتی عێراق، لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵی و لەسەر بنەمای دابەشکردنی داهات و دەسەڵات لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکرێت**

**حکومەتەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٥ کە بەحیساب بەرهەمی هەڵبژاردن بوون لە عێراق، ئەوانیش وەک حکومەتەکانی سەد ساڵی رابردوو هەمان رەفتاریان کرد و، دەستوورەکەیان جێبەجێ نەکرد**

**بەداخەوە ئەوەی ئێستاش لە کوردستان پێی دەوترێت دیموکراتی، کۆمەڵگەی کوردەواری دابەش کردووە و، نەبۆتە فاکتەری یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی دروست نەکردووە و، لە ئامانجە سەرەکییەکە نزیکی نەکردووینەتەوە**

**دەبێت هەر تاکێک، یان هەر هاووڵاتییەکی کوردستان پێشان خۆی ئازاد بکات و بە کۆیلەبوونی خۆی و داگیرکردنی وڵاتەکەی رازی نەبێت، کە ئەم قەناعەتە دروست بوو پرۆسەی ئازادکردن و سەربەخۆبوونی نیشتمان دەکەوێتە سەر راستەڕێی خۆی**

**لەسەر ئاستی ناوەند و سەنتەرەکانی توێژینەوە (چ ئەوانەی سەر بە زانکۆکانن، یان سەربەخۆن)، ئیهمالکردنێکی بەرچاوی مێژووی کورد و ئەو تێزە سیاسی و کۆمەڵناسییانە هەیە کە دەبنە هۆکار بۆ نەمانی دیاردەی حەزکردن بە کویلەبوون و داگیرکردنی نیشتمان**

**ئومێدەوارم لە ئێستاشدا، کە بەغدا بە ئامانجی سیاسیی گوماناوییەوە دەیەوێت هەرێم لاوازو لاوازتر بکات و تەنانەت ئەگەر بۆی بکرێت هەر نەشیهێڵێت، ئەوا ساتێکی کوردیی تازە بێتە ئاراوە و هەموومان پێکەوە لەو بەرەیەدا خۆمان رێکبخەینەوە کە ئێستا پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و نەتەوەی کوردی لە ئەستۆ گرتووە**

- پێش هەموو شت من کۆمەڵگەی کوردستان تەنیا لە میانەی تاکەکانەوە نابینم، بەڵکو کۆمەڵگەی کوردستان (تاك و گرووپ) یشە و تاکەکان لەوێدا دەبینم، لێرەدا ئەگەر ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین کە بۆچی ماوە ماوە دیاردەی نامۆبوونی نەتەوەیی و حەزکردن بە کۆیلایەتی جارێك بەشێوەی نەرم و جاری دیکەش بە شێوەی توندوتیژ سەر هەڵدەداتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ناچارم نموونەیەك بهێنمەوە و هیودارام ئەوانەی رۆژانێك چەکداری دەوڵەتی عێراق بوون، دڵگران نەبن، لەبەر ئەوەی مەبەستم هەموو ئەوانەیە کە چەکدار بوون (چەکداری فەوجەکانی خەفیفە، جیش شەعبی، ئەو کوردانەی لە ناو سوپای عێراقدا بوون تا دەگاتە پۆلیسیش)، کە بە تەنیا ژمارەی چەکدارە کوردەکانی ناو فەوجەکانی خەفیفە زیاتر لە ٦٠٠ هەزار چەکدار بوون، لە بەرامبەردا ئێمە کە لە دوای ئەنفالەکان پێشمەرگە بووین، کۆی ژمارەی پێشمەرگەی تێکڕای لایەنە سیاسییەکان بە «پێشمەرگەی کارا و ناکارا»ـەوە، ٢٠ هەزار پێشمەرگە دەبوو، یان نەدەبوو، پرسیاری دیکەش ئەوەیە داخۆ ئەو بەراوردە چییە و چیمان پێ دەڵێت؟ بۆ وەڵامی ئەمەش پەنا دەبەمە بەر بیرمەندێکی گەورەی عەرەبی جەزائیری کە ناوی (مالك بن نەبی) یە، لەبارەی حەزکردن بە کۆیلەبوون لای تاکی نەتەوەیەك تیۆرێکی لەسەر ئەو تاکانەی نەتەوە بینا کردووە، کە ئامادەگییان تێدایە ببنە کۆیلە و بە داگیرکردنی وڵاتەکەیان رازی ببن، ئەگەر لە روانگەی تیۆرەکەی (مالك بن نەبی)یەوە بگەڕێینەوە بۆ کتێبە بەناوبانگەکەی بیرمەندی گەورەی تورك ئیسماعیل بێشکچی بە ناونیشانی (کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی) یە، ئەوا دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە کۆمەڵێك هۆکار لە پشت ئەو نامۆبوون و حەزکردن بە کۆیلەبوون و رازیبوون بەداگیرکردنی وڵاتەکەدا هەیە و، ئەو کۆمەڵە هۆکارە دیاردەی (دژە نەتەوە) بەرهەم دەهێنێت، کە من لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێ دەکەم:

١- ئەگەر بە وردی کتێبی (کوردستان کۆلۆنییەکی نیودەوڵەتییە) بخوێنینەوە و شی بکەینەوە، ئەوا دەزانین ئێمە نەتەوەیەکین وەك نەتەوە ژێردەست کراوین و نیشتمانەکەشمان کە کوردستانە داگیرکراوە. پرسیار ئەوەیە ئێمە دەبێت لە پێشان خۆمان وەك نەتەوەیەکی داگیرکراو رزگار بکەین، یان نیشتمانەکەمان؟ بە بۆچوونی من دەبێت هەر تاکێك، یان هەر هاووڵاتییەکی کوردستان پێشان خۆی ئازاد بکات و بە کۆیلەبوونی خۆی و داگیرکردنی وڵاتەکەی رازی نەبێت، کە ئەم قەناعەتە دروست بوو پرۆسەی ئازادکردن و سەربەخۆبوونی نیشتمان دەکەوێتە سەر راستەڕێی خۆی، بەڵام لە کوردستاندا وەك پێویست ئەمە نەکراوە، بۆیە هێشتا خەڵکانێك هەن، بە کۆیلەبوونی خۆیان و داگیرکردنی وڵاتەکەیان رازین، کە رێژەی ئەوانەش بەپێی هەلومەرج لە بەرزی و نزمیدایە.

٢- لەسەر ئاستی ناوەند و سەنتەرەکانی توێژینەوە (چ ئەوانەی سەر بە زانکۆکانن، یان سەربەخۆن)، ئیهمالکردنێکی بەرچاوی مێژووی کورد و ئەو تێزە سیاسی و کۆمەڵناسییانە هەیە کە دەبنە هۆکار بۆ نەمانی دیاردەی حەزکردن بە کویلەبوون و داگیرکردنی نیشتمان، دەپرسم: ئایا زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە تا چەند بایەخیان بە فکری ئیسماعیل بێشکچی داوە و چەند نامەی ماستەر و دکتۆرا و توێژینەوەی زاستی بۆ (تەرقیة)ی لەسەر ئامادە کراون؟ ئایا زانکۆ و ناوەندەکانی توێژینەوە تاچەند بایەخیان بە کتێبی «شەرەفنامە»ی شەرەفخانی بتلیسی داوە و، تاچەند لەسەر میتۆدی نووسینەوەی مێژوو لای شەرەفخان و تایبەتمەندییەکانی خوێندنەوەی ورد و توێژینەوەی قووڵی لەسەر کراوە؟

*** وێڕای ئەوەی دیاردەی نامۆبوونی نەتەوەیی ماوە ماوە سەرهەڵدەداتەوە، بەڵام لە ناو مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستاندا دیاردەی هۆشیاریی نەتەوەیی ماوە ماوە سەری هەڵداوەتەوە و حاڵەتی یەکڕیز و یەکبوونیشمان بینیوە، لەم بارەیەوە راتان چییە؟**

- بەڵێ، ئەم دیاردەیەش هەیە، بەڵام لەمیانەی رووپێوکردنم بۆ مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی هاوچەرخی کوردستان ناوم لێناوە (ساتەکانی کورد)، ئەمەش واتە ئەو ساتانەی کە (کوردبوون) هەموومان پێکەوە کۆدەکاتەوە، لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەدەم:

١- لەساڵی ١٩٧٢دا، لەو کاتەی ڕێککەوتننامەی ئادار لەنێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشی کوردستان لە ئارادا بوو، پەیوەندی لە نێوان کوردستان و بەغدا هەبوو، لەو کاتەدا بە هۆی ڕەفتارەکانی بەغداوە کێشەیەك دروست بوو، ئەوە بوو لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولەوە بڕیار درا کە مانگرتن لە کوردستان ڕابگەیەندرێت، مانگرتنەکەش لە هەموو شارەکانی کوردستان ئەنجام درا و سەرکەوتوو بوو.

٢- لە ساڵی ١٩٧٤ دوای ئەوەی حکومەتی عێراق پەشیمان بووەوە لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ١١ی ئادار، بینیمان لە تێکڕای شارەکانی کوردستان بە دەیان و سەدان هەزار هاووڵاتی کوردستان بە (کورد و تورکمان و کلدو ئاشوری و سریانی) و بە (فەرمانبەر و مامۆستاو قوتابیانی زانکۆ و کاسبکار و جووتیارەوە، تەنانەت ئەوانەشیکە لە ریزی سوپا و پۆلیسی عێراقدا بوون، پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد.

٣- ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ یەکێکی دیکەیە لە ساتە نموونەییەکانی کورد، وەك پێشتر ئاماژەم پێ دا، ئەو سەردەمە تەنیا ژمارەی چەکداری فەوجە خەفیفەکان زیاتر لە ٦٠٠ هەزار چەکدار بوو، بەڵام لەو ساتەدا بە شێوەیەکی گشتی هەموو چەکدارە کوردەکانی سەر بە دەوڵەت هاتنە ریزی جەماوەر و پشتگیری و بەشدارییان لە ڕاپەڕین کرد. هەروەها لە کۆڕەوەکەشدا هەمان (ساتی کورد) دووبارە بووەوە. ئومێدەوارم لە ئێستاشدا، کە بەغدا بە ئامانجی سیاسیی گوماناوییەوە دەیەوێت هەرێم لاوازو لاوازتر بکات و تەنانەت ئەگەر بۆی بکرێت هەر نەشیهێڵێت، ئەوا ساتێکی کوردیی تازە بێتە ئاراوە و هەموومان پێکەوە لەو بەرەیەدا خۆمان ڕێکبخەینەوە کە ئێستا پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان و نەتەوەی کوردی لە ئەستۆ گرتووە.

*** پێش ئەوەی پرسیار سەبارەت بەو بەرەیە بکەم کە پاراستنی هەرێمی کوردستانی لە ئەستۆ گرتووە، کێشەیەکی دیکەمان هەیە، کە ئەویش بوونی چەکدارانی پەکەکەیە لە هەرێمی کوردستان، ئایا چۆن سەیری ئەم کێشەیە دەکەیت و تاچەند ئەم کێشەیە مەترسیی جددی لەسەر هەرێمی کوردستان دروست کردووە؟**

- لە ڕاستیدا ئەم کێشەیە لەم ساتەوەختەدا لە جاران مەترسیدارترە، بەڵام هێندەی من لێی تێدەگەم، ئەم مەترسییە بە توندی بەرۆکی پەکەکە خۆیشی دەگرێتەوە و واشی بۆ دەچم کە دواجار زەرەرمەندی یەکەم پەکەکە خۆی دەبێت. پەکەکە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ددانی بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا نەنا، تا ئێستاش کێشە بۆ سەراپای هەرێم دروست دەکات، بۆیە ئەوکات پەرلەمانی کوردستان بەناچاری بڕیاری شەڕی لە دژی پەکەکە دەرکرد، لەوکاتە هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە بوون و بڕیارەکەش لەلایەن سوپای یەکگرتووی کوردستانەوە جێبەجێ کرا. بەڵام دیسان بەداخەوە لەو کاتەوە تا ئێستا سەرکردایەتیی پەکەکە پێداچوونەوەیەکی دروستی بە سیاسەتەکانی خۆی لە بەرامبەر باشوور نەکردووە، یان ئەگەر پێداچوونەوەشی کردبێت، نەیتوانیوە، یان نەیویستووە بە تەواوەتی هەڵەکانی خۆی لەو بارەوە دەستنیشان بکات، لەوانەیە پەکەکە وا بیربکاتەوە کە حزبەکانی کوردستانی باشوور، یان حکومەتی هەرێمی کوردستان مەبەستیان ئەوە بێت کە پەکەکە نەمێنێت و تەفروتونا بکرێت، کە ئەمە وانییە، سەیر ئەوەیە ئەوان دژایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەن و بەردەوام شەڕی پێ دەفرۆشن، بەڵام بە شێوەیەکی ڕەها پارتی تاوانبار دەکەن، لە کاتێکدا ڕاستیی کێشەکە ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت و مەبەستێتی دەسەڵاتی یاسایی خۆی بەسەر هەموو هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێت، بۆ ئەوەی هەم ڕێگە لە بیانووەکانی دەستێوەردانی تورکیا و ئێران بگرێت و، هەم ناوچە سنوورییەکانیش ئاوەدان بکاتەوە و خزمەتگوزارییان پێ بگەیەنێت. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، نووسینێکم خوێندەوە تێیدا ئاماژە بەوە کرابوو، دەبێت یەکەمین هەنگاوی پەکەکە ئەوە بێت، ددان بە قەوارەی هەرێمی کوردستاندا بنێت، لە کاتێکدا ئەمە سەرەتاییترین پرەنسیپی ڕێزگرتنە لە سەروەریی هەرێم کەچی پەکەکە ئەوەش ناکات، لە ڕاستیدا ئەمە بێ بایەخکردنی هەرێمی کوردستان نەبێ، شتێکی

**پەکەکە لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ددانی بە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمدا نەنا، تا ئێستاش کێشە بۆ سەراپای هەرێم دروست دەکات**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت و مەبەستێتی دەسەڵاتی یاسایی خۆی بەسەر هەموو هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێت، بۆ ئەوەی هەم ڕێگە لە بیانووەکانی دەستێوەردانی تورکیا و ئێران بگرێت و، هەم ناوچە سنوورییەکانیش ئاوەدان بکاتەوە و خزمەتگوزارییان پێ بگەیەنێت**

**بوونی پەکەکە بەم شێوەیەی ئێستای لە هەرێمدا، هەمیشە هۆکارێک دەبێت بۆ ئەوەی نەک هەر تورکیا، بەڵکو دەوڵەتەکانی دیکەش دەست لە کاروباری ناوخۆی کوردستان وەربدەن**

دیکە نییە، لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان بە خوێن و خەباتێکی بێ شومار و بە جووڵەیەکی دیپلۆماتیی بەهێز و دانوستاندنێکی زۆر سەخت لەگەڵ بەغدا لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا، وەك دەستکەوتێك بۆ هەموو کورد بەدەست هێنراوە، بۆیە ئەگەر چارەسەری بۆ نەدۆزرێتەوە، لەوانەیە ئەو هەموو کێشمەکێش و تەقە و تۆقە سەربازییەی ئێستا، دواجار سەر بۆ شتی خراپتریش بکێشێ. لەم چوارچێوەیەدا و بۆ ئەوەی سەر بۆ خراپتر نەکێشێ، ئەوا پەکەکە هەنگاوێکی گرنگ هەیە پێویستە ئەنجامی بدات، ئەویش ئەوەیە کە دەبێت هەم حکومەتی هەرێم و هەم هەموو خەڵکی کوردستان و تەواوی لایەنە سیاسییەکان دڵنیا بکاتەوە، کە خۆی بە خاوەنی کوردستانی باشوور نازانێ، هەروەها دەبێت ددان بە هەرێمی کوردستان و دەسەڵات و سنوورەکانیدا بنێت، ئەوسا پەکەکە دەتوانێت خۆی بە دۆستی هەرێمی کوردستان بزانێت و، هەرێمیش لەبەرامبەردا وەك میوانی هەرێم بیناسێ و لێرەبوونیشی بەپێی یاساو رێساکان رێکبخات. خۆ ئەگەر ئەمە نەکرێت، ئەوە مەترسییەکە هەر دەمێنێت، کە لە راستیشدا مەترسییەکی ئاسان نییە، چونکە بوونی پەکەکە بەم شێوەیەی ئێستای لە هەرێمدا، هەمیشە هۆکارێك دەبێت بۆ ئەوەی نەك هەر تورکیا، بەڵکو دەوڵەتەکانی دیکەش دەست لە کاروباری ناوخۆی کوردستان وەربدەن، ئەم خوێندنەوەیە رم لێدان و مەزەندەکردن نییە، بەڵکو ئەو واقیعەیە کە ئێستا بە تۆخی هەیە.

*** دیارە بوونی چەکدارانی پەکەکەت وەك هەڕەشەیەك لەسەر قەوارەی هەرێمی کورستان و تەواوی حزبە سیاسییەکانی باشوور لە قەڵەم دا، لێرەدا پرسیار ئەوەیە دەبێت حزبە سیاسییەکان و خەڵکی باشوور چی بکەن بۆ ئەوەی رێگە لەم مەترسییە بگرن؟**

- پێش هەموو شت پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواوی هاووڵاتیانی کوردستان هان بدات، تا وڵاتی خۆیان خۆش بوێت، بەڵام خەڵکی باشووری کوردستان دەبێت لەوە ئاگادارو هۆشیار بن، کە ئەرکی راستەوخۆیان لە باشوورە، بۆ ئەوەی ئەمەش وەدی بێت، پێویستە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستانی باشوور بە ئەوانەی لە حوکمڕانین و ئەوانەش کە لە دەرەوەی حوکمڕانین، پێکەوە پەیماننامەیەکی سیاسیی نوێ ئیمزا بکەن، کە تیایدا ددان بە حاکمییەتی هەرێمی کوردستاندا بنێن، بەپێی دەستووری عێراق و بەپێی یاساو رێکارەکانی هەرێمیش. بۆیە وتیشم پەیماننامەیەکی سیاسیی نوێ، تا بابەتی مامەڵەکردن لە گەڵ پەکەکە و هەر هێزێکی دیکەی هاوشێوەی، بەستراوە نەبێت بە پەیوەندیی نێوان ئەم، یان ئەو حزب و سیاسەتی رۆژانەیان. پێویستیشە پەیماننامەکە لە رێی یاساناسانەوە چوارچێوەیەکی یاسایی هەبێت، بە جۆرێك کە هیچ دەرفەتێك بۆ پەکەکە نەهێڵێتەوە کە لە پشتی حزبێك، یان دەوڵەتێك بە عێراقیشەوە دەرفەت بۆ ئاڵۆزی بقۆزێتەوە.

*** مەبەستت لە هێشتنەوەی دەرفەت لە پشت حزب و دەوڵەتانەوە بۆ پەکەکە چییە، بەتایبەتی کە وتت بە حکومەتی عێراقیشەوە؟**

- پەکەکە لە پشتی بەغدا، یان وڵاتانی دیکەی هەرێمایەتی کە پەیوەندییان لەگەڵیان هەیە، توانیویانە هەر وەختێك ئەو دەوڵەتانە پێویستیان بووبێت، گوشاری زۆر لەسەر هەرێمی کوردستان دروست بکەن، راشکاوانە تورکیا و ئێران زۆر باش توانیویانە هەریەکەو بە جۆرێك، بوونی پەکەکە لە خاکی هەرێم بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنن، ئەمە مانای ئەوە نییە پەکەکە مافی ئەوەی نییە پەیوەندییەکی ئاسایی لەگەڵ دەوڵەتێکی ئیقلیمیدا هەبێت، بەڵام چوارچێوەیەکی فەرمیی وەربگرێت، ئێستا کاتی ئەوەیە راشکاوانە قسە بکەین، چونکە کێشەکە ئەوەیە پەکەکە پەیوەندیی لەگەڵ حەشدی شەعبی هەیە، نەك دامەزراوە فەرمی و مەدەنییەکانی دەوڵەتی عێراق، چونکە سەرەتای نوێکردنەوەی پەیوەندیی نێوان پەکەکە و بەغدا لە سەردەمی نوری مالیکدا بوو، ئەم پەیوەندییە راستەوخۆ بەسترایەوە بە سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی ئەوسا (فالح فەیاز) کە دواتر و ئێستاش سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبییە، بۆیە ئەگەر سەیر بکەین، پەکەکە بە ئاسانی لە شنگال دەتوانێ جلوبەرگی خۆی بگۆڕێت و جلوبەرگی حەشد

**تورکیا و ئێران زۆر باش توانیویانە هەریەکەو بە جۆرێک، بوونی پەکەکە لە خاکی هەرێم بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار بهێنن**

**پەکەکە پەیوەندیی لەگەڵ حەشدی شەعبی هەیە، نەک دامەزراوە فەرمی و مەدەنییەکانی دەوڵەتی عێراق، چونکە سەرەتای نوێکردنەوەی پەیوەندیی نێوان پەکەکە و بەغدا لە سەردەمی نوری مالیکدا بوو، ئەم پەیوەندییە راستەوخۆ بەسترایەوە بە سەرۆکی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی ئەوسا (فالح فەیاز) کە دواتر و ئێستاش سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبییە**

**ر پەکەکە بە ئاسانی لە شنگال دەتوانێ جلوبەرگی خۆی بگۆڕێت و جلوبەرگی حەشد لەبەر بکات و ئارم و لۆگۆی حەشد بە خۆیەوە بکات، تەنانەت خۆی وەک حەشدی شەعبی پیشان بدات**

لەبەر بکات و ئارم و لۆگۆی حەشد بە خۆیەوە بکات، تەنانەت خۆی وەك حەشدی شەعبی پیشان بدات، ئێستا پەکەکە تەقەمووسی کەسایەتیی حەشدی شەعبی دەکات، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی پەکەکە پەیوەندی لەگەڵ حەشدی شەعبی هەیە، نەك دەوڵەتی عێراق، ئەگەر پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی عێراق هەبوایە، لانیکەم وەزیری دەرەوەی عێراق کە کوردە دەیزانی. کاتێك دەڵێم پەیماننامە نوێیەکەی نێوان حزبە کوردستانییەکان بەو شێوەیە دەرەفەت و کەلێن بۆ پەکەکە نەهێڵێتەوە، باس لەو ناکۆکییەش دەکەم کە لە نێوماڵی کوردا لە دوای ریفراندۆم دروست بوو، کە لە ئەدەبییاتی سیاسیی کوردستاندا پێی دەگوترێت (خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر) و بە هۆیەوە کەرکووکمان لە دەست دا و، حەشدی شەعبی و سوپای عێراق گەڕانەوە کەرکووك و ناوچەکانی دیکە، بۆیە دەبینین ئێستا ئەنجام و لێکەوتەکانی ئەو کەلێنەی دروست کرد، کە حەشدی شەعبی تیایدا بێتە ژوورەوە و ((حەشدی شەعبی کوردی)) دروست بکات .

*** پەکەکە لەگەڵ ئەوەی بڕوای بە مەسەلەی نەتەوەیی نییە، بەڵام کە دەیەوێت دژایەتی هەرێمی کوردستان بکات، زۆر باسی مەسەلەی نەتەوەیی دەکات، ئایا ئەمە بە چ مەبەستێکە؟**

- ئەمەش کەلێنێکی دیکەیە، بۆیە دەڵێم دەبێت ئەو کەلێنەش پڕ بکەینەوە و، ڕێگە نەدەین لێرەوەش بێتە ژوورەوە، بۆیە دەبێت خەڵکی کوردستان بگەیەنینە ئەو قەناعەتەی کە پەکەکە لە بنەڕەتدا پرسی نەتەوەیی لە پڕۆگرامی خۆی لاداوە و بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە بڕوای بە تێزی (نەتەوەی دیموکراتیکە) نەك (دەوڵەتی سەربەخۆ) ئەم تێزەش لە رۆژئاوای کوردستان تاقی کراوەتەوە، کە نە ئۆتۆنومییە و نە سەربەخۆییە، من ئومێد دەخوازم کوردی رۆژئاوا بگەنە مافەکانی خۆیان بە هەر شێوەیەك بێت، هەروەها لە میانەی شەڕی خەندەق لە تورکیاشدا تاقی کرایەوە و بینیمان چ گورزێکی کاریگەری لە باکوور و لە خودی پەکەکەش دا. بە هەر حاڵ ئەوە ئەرکی راستەوخۆی رۆژئاوا و باکوورە کە چۆن بڕیار دەدەن، هەر بەو پێیە پەکەکە لە باشووردا دەتوانێت مێوان بێت، بەڵام میوانێکی رەزاسووك.

*** ئایا دەکرێت گەشبین بین بەو بەرەیەی ئەمڕۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستانی لە ئەستۆ گرتووە؟**

- لە راستیدا ئێستا ئومێدی کورد لەسەر ئەو بەرەیەیە کە نایەوێت خۆی بە دەستەوە بدات، حەزدەکەم ئەوەش بە راشکاوی بڵێم، ئەم بەرەیە زۆر بەهێزە و لە روانگەی هاشوهوشی میدیا و سۆشیال میدیاوە سەیر ناکرێت و هەڵناسەنگێندرێت، بەهێزیی ئەم بەرەیە لەوەشدایە کە بڕیاری داوە خۆبەدەستەوە نەدات، بڕیارەکەی بۆتە ئیمان و بیروباوەڕ، واتە بڕیارێکە لەسەر ئەو بیروباوەڕە بونیاد نراوە کە نابێت کورد تەسلیمی بەغدا ببێت، بەڵام کورد دەتوانێ دۆستی بەغدا بێت و لە زۆر بواردا هاوکار بن. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم بەرەیە کاراکتەری بەهێزی ئەوتۆی هەیە، کە دەتوانێت دۆسێی (خۆبەدەستەوەنەدان) رێبەرایەتی بکات و بەڕێوەی ببات و سەرکەوتووش بێت. بە ئەزموونیش خەڵکی کوردستان تێگەیشتوون، ئەوانەی پێیان وابوو بە خۆبەدەستەوەدان بە بەغدا هەموو دۆخێك لە کوردستاندا باش و نموونەیی دەبێت، بەڵام ئێستا دەبینین کە وانییە، تەنیا هاشوهوشی میدیا و سوشیال میدیا بوو، هەر کە دامرکایەوە خەڵکەکە تێدەگەن کە بارودۆخەکان چۆنن و راستییەکان و بەرژەوەندییەکانی کورد و کوردستان لە کوێن. بە راشکاوی دەڵێم عەرەبی عێراق بە هەموو مەزهەبە جیاوازەکانیانەوە و بە تەواوی کیانە سیاسییە جیاوازەکانیانەوە، هەرگیز نەیانگوتووە ئێمە نەتەوەی کوردمان قبووڵ نییە، چونکە لە عێراقدا بوونی نەتەوەی کورد قۆناخی دەڵەمەیی تێپەڕاندووە، بۆیە هەموویان دەڵێن قبووڵمانە، بەڵام ئەوان کوردێکی کۆیلە، نەتەوەیەکی کۆیلەو بچووکیان دەوێت، بگرە لە ئاستی (تاك)یشدا ئەوان تاکی بچووکی کوردیان دەوێت، جا ئەو کەسەی کۆیلەبوونی قبووڵە با بچێت بۆ بەغدا، بەڵام بۆی ناچێتە سەر کویلەبوونی قبووڵ بێت و بانگەشەش بۆ کۆیلەبوونی کورد بکات و لە کوردستانیش بێت، ئێستا کوردستان هەر هێندەی ماوە تۆزێك خۆی مشتومالْ بکاتەوە، دەنا کوردستان پڕاوپڕە لەو گەنجانەی کە هەموو ئەنگێزەو خەیاڵیان ئەوەیە ببنە «سوارەی سەربەخۆیی».

**دەبێت خەڵکی کوردستان بگەیەنینە ئەو قەناعەتەی کە پەکەکە لە بنەڕەتدا پرسی نەتەوەیی لە پڕۆگرامی خۆی لاداوە و بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە بڕوای بە تێزی (نەتەوەی دیموکراتیکە) نەک (دەوڵەتی سەربەخۆ) ئەم تێزەش لە رۆژئاوای کوردستان تاقی کراوەتەوە**

**ئێستا ئومێدی کورد لەسەر ئەو بەرەیەیە کە نایەوێت خۆی بە دەستەوە بدات، حەزدەکەم ئەوەش بە راشکاوی بڵێم، ئەم بەرەیە زۆر بەهێزە و لە روانگەی هاشوهوشی میدیا و سۆشیال میدیاوە سەیر ناکرێت و هەڵناسەنگێندرێت**

**عەرەبی عێراق بە هەموو مەزهەبە جیاوازەکانیانەوە و بە تەواوی کیانە سیاسییە جیاوازەکانیانەوە، هەرگیز نەیانگوتووە ئێمە نەتەوەی کوردمان قبووڵ نییە، چونکە لە عێراقدا بوونی نەتەوەی کورد قۆناخی دەڵەمەیی تێپەڕاندووە، بۆیە هەموویان دەڵێن قبووڵمانە، بەڵام ئەوان کوردێکی کۆیلە، نەتەوەیەکی کۆیلەو بچووکیان دەوێت**



# ناسەقامگیریی سیاسی جووڵەی هەرێمی لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراق لاواز کردووە





**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

**لە ساڵی ١٩٦٤ مەلا مستەفا بارزانی چ پەیامێکی بۆ خەڵکی کوردستان هەبوو، ئێستاش مسرور بارزانی سەرۆک وەزیرانی کوردستان دوای نزیکەی ٥٧ ساڵ هەمان قسەی مستەفا بارزانی دەکاتەوە و پێمان دەڵێت کوردستان بووەتە دوو بەرە و ئێمە لەو بەرەیەن کە تەسلیم نابین**

**کۆی کێشەکانی هەرێم لە کردنەوەی دەرگایەکەوە دەستپێدەکات کە پێویستی بە ئیرادە و کەسایەتیی کاریزمای مسعود بارزانی وەک ڕێبەر و مەرجەع هەیە، بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لەو دەرگایەوە بێنە ژوورەوە و پێکەوە تەبایی سیاسی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پتر بکەن**

**سەرکردەی کاریزما لە کاتی تەنگژە و قەیراندا، لەگەڵ تەنگژە و قەیرانەکان کارلێک دەکات و فیکری خۆی تێکەڵاوی تەنگژە و قەیرانەکان دەکات، بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام هەرگیز هەڵناچێت و بڕیاری بەپەلە و هەڵەشە نادات**

پێش ئەوەی بێمە سەر باسی قەیرانی پاشاگەردانی سیاسیی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا، دەخوازم وێنەی قۆناخە جیاوازەکانی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بکەمە ئەلبوومێك و سەیر بکەم، بزانم چی دەبینم؟ بێگومان کە لاپەڕەی یەکەم هەڵدەدەمەوە، وێنەی گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ بەغدا دەبینم و ئەو جەماوەرە گەورەیە دەبینم کە پێکهاتبوون لە هەموو پێکهاتەکانی عێراق و بۆ پێشوازیکردنی لە فڕۆکەخانەی موسەنا ئامادە بوون، دوای ئەویش وێنەیەکی دیکە دەبینم کە چۆن عەبدولکەریم قاسم یەکەمین سەرۆك کۆماری عێراق پێشوازی لە مستەفا بارزانی دەکات.

پەیامی ئەم دوو وێنەیە لە دوو خاڵدا بەرجەستە دەکەم:

١. گەڕانەوەی مستەفا بارزانی بۆ ئەو عێراقە بوو کە دەستووری کاتیی عێراق بە نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب ددانی پێداناوە.

٢. ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، ئەوا کورد نەك هەر دژایەتی حکومەتی عێراق ناکات، بەڵکو فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ سەقامگیری لە عێراقدا.

دوای ئەوە وێنەیەکی دیکە دەبینم کە مستەفا بارزانی لە پاشاگەردانیی سیاسی ناو سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بێزارە و دەیەوێت بە هەر نرخێك بێت، ئەو پاشاگەردانیە نەمێنیت و، پارتی ببێتەوە بەو حزبە پێشڕەوی هەموو ئیرادەی گەلی کوردستان بۆ هەموو ئەگەرە خوازراو و نەخوازراوەکان پێکەوە کۆبکاتەوە، بۆ ئەمەش بڕیاری کۆنگرە دەدات و سەرکردایەتییەکی نوێ بۆ پارتی هەڵدەبژێرێت.

لەدوای ئەمە وێنەیەکی دیکە دەبینم کە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ دوای ئەوەی عەبدولکەریم قاسم لە دەستووری عێراق پاشگەز دەبێتەوە و، پارتی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی ئەو سەقامگیرییە پتەوەی مستەفا بارزانی بۆی دروست کردەوە، ڕێبەرایەتیی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول دەکات، کە پاشان ئەم شۆڕشە بووە یەکێك لە شۆڕشە گەورەکان لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیش.

لە دوای ئەمە، وێنەیەکی دیکە سەیر دەکەم، دەبینم هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناوچەیەکی فراوانی لە زاخۆ تا خانەقین ئازاد کردووە، ئەم ناوچە ئازادکراوانە نەك هەر تەنیا نەوایەکی ئارامن بۆ هێزی پێشمەرگە و گەلی کوردستان، بەڵکو بۆ تەواوی ئازادیخواز و پێشکەوتنخوازانی عێراق بە (حزبی شیوعی)ی عێراقیشەوە.

سەیری وێنەیەکی دیکە دەکەم، بەداخەوە ساڵی ١٩٦٤ـە و ناوماڵی بزووتنەوەی رزگاریخواز دابەش دەبێت، لایەك تەسلیمبوون هەڵدەبژێرێت، لایەکی دیکەش بە ڕێبەرایەتیی مستەفا بارزانی تەسلیمنەبوون و درێژەدان بە خەبات و قوربانیدان هەڵدەبژێرێت.

لەگەڵ ئەوەی ماڵی کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٦٤ـەوە، دابەش بووە و لایەك تەسلیم بووە، بەڵام وێنەیەکی دیکە دەبینم عەبدولڕەحمان عارف سەرۆك کۆماری ئەو کاتی عێراق، لای بارزانی-یە و داوادەکات کێشەی کوردستان بە ئاشتی چارەسەر بکرێت و، دوای ئەوە رێککەوتننامەی مایسی ١٩٦٧ی لێکەوتەوە.

لە ١٩٦٨ لە عێراق کودەتای سەربازی دەکرێت و سیستمێکی تازە دێتە دەسەڵات، بەڵام لاپەڕەیەکی دیکەی ئەلبوومەکە هەڵدەدەمەوە، دەبینم سەدام حوسێن جێگری سەرۆك کۆماری عێراق لە بارەگای بارزانی-یە و هاتووە رێککەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیمزا بکات، ئەویش رێککەوتنامەی ئاداری ١٩٧٠.

لاپەڕەیەکی دیکە هەڵدەدەمەوە، دەبینم بەغدایە و لە مەیدانی تەحریر جارێکی دیکە هەموو پێکهاتەکانی عێراق پێکەوە ئاهەنگ بۆ ئیمزاکردنی رێککەوتنی ئادار دەگێڕن و لەبەرامبەر هەمان وێنەش شاشەی تیڤییەك دەبینم کە ئەحمەد حەسەن بەکر لە ناوەڕاستی کاك ئیدریس بارزانی و کاك مسعود بارزانی راوەستاوە و دەقی رێککەوتننامەی ئازار دەخوێنێتەوە و، دوای ئەو وێنەیەکی دیکە دەبینم کورد بەشدارە لە حکومەتی عێراق و چەند وەزیری کارامە و لێهاتووی کورد لەناو حکومەتی عێراقدان، لە پاڵ ئەوانیشدا وێنەی تەها محێدین مەعرووف دەبینم کە ئەویش هەر کوردە، بەڵام نوێنەری شۆڕشی کوردستان نییە.

وێنەیەکی دیکە هەڵدەدەمەوە، بەهاری ١٩٧٤

دەبینم، کە شەڕ لە نێوان شۆڕش و ڕژێمی عێراق دەست پێدەکاتەوە و هەروەها ئەو وینەیە دەبینم کە چۆن خەڵکی کوردستان بە تەواوی پێکهاتە جیاوازەکانیەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە دەکات، دوای ئەوەش خیانەتی نێودەوڵەتی دەبینم کە چۆن شۆڕشی کوردستان دووچاری نسکۆ دەبێت.

دوای نسکۆ، وێنەی زەلیلیی کورد و غروری ڕژێمی عێراق دەبینم، بەڵام بە ماوەیەکی کورت وێنەی دەستپێکردنەوەی شۆڕشی کوردستان دەبینمەوە، بەداخەوە لە شۆڕشی تازەی کوردستاندا، دووبارە ناسەقامگیری و پەرتەوازەیی نێوان لایەنە سیاسییەکان و ئەنفال و کۆمەڵکوژیی کورد دەبینم، بەڵام لەناو ئەم نائومێدییەدا وێنەیەکی دیکە دەبینم کە سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریسی هەمیشە زیندوو و مام جەلال پێکەوەن و پەیماننامەی ئاشتبوونەوەی نێوان پارتی و یەکێتی لە پاییزی ١٩٨٦ ئیمزا دەکەن. ئەم ئاشتبوونەوەیە دەبێت بە بناخە بۆ دامەزراندنی بەرەی کوردستانی.

لە ساتەوەختی ئەنفالەکان بە ئامانجی سڕینەوەی کوردستاندا، لە وێنەیەکی دیکەدا و لەسەر لوتکەی چیای خواکورك، سیمای مەلا مستەفا بارزانی لە سەرۆك مسعود بارزانی دا دەبینم و جارێکی دیکە بارزانی تەسلیمبوون ڕەتدەکاتەوە و گەورەترین داستان لەو نائومێدییەدا دروست دەکات، ئەم مقاوەمەتە و پێشبینییەکانی سەرۆك بارزانی بووە بنەمایەك بۆ ئەوەی بەرەی کوردستانی خۆی بۆ پرۆژەی ئەگەرەکان ئامادە بکات، کە یەکێك لەو ئەگەرانە ڕاپەڕینی گەلی کوردستان بوو، کە پاشان لە بەهاری ١٩٩١ بووە ڕاستی و سەرکەوتنی بەدەست هێنا، هەر لەناو کەشی ڕاپەڕیندا جارێکی دیکە وێنەی سەرۆك بارزانی دەبینم کە وتار دەدات و داوای دامەزراندنی دەوڵەتی یاسا دەکات.

دێمە سەر لاپەڕەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخاندنی ڕژێمی عێراق، وێنەکان پێم دەڵێن پێگەی کوردستان زۆر بە هێزە و تەبایی نێوان سەرۆك بارزانی و خوالێخۆشبوو مام جەلال لە لوتکەیە و هەموو سەرکردەکانی عەرەبی عێراق بە (شیعە و سوننە)وە لای ئەوانن و لە هەرێمی کوردستان حکومەتی عێراق پێکدەهێنن، هەروەها بەداخەوە ساڵی ٢٠١٤ش دەبینم کە پەرلەمانی عێراق چاوەڕێی کورد ناکات و دەنگ بە حکومەتەکەی عەبادی دەدەن، ئێستاش دەبینم کە شیعەی دەسەڵات هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە بە کارتی مووچە و بودجە قەوارەی هەرێمی کوردستان لاواز بکات و، ناچاری بکات تەسلیمی بەغدا بێت.

هەر لە دیمەنەکانی ئێستا وێنەیەك دەبینم بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان گوتار دەدات و بە ڕاشکاوانە دەڵێت: «ئێستا کوردستان دابەش بووە بۆ دوو بەرە، بەرەیەك دەیەوێت قەوارەی هەرێمی کوردستان نەمێنێت و تەسلیم بێت، بەرەیەکیش بەرگری لەو قەوارەیە دەکات و تەسلیم نابێت.»

لێرەوە ئەگەر ئەو پەندە ئینگلیزییە بکەینە تەفسیری ئەلبوومەکەی مێژووی خۆمان کە دەڵێت: «مانای هەر وێنەیەك لە ١٠٠٠ وشە پترە»، ئەوا لەو چەند وێنەیەی ئاماژەمان پێ کردن، بە قەبارەی زیاتر لە ١٠ هەزار وشەمان گوتووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٤ مەلا مستەفا بارزانی چ پەیامێکی بۆ خەڵکی کوردستان هەبوو، ئێستاش بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆك وەزیرانی کوردستان دوای نزیکەی ٥٧ ساڵ هەمان قسەی مستەفا بارزانی دەکاتەوە و پێمان دەڵێت کوردستان بووەتە دوو بەرە و ئێمە لەو بەرەیەن کە تەسلیم نابین و بەرگری لە قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکەین. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ئێمە پەندمان لە مێژووی خۆمان وەرنەگرتووە، یان ئەمە قەدەرە و مێژوو لە بەرگێکی دیکە و لە سەردەمێکی جیاوازدا بەشێوەی کاریکاتێری خۆی دووبارە دەکاتەوە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە مەنهەجییەتێکی شرۆڤەکارییە لە چوارچێوەی ئاسایشی نیشتمانیدا، ئەم مەنهەجییەتە پرسیار لەسەر هەموو شت دەورووژێنێت، بەڵام مەرج نییە ئەرکی ئەم مەنهەجییەتە بێت، وەڵامی هەموو پرسیارەکان بداتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم میتۆدە پێشنیار دەخاتە ڕوو، بەڵام ئەوە دەستەبژێری سیاسی و بڕیاردروستکەرانی کوردستانن کە دەتوانن ئەو پێشنیارانە بکەنە بڕیاری قورس و تەنگژەکانی پێ بەڕێوەبەرن.

**ئەگەر کێشەی کورد چارەسەر بکرێت، ئەوا کورد نەک هەر دژایەتی حکومەتی عێراق ناکات، بەڵکو فاکتەرێکی سەرەکییە بۆ سەقامگیری لە عێراقدا**

**سەرکردەی کاریزما نەخشەی سیاسی تەنیا بۆ قەیرانەکانی ئێستا دانارێژێت، بەڵکو مەزندەکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی داهاتووش گەڵاڵە دەکات**

**ئەوانەی بانگەشە بۆ تەسلیمبوون دەکەن، حزبەکانی خۆشیان بە ئاشکرا پشتیوانییان ناکەن و، خەڵکانێکی زۆر لە سەرکردایەتیی هەموو حزبەکان هەن، کە خۆیان بە پێشمەرگەی بەرەی بەرگری لە قەوارەی هەرێمی کوردستان دەزانن**

**ئەوانەی ئێستا بەناو پەرلەمانتار و سیاسیی کوردستانەوە بانگەشە بۆ تەسلیمبوون دەکەن، پێش هەمووان بەغدا و دەوڵەتانی هەرێمیش لەو راستییە حاڵی دەبن کە ئەوانە نوێنەرایەتیی کێشەی سیاسیی گەلی کوردستان ناکەن و رووی راستەقینەشیان بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا دەبێت**

**ئێمە یەکەم نەتەوە نین لە غیابی نەبوونی دەوڵەتدا دوچاری دیاردەی لێکترازان و دابەشبوون بین، هەروەها یەکەمین حکومەتی هاوپەیمانی نێوان حزبەکانیش نین، کە حزبەکان وەک پێویست پشتیوانی ئەو حکومەتە نەکەن، کە خۆیان تێیدا بەشدارن**

## ● کاڵبوونەوەی ئینتیمای نیشتمانی دروستبوونی ژینگەیەك بۆ بانگەشەی تەسلیمبوون

ئەگەر هەر لەسەرەتاوە چەند پرسیار بە رووی ئەم ناونیشانە لاوەکییە بورووژێنین و بپرسین: بۆچی ئینتمای نیشتمانی کاڵ بووەتەوە و بۆچی ژینگەیەکی وا دروست کراوە، کە خەڵکانێك هەن، بە ئاشکرا بانگەشە بۆ تەسلیمبوون بە بەغدا دەکەن؟ ئایا ئەم بێهۆشکەرە سیاسییە چییە وای کردووە، کە هەست بکەین ئینتیمای نیشتمانی بەو ئاستە نییە کە قەیرانەکانی ئێستای کوردستان پێویستیەتی؟ یان ئایا بۆ خەڵکانێك لە ئاستی پەرلەمانتاری کورد لە بەغدا و سەرکردەی هەندێك لایەنی سیاسی ئامانجیان بۆتە رووخاندنی قەوارەی هەرێمی کوردستان؟ ئایا ئەو قەوارە سیاسییە ناسنامەی ئەوان و ناسنامەی هەر کوردێك نییە لە هەر چوارپارچەی کوردستان و رەوەندی کوردستانیش لە دەرەوە؟ ئایا ئەم واقیعە تاچەند مەترسییە بۆ ئاسایشی نیشتمانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتیی گەلی کوردستان؟ ئایا ئەگەر چارەسەرێك بۆ ئەم بارودۆخە نەدۆزرێتەوە، ئەو بەرەیەی کە دەیەوێت بەرگری لە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بکات، بە ئاسانی سەرکەوتوو دەبێت؟

ئەگەر بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، ناچار بین بگەڕێینەوە بۆ ئەلبوومەکەی مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان، وێنەکانی ئەو ئەلبوومە پێمان دەڵێت: سەرکردەی کاریزما لە کاتی تەنگژە و قەیراندا، لەگەڵ تەنگژە و قەیرانەکان کارلێك دەکات و فیکری خۆی تێکەڵاوی تەنگژە و قەیرانەکان دەکات، بۆ ئەوەی چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام هەرگیز هەڵناچێت و بڕیاری بەپەلە و هەڵەشە نادات، لەمەش زیاتر سەرکردەی کاریزما نەخشەی سیاسی تەنیا بۆ قەیرانەکانی ئێستا داناڕێژێت، بەڵکو مەزندەکانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی قەیرانەکانی داهاتووش گەڵاڵە دەکات.

ئەگەر لەسەر ئەم بنەما زانستییە سەیری یەکەم دابەشبوونی شۆڕشی کوردستان لە ساڵی ١٩٦٤بکەین و ئەو پرسیارە بکەین، کە مستەفا بارزانی وەك کاریزمای نەتەوە چۆن مامەڵەی لەگەڵ ئەو قەیرانە سەخت و قورسەدا کرد؟ بێگومان وێنەی ئەلبوومەکە پێمان دەڵێت: بارزانی مستەفا کارلێکی لەگەڵ ئەو قەیرانە سەخت و قورسە کرد و هەڵنەچوو و بڕیاری هەڵەشە و بەپەلەی نەدا، بەڵکو داوای کرد، «ئەوانەی پێیان وایە تەسلیمبوون باشە و ناتوانن مقاوەمەت بکەن، با بێن هەموو پێکەوە کۆببینەوە و کۆنگرەیەکی تازە ببەستین.»

ئەگەر ئەم شێوازە کاریزماییەی مستەفا بارزانی بۆ واقیعی ئێستای کوردستان تەرجەمە بکەین، ئەوا ئەم ئەزموونە داوا لە بەڕێز مسعود بارزانی وەك مەرجەع و رێبەر دەکات، کە بە هەمان شێوە دەستپێشخەری بۆ دیالۆگێکی نیشتمانی بکات لە نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی و پارتی و یەکێتی و گۆڕان بەتایبەتی.

پرسیار ئەوەیە، ئەو ئەزموونەی مەلا مستەفا بارزانی چ ئاکامێکی ئەرێنی لێ کەوتەوە، کە ئێستا هەمان داوا لە مسعود بارزانی دەکات؟ بێگومان ئەو مێژووە پێمان دەڵێت، مستەفا بارزانی بەو هەنگاوەی دوو دەستکەوتی گەورەی بەدەست هێنا:

١. هەموو ئەو خەڵکانەی لە قۆناخی یەکەمدا دوای پڕوپاگەندەی ئەو خەڵکانە کەوتبوون و سەریان لێ تێکدرابوو، بە دەستپێشخەرییەکەی بارزانی بەشی هەرە زۆری سەرکردەکان گەیشتنە قەناعەت و گەڕانەوەی ژێر ئاڵای شۆڕشی کوردستان بە رێبەریی مستەفا بارزانی.

٢. ماوەی تەسلیمبوونەوەی لانیکەم بۆ ماوەی دوو ساڵ دواخست، دوای ئەوەی هەستیان کرد، لەناو ژینگەی شۆڕشی کوردستاندا جێگەی ئەو بیروبۆچوونانە نابێتەوە، بۆیە بە ناچاری تەسلیمبوونەوەی خۆیان راگەیاند.

کەواتە ئەگەر بەڕێز مسعود بارزانی لەم قۆناخە هەستیارەدا ئەو دەرگایە بکاتەوە و کەشی دیالۆگێکی راشکاوانەی ئاشکرا دروست بکات، ئەوا وەك ئێستا دەبینین، ئەوانەی بانگەشە بۆ تەسلیمبوون دەکەن، حزبەکانی خۆشیان بە ئاشکرا پشتیوانییان ناکەن و، خەڵکانێکی زۆر لە سەرکردایەتیی هەموو حزبەکان هەن، کە خۆیان بە پێشمەرگەی بەرەی بەرگری لە قەوارەی هەرێمی کوردستان دەزانن، بۆیە ئەگەر دیالۆگەکە لەسەر هەردوو بەرەی «تەسلیمبوون و بەرگریکردن بێت لە قەوارەی کوردستان»، ئەوا بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە ئەم هەنگاوەی

مەرجەعی کوردستان، دەبێتە پاڵپشتێکی گەورە بۆ ئەو بەرەیەی تەسلیمبوون ڕەتدەکاتەوە و بڕیاری داوە، بەرگری لە قەوارەی هەرێمی کوردستان بکات، ئەوانەشی کە هەر دەیانەوێت لە بەرەی تەسلیمبوون بمێننەوە، ئەوا ئەوانیش دوای ماوەیەکی کورت لە کوردستان جێگەیان نابێتەوە.

ئەم مەنهەجییەتە لەم چەند خاڵەدا ئەوەمان بۆ دیاری دەکات، ئەرکی ڕێبەر و کاریزما لە قۆناخی سەختی نەتەوەدا، دەستنیشانکردنی ڕەگ و ریشەی قەیران و تەنگژەکانە وەك خۆی، بۆیە کاتێك سەرۆك وەزیران بە ئاشکرا بڵێت: «کوردستان دابەش بووە بۆ دوو بەرە»، ئەمە مانای ئەوەیە بەرهەمی ئەو کارلێکەیە کە مسعود بارزانی وەك ڕێبەری نەتەوە بیری لێ کردووەتەوە و گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی کە نابێت چیتر ئەمە بشاردرێتەوە و دەبێت میللەتی لێ ئاگادار بکرێتەوە، ئەمەش وادەکات کە ئەم مەنهەجییەتە پێشنیار بکات، کە گرنگە مسعود بارزانی وەك ڕێبەر بە ئاشکرا ئەم پرسە لەگەڵ تەواوی حزبەکان باس بکات و بە ئاشکراش هەڵوێستی خۆی بۆ بەرەی ڕەتکردنەوەی تەسلیمنەبوونەوە رابگەیەنێت و پشتیوانیی ئەو بڕیارە قورس و سەختانەش بکات، کە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان پێویستە لەم قۆناخەدا بیدەن.

ئەم هەنگاوە لەم قۆناخە چ دەرگایەك بۆ مامەڵە و کارلێك لەگەڵ تەنگژەکان دەکاتەوە؟ بێگومان دەبێتە خاڵێك بۆ دانانی سنوورێك بۆ ناسەقامگیری و پاشاگەردانیی سیاسی و، ئەوانەی ئێستا بەناو پەرلەمانتار و سیاسیی کوردستانەوە بانگەشە بۆ تەسلیمبوون دەکەن، پێش هەمووان بەغدا و دەوڵەتانی هەرێمیش لەو ڕاستییە حاڵی دەبن کە ئەوانە نوێنەرایەتیی کێشەی سیاسیی گەلی کوردستان ناکەن و ڕووی ڕاستەقینەشیان بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا دەبێت.

ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی وەك زانست بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای سەقامگیری و گێڕانەوەی سەقامگیری بۆ ئاسایشی نیشتمانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی دامەزراوە و، ئەگەر سەقامگیری بوونی نەبێت، نە بڕیاری سیاسیی قورس و نە ئاشتیی کۆمەڵایەتیش بوونی دەبێت، ئەم بنەمایەش لەو بانگەشە رووکەشانە بۆ یەکڕیزی، زۆر گرنگترە کە هەندێك بۆ دروستکردنی درز و کەلێن لەناو ریزەکانی نەتەوە بەکاری دەهێنن و، ئامانجەکانی خۆیانی بۆ پەردەپۆش دەکەن و، دەبنە فاکتەرێك بۆ ئەوەی دڵساردی لەناو هاووڵاتیان دروست بکەن و، ئەو دیاردەیە هەستی پێ بکرێت کە پێی دەگوترێت: «کاڵبوونەوەی هەستی نیشتمانی و دەنگێکی ناساز بۆ تەسلیمبوون.»

## ● سەقامگیری وەك کلیلی سەرەکیی کردنەوەی دەرگای قەیرانە قورسەکان

ئێمە یەکەم نەتەوە نین لە غیابی نەبوونی دەوڵەتدا دوچاری دیاردەی لێکترازان و دابەشبوون بین، هەروەها یەکەمین حکومەتی هاوپەیمانی نێوان حزبەکانیش نین، کە حزبەکان وەك پێویست پشتیوانی ئەو حکومەتە نەکەن، کە خۆیان تێیدا بەشدارن، بۆیە نابێت قەیران و تەنگژە وەك دیاردەیەك سەیر بکەین، کە نابێت رووبدات، هەروەها نابێت کە رووی دا، وامان لێ بکات کە بڵێین چارەسەریشی مەحاڵە.

سەبارەت بەو نەتەوانەی کە نەبوونە دەوڵەت، دیارە دەوڵەت فاکتەرێکی گرنگە و هەندێك جار دامەزراندنی دەوڵەت دەبێتە چەترێك بۆ کۆکردنەوەی پەرتەوازەیی نەتەوە، بەڵام هەندێك جاریش دەوڵەتیش دادەمەزرێت، بەڵام پەرتەوازەیی و دابەشبوونەکە هەر دەمێنێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەقڵی دەوڵەتمەتداری لە بوونی دەوڵەت و غیابی دەوڵەتیشدا، فاکتەرێکی گرنگە بۆ کۆکردنەوەی پەرتەوازەیی نەتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە هەموو تاکەکانی نەتەوە لەژێر چەترێکدا کۆبکاتەوە، بەڵکو ئەو تاك و گرووپ و حزبانەی کە بڕوایان بە سەروەریی خۆیان هەیە و بەرگری لە سەروەری و بوونی نەتەوەیی خۆیان دەکەن، بە هەر شێوازێك کە لە ئیمکانیەتی ئیرادەی نەتەوەدا بوونی هەیە.

ئەگەر لێرەوە سەرنج لە مەنهەجییەتی ئەم باسە بدەین، دەبینین هەتا ئێستا کەم تا زۆر خۆی نەداوە لە باسی گەندەڵیی سیاسی و ئیداری و تەنانەت دەستتێوەردانی حزب لە هەموو جومگەکانی ژیان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەم مەنهەجییەتە لە هەناوی رەگ و ریشەی هەموو ئەو قەیرانانەدا، خاڵێکی گەورەی لەبەر رۆشنایی ئاسایشی نیشتمانی و ئاسایشی کۆمەڵگەی کوردستان دەستنیشان

**هەندێک جار دامەزراندنی دەوڵەت دەبێتە چەترێک بۆ کۆکردنەوەی پەرتەوازەیی نەتەوە، بەڵام هەندێک جاریش دەوڵەتیش دادەمەزرێت، بەڵام پەرتەوازەیی و دابەشبوونەکە هەر دەمێنێت، بۆیە لەم حاڵەتەدا ئەقڵی دەوڵەتمەتداری لە بوونی دەوڵەت و غیابی دەوڵەتیشدا، فاکتەرێکی گرنگە بۆ کۆکردنەوەی پەرتەوازەیی نەتەوە**

**ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەموو لایەک بە خەڵک و حزبەکانەوە گەیشتوونەتە قەناعەت کە نەک هەر گەندەڵی هەیە، بەڵکو گەندەڵی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە هەموو تواناکانی حکومەت و کۆی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستانی پەک خستووە**

**داهاتی نەوتی قاچاغ و داهاتی ناوخۆ و خاڵە سنوورییەکان، ئەمانەش بابەتێکی دیکەی گرنگن و هەموو لایەک بە پەرلەمانی کوردستانیشەوە بە ئاشکرا راپۆرت بڵاو دەکەنەوە و باس لەو پاشاگەردانییە دەکەن کە لە تەخشان و پەخشانی داهاتی کوردستان دەکرێت**

**حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە هۆی ئەو ناسەقامگیرییە سیاسییەی کە هەیە، توانای کۆنترۆڵکردنی تەواوی داهاتەکانی نییە، ئەمەش گەورەترین ئاستەنگی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کردووە**

**یەکخستنەوەی ئەم دوو هێزە (یەکەی ٧٠ و ٨٠) وەک سوپای بەرگری کوردستان رێگە لە مەرامی حزبی دەگرێت، هەروەک چۆن لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بەشێک لە هێزەکانی یەکەی ٧٠ بەبێ فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگە لەسەنگەرەکانی پێشەوە کشانەوە**

کردووە، کە ئەویش پاشاگەردانیی سیاسییە، بۆیە ئەگەر بتوانین لانیکەم بە رێگەی دروستکردنی تەبایەکی سیاسی، سەقامگیرییەکی سیاسی لە کوردستاندا بێتە ئاراوە، ئەوا ئەوکات لە گریمانەی بوونی ئەو سەقامگیرییە سیاسییەدا، دەچینە سەر هەموو ئەو قەیرانانەی کە ئەمرۆ یەخەی کوردستان و خەڵکی کوردستانی گرتووە، لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێ دەکەین:

١. دیارە ئەمرۆ لە کوردستاندا هەموو لایەك بە خەڵك و حزبەکانەوە گەیشتوونەتە قەناعەت کە نەك هەر گەندەڵی هەیە، بەڵکو گەندەڵی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە هەموو تواناکانی حکومەت و کۆی دامەزراوە دەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستانی پەك خستووە.

٢. بۆ رزگاربوون لەم پەتایە، حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسایەکی دەرکردووە بە ناوی «یاسای چاکسازی»، ئەم یاسایە پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە، بەڵام بە هۆکاری ناسەقامگیریی سیاسی و پشتگیرینەکردنی لەلایەن ئەو حزبانەی بەشداری حکومەتن، بۆتە یاسایەك کە دەتوانین بڵێین: یاسای چاکسازی «سڕکراوە». هۆکاری ئەم سڕبوونە چییە؟ ئەوەیە کە چاکسازی و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی قوربانییەکی گەورەی دەوێت و بە تەنیا لایەنێك جێبەجێ ناکرێت.

٣. لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی ٢٠١٤وە قەیرانی دارایی هەیە و مووچەی فەرمانبەران پاشەکەوت دەکرێت و دوادەکەوێت، ئەم کێشەیەش پەیوەندی بە هەر خێزانێکی کوردستانەوە هەیە، لە ماوەی ئەم ٦-٧ ساڵەی رابردوودا و لە ناو ژینگەی سیاسیی کوردستاندا ئەو پرسیارە دروست بووە: «ئایا بڕینی بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان لە ئۆباڵی حکومەتی عێراقە، یان حکومەتی هەرێمی کوردستان؟» دروستبوونی خودی ئەم پرسیارە دروستکردنی گومانە لەسەر مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان ئەو مافە دەستوورییانەی بە خەبات و خوێنی سەد ساڵە بەدەست هاتوون، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوەی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی هەڵەی هەڵگرتووە، با بە دیالۆگ لە نێوخۆماندا راستی بکەینەوە، بەڵام وەك لەچەند رۆژی رابردوو بینیمان شاندی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستاندن لە بەغدا بووە و نوێنەری هەرسێ لایەن (پارتی و یەکێتی و گۆڕان)ی تێدا بووە و بەرگرییان لە مافە دەستوورییەکانی خەڵکی کوردستان کردووە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئەگەر (پارتی و یەکێتی و گۆڕان) هاوڕان لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان پابەندیی خۆی جێبەجێ کردووە، ئەدی لە بەرامبەردا ئەو دەنگە ناشازانەی پەرلەمانتارانی هەردوو حزبی (یەکێتی و گۆڕان) چین؟

٤. داهاتی نەوتی قاچاغ و داهاتی ناوخۆ و خاڵە سنوورییەکان، ئەمانەش بابەتێکی دیکەی گرنگن و هەموو لایەك بە پەرلەمانی کوردستانیشەوە بە ئاشکرا راپۆرت بڵاو دەکەنەوە و باس لەو پاشاگەردانییە دەکەن کە لە تەخشان و پەخشانی داهاتی کوردستان دەکرێت و، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە هۆی ئەو ناسەقامگیرییە سیاسییەی کە هەیە، توانای کۆنترۆڵکردنی تەواوی داهاتەکانی نییە، ئەمەش گەورەترین ئاستەنگی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست کردووە کە لە ئەگەری نەناردنی بودجە و مووچە لە لایەن بەغداوە بۆ کوردستان، نەتوانێت لەبەر رۆشنایی ئەو داهاتەی لەبەر دەستیەتی، مووچەی فەرمانبەران رێك بخاتەوە و هەروەها گوتارێکی یەکگرتووی سیاسییش نییە کە پشتگیری لەو رێگە چارەسەرەی حکومەت بکات.

٥. رێکخستنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، ئەمەش کێشەیەکی دیکەیە کە بەردەوام باسی لێوە دەکرێت، سەرەنجامیش وەك دەبینین یەکەی ٧٠ و ٨٠ وەك دوو یەکەی سەر بە یەکێتی و پارتی لە واقیعدا بوونیان هەیە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی یەکخستنەوە و رێکخستنەوەی ئەم دوو هێزە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووەتە کارێکی مەحاڵ و جێبەجێ ناکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش پەیوەستە بە نەبوونی سەقامگیری و نەبوونی متمانەی پێویست لە نێوان پارتی و یەکێتیدا، یەکخستنەوەی ئەم دوو هێزە (یەکەی ٧٠ و ٨٠) وەك سوپای بەرگریی کوردستان رێگە

لە مەرامی حزبی دەگرێت، هەروەك چۆن لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بەشێك لە هێزەکانی یەکەی ٧٠ بەبێ فەرمانی وەزارەتی پێشمەرگە لەسەنگەرەکانی پێشەوە کشانەوە.

٦. کێشەیەکی دیکە کە بووەتە شێرپەنجە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بوونی چەکدارانی پەکەکە و هەڕەشەکانیەتی بۆ سەر قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پەلکێشکردنی دەستی دەوڵەتانی ئیقلیمییە بۆ کاروباری ناوخۆی هەرێم، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش دیسان ناتەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکان و نەبوونی هەڵوێستێکی سیاسیی یەکگرتوو بۆ پشتگیری لە حکومەتی کوردستان، بۆ ئەوەی بەپێی یاساکانی پەرلەمانی کوردستان چارەسەری ئەم کێشەیە بکات، ئەمەش بووەتە کێشەیەکی دیکە سەرباری هەموو کێشەکانی دیکە.

ئەم کێشەو قەیرانانەی ئاماژەمان پێ کرد، جیا لەوەی لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆی هەرێم، چارەسەرکردنی کێشەکانی سەخت کردووە، لە هەمانکاتدا لە دانوستانەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، هەڵوێست و پێگەی هەرێمی کوردستانی لاواز کردووە و، بەغدا جیا لەوەی دەستوورەکەی پێشێل کردووە، ئامادەش نییە کە بە هیچ شێوازێك پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێم ڕێکبخاتەوە.

### • بۆچی پێگەی هەرێم لە دانوستاندنەکانی لەگەڵ بەغدا لاواز دەردەکەوێت؟

لە دوای ساڵی ١٩٩١ و شکستهێنانی دانوستاندنەکانی بەرەی کوردستانی لەگەڵ ڕژێمی سەدام حوسێن، هەرێمی کوردستان وەك دیفاکتۆیەك لەدایك بوو، بەڵام پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە: ئایا دوای ڕووخانی ڕژێمی عێراق، بژارەی فیدراڵی بژارەیەکی ئارەزوومەندانە بوو، لە هەمانکاتیشدا لایەنی عەرەبی (شیعە) بە ئارەزوومەندانە قبووڵیان کرد و لە دەستووری ٢٠٠٥ی عێراقدا چەسپاندیان؟ ئایا بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە ماددەی ١٤٠ی دەستوورمان بۆ چارەسەرکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، پەسەند کرد؟ ئایا خودی دەستوورەکە پێکهاتەکانی عێراق نووسیویانەتەوە، یان دەستوورێکی هاوردە بوو؟

ئەگەر بمانەوێت ڕاشکاوانە وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، ئەوە دەتوانین زۆر بە ڕوونی بڵێین:

- بژارەی فیدراڵی ویستێکی ئەمریکی بوو، بژارەی دیکەیان لەبەردەم سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان نەهێشتبووەوە.

- دانانی ماددەی ١٤٠یش لەناو دەستوورەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کۆمپرۆمایزێك بوو بە گوشاری دەرەکی سەرکردایەتیی کوردیان پێ ڕازی کرد.

- ڕاستە لە پرۆژەی نووسینەوەی دەستووردا، سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بە سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستانیشەوە ئەندام بوون لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوورەکە، بەڵام ئەوەش شتێکی حاشاهەڵنەگرە، کە ئەو لیژنە دەستوورییە لە چوارچێوەیەکدا وتووێژیان لەسەر دەستوورەکە دەکرد، کە ئەو چوارچێوەیە هاوردە بوو.

- عەرەبی عێراقیش «بەتایبەتی لایەنی شیعە کە دەستوورەکە دەیکردنە دەسەڵاتدار» لە سەرەتادا لاواز بوون و بە شێوەیەکی ڕووکەش و لەسەر بنەمای پرانسیپی (التقیة)ی مەزهەبی شیعە فیدراڵییان تەنیا بۆ هەرێمی کوردستان قبووڵ کرد، دەنا هیچ خاڵێکی ئەو دەستوورەیان جێبەجێ نەکرد، کە هەیکەلی دەوڵەتی عێراق لە دەوڵەتێکی سەنتراڵیەوە دەگۆڕێت بۆ دەوڵەتێکی فیدراڵی، لەمەش زیاتر بێجگە لە هەرێمی کوردستان ڕێگەیان نەدا، هیچ هەرێمێکی دیکە لە عێراقدا دابمەزرێت، بۆ ئەوەی لە ئایندەشدا عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، بەهیچ شێوەیەك هەنگاویان هەڵنەگرت بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی کە هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەران پێویستە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا هەبێت.

دەستنیشانکردنی ئەم خاڵانە گرنگ بوو، بۆ ئەوەی دەروازەیەك بکەینەوە، بۆ ئەوەی جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەینەوە کە هەر لە سەرەتای ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا لە چوارچێوەی دەستووردا، ئیشکالیەتێکی گەورە هەبووەو، ئەوەی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان مەبەستی بوو لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستوورەکە عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، لایەنی دەسەڵاتداری بەرامبەر کە عەرەبی شیعە

**بژارەی فیدراڵی ویستێکی ئەمریکی بوو، بژارەی دیکەیان لەبەردەم سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان نەهێشتبووەوە**

**دانانی ماددەی ١٤٠یش لەناو دەستوورەکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، کۆمپرۆمایزێک بوو بە گوشاری دەرەکی سەرکردایەتیی کوردیان پێ ڕازی کرد**

**بێجگە لە هەرێمی کوردستان ڕێگەیان نەدا، هیچ هەرێمێکی دیکە لە عێراقدا دابمەزرێت، بۆ ئەوەی لە ئایندەشدا عێراق نەبێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی، بەهیچ شێوەیەک هەنگاویان هەڵنەگرت بۆ دامەزراندنی ئەنجومەنی فیدراڵی کە هاوشانی ئەنجومەنی نوێنەران پێویستە لە دەوڵەتی فیدراڵیدا هەبێت**

بووە، ئاستەنگی گەورەی بۆ دروست کردووە و نەیانهێشتووە پرۆسە سیاسییەکە بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵبگرێت.

لەناو ئەم پرۆسە سیاسییە ئاڵۆزەی عێراقدا، وێڕای ئەوەی نێوماڵی کوردستان لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی ستراتیژیی پارتی و یەکێتی و لیکتێگەیشتنی نێوان سەرۆك بارزانی و خوالێخۆشبوو مام جەلال، پێگەیەکی بەهێزی بۆ کوردستان لە ناو پرۆسەی سیاسیی عێراقدا دروست کردبوو، بەڵام ئەو ماوەیە کە دانرابوو ماددەی ١٤٠ی دەستووری تێدا جێبەجێ بکرێت، کە بە حیساب ٣١ی ١٢ی ٢٠٠٧ بوو، لەو کاتە جێبەجێ نەکرا، ئیدی لە ٢٠٠٨ یشەوە کێشە و ئاڵۆزی لە پەیوەندییەکانی هەرێم و بەغدا دروست بوو، هەتا لە ٢٠١٠ و دوای ئەوەی کابینەی دووەمی نوری مالیکی لە هەولێر دروست بوو، بەپێی ڕێککەوتنی هەولێر وا بڕیار درابوو کە کابینەی خولی دووەمی نوری مالیکی هەنگاوەکان بۆ بوونی عێراق بە دەوڵەتێکی فیدراڵی بە جددی هەڵبگرێت و، بە تەواوەتی کۆتایی بە کێشەکانی هەموو عێراق بهێنرێت و هەرێمی کوردستانیش بە پێی دەستوور هەرێمێکی فیدراڵی بێت لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەڵام لە دوای دەستبەکار بوونی کابینەی دووەمی نوری مالیکی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ و سەرەتای ساڵی ٢٠١١، لە ئاکامی جێبەجێنەکردنی بەندەکانی ڕێککەوتنی هەولێر، کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا تەقینەوە و، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش زیاتر ئەو ئاڵۆزییانە هەڵدەکشان، هەتا لە ساڵی ٢٠١٤، نوری مالیکی یەکلایەنە بەشە بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی کوردستانی بڕی و، لەگەڵ ئەوەی شەڕی داعشی بەسەردا هات و نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە پەنایان بۆ کوردستان هێنا، بەڵام حکومەتی عێراق بە درێژایی ماوەی سێ ساڵەی شەڕی دژی داعش لە هەر دوو سەردەمی «مالیکی و عەبادی»دا بودجە و مووچەی کوردستانیان بڕی، لەمەش زیاتر دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم، پەرلەمانی عێراق لە ئەیلوولی ٢٠١٧، کۆمەڵێك سزای زۆر قورسی لەسەر کوردستان سەپاند و، بە هێزی چەکداریش هێرش کرایە سەر کوردستان بەو ئامانجەی کە هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی بسڕنەوە و، سەرباری هەموو ئەمانەش ناوماڵی کوردستان پەرت بوو، حزبە سیاسییەکان لە حکومەتی هەرێم کشانەوە، تەنانەت یەکێتی نیشتمانی کە بە فەرمی لە حکومەت نەکشابووەوە، بەڵام بە جددی پشتگیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان و تیمەکەی خۆیانیان لە ناو حکومەت نەدەکرد و، ئەرکە سەختەکە کەوتبووە سەرشانی پارتی دیموکراتی کوردستان و گوشارەکانیش لە ناوخۆ و عێراق و دەوڵەتانی ئیقلیمی بەو ئاراستەیە بوون، کە پارتی لەناو هاوکێشە سیاسییەکەی کوردستان و عێراق پەراوێز بخەن، بەڵام پێداگریی سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر هەڵبژاردنی پێشوەختە لە کوردستان و بەشداریکردنی کارای لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ٢٠١٨ی پەرلەمانی عێراق و بوونی پارتی بە حزبی یەکەم لە سەر ئاستی عێراق و کوردستان لە هەڵبژاردندا، وایکرد، لایەنە سیاسییەکانی شیعە بۆ پێکهێنانی کابینەکەی د.عادل عەبدولمەهدی ناچار بن لەگەڵ سەرۆك بارزانی و سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەونە دانوستاندن و دوای ئەمەش پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەڵبژاردنەکانی ٣٠ی ئەیلوولی ٢٠١٨ی پەرلەمانی کوردستان ٤٥ کورسی بەدەستهێنا، لەسەر ئاستی کوردستانیش پارتی بووە حزبی یەکەم و پێکهێنەری سەرەکی بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، بەرنامەی پارتیش وەك لایەنی براوەی هەڵبژاردن، پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز و کوردستانێکی بەهێز بوو، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت، ناسەقامگیرییەکی دووبارە سەریهەڵدایەوە کە بوونە ڕێگر لە بەردەم ئەوەی کە نەهێڵن کابینەی نۆیەم ئەو حکومەتە بەهێزە بێت، کە بەرنامەی بۆ دانرابوو، هەروەها بوونە ڕێگر لەوە هەرێمی کوردستان بەهێز بێت، لە بەردەم بیانووی لایەنە سیاسییەکانی شیعەی عێراقدا.

ئەم بارودۆخە سیاسییە ئاڵۆزەی کوردستان فاکتەری سەرەکییە بۆ بینینی پێگەی کوردستان بە لاوازی لە بەرامبەر بەغدا و، لایەنە سیاسییەکانی شیعەش لە پەرلەمانی عێراقدا، ناردنی بەشە داهاتی هەرێمیان لە بودجەی عێراق، کردووەتە کارتێکی گوشاری سیاسی

**شاندی کوردستان لەسەردەمی شۆڕشی ئیرادەیەکی لە پشتەوە بوو کە نوێنەرایەتیی ئیرادەی راستەقینەی گەلی کوردستانی دەکرد، بەڵام شاندەکانی ئێستا ئەو ئیرادە سیاسییە یەکگرتووەی لە پشتەوە نییە، لایەنی بەرامبەریش ئەو راستییە دەزانێت، بۆیە پێداگریی زیاتر دەکات و ڕێککەوتنەکان ئاکامێکی ئەوتۆیان نابێت**

**گرنگە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ و راشکاوانە لەگەڵ گەلەکەی خۆی قسە بکات و راستییەکانیان بۆ ئاشکرا بکات و ئەوەندەی ئیمکانیەتی لەبەردەستە رای بگەیەنێت**

بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ناچار بکەن، تەسلیمی هەموو داوا ناڕەواکانی حکومەتی عێراق بێت و، شتێك بە ناوی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان بوونی نەمێنێت.

لێرەدا ئەگەر بەراوردێك لە نێوان شاندی دانوستاندنەکانی سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول لەگەڵ شاندی دانوستاندنی ئێستا بکەین و، لە خۆمان بپرسین: بۆچی لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول شاندی کوردستان لەگەڵ حکومەتە دیکتاتۆرەکان دەگەیشتە ئەنجام و ئێستا لەگەڵ بەناو حکومەتێکی فیدراڵی ناگەینە هیچ ئاکامێك؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە کۆی مەنهەجییەتی نووسینی ئەم بابەتە وەڵام دەدەینەوە و راشکاوانە دەڵێین، لەبەر ئەوەی شاندی کوردستان لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوول ئیرادەیەکی لە پشتەوە بوو کە نوێنەرایەتیی ئیرادەی راستەقینەی گەلی کوردستانی دەکرد، بەڵام شاندەکانی ئێستا ئەو ئیرادە سیاسییە یەکگرتووەی لە پشتەوە نییە، لایەنی بەرامبەریش ئەو راستییە دەزانێت، بۆیە پێداگریی زیاتر دەکات و رێککەوتنەکان ئاکامێکی ئەوتۆیان نابێت، دوایین رێککەوتنیش لەسەر بودجەی ٢٠٢١ کە لەنێوان حکومەتی هەرێمی و حکومەتی هەرێم ئیمزا کراوە و نێردراوە بۆ پەرلەمانی عێراق، گەشبینییەکی ئەوتۆی لێ چاوەڕوان ناکرێت، بۆیە گرنگە خۆمان بۆ کۆمەڵێك ئەگەری چاوەڕوانکراو ئامادە بکەین، کە مەزندە دەکرێت رووبەڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان ببێتەوە، لە هەموویان گرنگتر ئەو ئەگەرەیە، گریمان پەرلەمانی عێراق ئەو رێککەوتنەی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدای پەسەند نەکرد و بەغدا هیچ داهاتێکی بۆ کوردستان نەنارد، لەم حاڵەتەدا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لەوە بکاتەوە، خۆی بەشێوەیەك لە شێوەکان مووچەی فەرمانبەران دابین بکات، بۆ ئەمەش پێویستە چەند هەنگاوێك هەڵبگرێت کە ئێمە بەم شێوەیە پێشنیاریان دەکەین:

١. گرنگە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان راستەوخۆ و راشکاوانە لەگەڵ گەلەکەی خۆی قسە بکات و راستییەکانیان بۆ ئاشکرا بکات و ئەوەندەی ئیمکانیەتی لەبەردەستە رای بگەیەنێت.

٢. گرنگە پێداچوونەوە بە سیاسەتی هەرێم و هاوپەیمانیی «پارتی و یەکێتی و گۆڕان» بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بکرێتەوەو، خاڵبەندیی پیتەکان بکرێت و لەسەر بنەمایەکی نوێ لە چوارچێوەی بڕیارێکی سیاسیی بەهێزدا دووبارە رێك بخرێتەوە، ئەم بڕیارە سیاسییە بەهێزە وەك پاڵپشتێك بێت بۆ چارەسەری تەواوی کێشەکانی هەرێم بە کێشەی بوونی چەکدارانی «پەکەکە»شەوە.

٣. پەلە بکرێت لە دەرچوواندنی یاسای لامەرکەزیی ئیداریی پارێزگاکان لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، لەسەر بنەمای لامەرکەزیەتێکی فراوان، ئەم یاسایە جیا لەوەی دەبێتە فاکتەرێکی گرنگ بۆ کەمبوونەوەی رۆتین لە نێوان پارێزگاکان و حکومەت، لە هەمان کاتدا یەکێك لە کێشە هەرە گرنگەکان چارەسەر دەکات، کە ئەویش ئیشکالیەتی حاکمییەتە لە هەرێمی کوردستاندا.

٤. گرنگە هاوسەنگییەك لە نێوان نەوەی کۆنی خاوەن ئەزموون و گەنجانی تازە پێگەیشتوو دروست بکرێت و ئەزموون و ئەکتیڤیی هەردوولایان بخرێتە خزمەتی ئەکتیڤبوونەوەی دامەزراوەکانی حکومەت .

٥. هەوڵدان بۆ دروستکردنی جۆرێك لێکتێگەیشتن لەنێوان ئەو حزبانەی کە بەشدارن لە حکومەت و ئەو حزبانەی کە ئۆپۆزسیۆنن لە پەرلەمانی کوردستاندا.

لەوانەیە هەموو کێشەکان ئەم چەند خاڵە نەبن، بەڵام کۆی کێشەکانی هەرێم لە کردنەوەی دەرگایەکەوە دەستپێدەکات کە پێویستی بە ئیرادە و کەسایەتیی کاریزمای کارێزمای مسعود بارزانی وەك رێبەر و مەرجەع هەیە، بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان لەو دەرگایەوە بێنە ژوورەوە و پێکەوە تەبایی سیاسی لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پتر بکەن، کە لەو دەرگایەشەوە هەموو پێکەوە کۆبوونەوە، رێگاچارەیەك بۆ کێشەکان دەدۆزرێتەوە، بەڵام ئەم کارە تەنیا بە ئیرادە و کەسایەتی مسعود بارزانی دەکرێت و، هەر بڕیارێکی قورسیش لە کوردستان بدرێت، بەبێ پشتیوانی و ئاراستەکردنی بەڕێزیان سەرکەوتوو نابێت.

**گرنگە پێداچوونەوە بە سیاسەتی هەرێم و هاوپەیمانیی «پارتی و یەکێتی و گۆڕان» بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم بکرێتەوەو، خاڵبەندیی پیتەکان بکرێت و لەسەر بنەمایەکی نوێ لە چوارچێوەی بڕیارێکی سیاسیی بەهێزدا دووبارە رێک بخرێتەوە**

**گرنگە هاوسەنگییەک لە نێوان نەوەی کۆنی خاوەن ئەزموون و گەنجانی تازە پێگەیشتوو دروست بکرێت و ئەزموون و ئەکتیڤیی هەردوولایان بخرێتە خزمەتی ئەکتیڤبوونەوەی دامەزراوەکانی حکومەت**



پڕۆفیسۆر دکتۆر محەمەد شەعبان

شارەزا لە بواری ئابووری بۆ گوڵان:

# بودجەی ٢٠٢١ بە ئاسانی لە پەرلەمانی عێراق تێپەڕنابێت و پشکی کوردستانیش بووەتە کارتی هەڵبژاردنی لایەنە سیاسییەکانی شیعە

# دابەزینی نرخی دینار بەرامبەر بە دۆلار لە چەند مانگی داهاتوودا رێژەی هەژاری بۆ ٣٠٪ لە عێراقدا بەرز دەکاتەوە

**لەدوای داشکانی بەهای دینار و کەمکردنەوەی مووچەکان؛ ساڵێکی سەخت و بارودۆخێکی ناسەقامگیر لەنێوان شەقام و پەرلەمان و حکومەتی عێراقدا دروست بووە، زۆربەی ئابووریزانان رایان وایە ساڵی ٢٠٢١ بۆ عێراق و کوردستان ساڵێکی سەخت دەبێت، شرۆڤەکردنی بارودۆخی ئابووری و دارایی عێراق و ئەگەر و پێشبینیەکان بۆ ساڵی ئایندە دیداری تایبەتی گۆڤاری گوڵان بوو لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتۆر محەمەد شەعبان شارەزا لە بواری ئابووری.**

*** وەکو لای هەمووان روون و ئاشکرایە، بارودۆخی ئابووریی عێراق باش نییە؛ تەنانەت حکومەتەکەی کازمی بۆ دابینکردنی مووچەکان و کەمکردنەوەی کورتهێنان لە بودجەدا بە ناچاری پەنای بۆ قەرز و دەستی بۆ داشکانی بەهای دینار و کەمکردنەوەی مووچەکان بردووە، وەك شارەزایەکی ئابووری چۆن دەڕوانیتە ئەم بارودۆخە و گرتنەبەری ئەو رێوشوێنانە بۆ رووبەڕووبوونەوەی کورتهێنانەکە؟**

- سەرەتا بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی خراپ و سەختی ئابووری لەعێراق دەبێت باسی ئەو کێشە و گرفتە ئاڵۆز و زەقانە بکەین کە لە ئاکامی خراپ بەڕێوەبردنی ئابووری و شوێنەوارە خراپەکانی شەڕ و سیاسەتەکانی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق تووشی پەیکەری ئابووریی وڵات بووە، ئەمانە هەموویان هۆکار بوون بەوەی وڵات راپێچی ئەو قەیرانە سەخت و ناهەموارە بکەن، کە ئێستا تێی کەوتووە، لەگەڵ دارمانی بەهای نەوت هەموو ئەو کێشە و گرفتە دارایی و ئابوورییانە زەقتر خۆیان نیشاندا و شوێنەواری مەترسیدارو خراپی لەسەر رەوشی ئابووری و بژێوی ژیانی تاکی عێراقی دروست کردووە، لەم بارودۆخەدا هەرگیز حکومەت ناتوانێت بەو داهاتە نەوتەی کە دەستی دەکەوێت، هەموو خەرجییەکانی بەکارخستن و کرێ و مووچەکان دابین بکات، بۆ ئەمەش وەك بینیمان وەزارەتی دارایی بەناچاری پەنای بردە بەر قەرزی دەرەکی و ناوخۆیی، هەر بەمەشەوە نەوەستا و ئەمجارە بۆ دابینکردنی مووچە دوو هەنگاوی دیکەی نا، لە کەمکردنەوەی مووچەکان و داشکاندنی بەهای دیناری عێراقی لەبەرامبەر بەهای دۆلاری ئەمریکی، بەمەش بە کردار دەستی بەجێبەجێکردنی پرۆژەی (کاغەزی سپی) کرد کە بۆ چاکسازی و رزگارکردنی ئابووریی وڵات وەزارەتی دارایی پێشنیاری کردبوو.

**لەم بارودۆخەدا هەرگیز حکومەت ناتوانێت بەو داهاتە نەوتەی کە دەستی دەکەوێت، هەموو خەرجییەکانی بەکارخستن و کرێ و مووچەکان دابین بکات**

*** بەڵام زۆربەی ئابووریناسان و پەرلەمانتار و شارەزایان پێیان وایە پرۆژەی (کاغەزی سپی) تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەزە و حکومەتی عێراق وا بەخێرایی بۆی جێبەجێ ناکرێت، رای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟**

- خۆی لە راستیدا (کاغەزی سپی) تەنیا پلانێکە تێیدا سێ چارەسەری لەخۆگرتووە؛ چارەسەری (کورتخایەن و مامناوەند و درێژخایەن)، بەمەبەستی چارەسەری کێشە ئاڵۆزو سەختەکانی دارایی و ئابووریی عێراق. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی مادده و بڕگەکانی ناو پرۆژە یاسای بودجە و پەسەندکردنی لەدوا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیراندا، دەرکەوت کە وەزارەتی دارایی دەستی بە جێبەجێکردنی هەندێك بڕگەی ناو (کاغەزی سپی) کردووە، بۆ ئەوەی لانیکەم کورتهێنانی ناو بودجەکە کەم بکاتەوە، یەکەمین هەنگاوی وەزارەتی داراییش بۆ کەمکردنەوەی بودجەی بەکارخستن لە کەمکردنەوەی مووچەکانەوە دەستی پێکرد، ئەمەش

**کەمکردنەوەی دەرماڵەکان، یان رێکخستنەوەی دەرماڵەکان پێویستی بە دەرکردنی یاسا نابێت، بە پێچەوانەی مووچەکانەوە کە دەستکاریکردن و کەمکردنەوەیان پێویستی بەدەرکردنی یاسا دەبێت**

لە ڕێگای کەمکردنەوەی دەرماڵەی مووچەخۆرانەوە بوو، لەبەر ئەوەی کەمکردنەوەی دەرماڵەکان، یان ڕێکخستنەوەیان پێویستی بە دەرکردنی یاسا نابێت، بەپێچەوانەی مووچەکانەوە کە دەستکاریکردن و کەمکردنەوەیان پێویستی بەدەرکردنی یاسا دەبێت. بەرزکردنەوەی نرخی فرۆشتنی دۆلاری ئەمریکییش لەبانکی ناوەندی لە ئەنجامی ڕێکەوتنێك هات لەنێوان وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندی عێراقدا، ئەوە بوو سەقفی فرۆشتنی ١٠٠ دۆلاری ئەمریکی لەبەرامبەر دینار، بۆ ١٤٥ هەزار دینار بەرز کرایەوە.

*** ئەم دوو بڕیارەی حکومەتەکەی کازمی لەناو شەقامدا مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوەو بووە هۆی ناسەقامگیریی نرخەکان و شڵەژانی ڕەوشی بازاڕ و ناڕەزایەتیی هاوڵاتیان بەتایبەتی مووچەخۆران؛ شرۆڤە و خوێندنەوەتان بۆ هەردوو بڕیارەکەی وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندیی عێراقی چییە؟**

- سەرەتا ئەگەر وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندی لە کەمکردنەوەی دەرماڵەکان و داشکانی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی هەڵەیان کردبێت، یا نەکردبێت، بازاڕەکانی نێوخۆی وڵات شپرزەیی و هەڵاوسانێکی گەورەی نرخی بە خۆوە بینی. بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر بەهای دۆلار و دراوە بیانییەکانی دیکە و نرخیان زێڕ، ناسەقامگیرییەکی زۆر گەورەی تێکەوتووە، کە من بڕواناکەم لەلایەن وەزارەتی دارایی و بانکی ناوەندی پێشبینی بەو ڕێژە بەرزەیان کردبێت. لە هەموو حاڵەتێکدا بەرزبوونەوەی کتوپڕی بەهای دۆلاری ئەمریکی بەرامبەر دیناری عێراقی لەگەڵ کەمکردنەوەی مووچەکان شوێنەواری نەرێنی لەسەر ئەو فەرمانبەرانە هەیە کە مووچەیان کەمە، ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکانی توێژینەوە و ستراتیژیی هەموویان پێشنیاری ئەوەیان کردووە، دوای جێبەجێکردنی ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی ناو ( کاغەزی سپی ) و جێبەجێکردنی پرۆژە یاسای بودجەی گشتی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٢١، هەژاری بە ڕێژەی ٣٠٪ لە عێراقدا بەرز دەبێتەوە. بۆیە لە چوار مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ دا بەهۆی هەڵاوسان و هەژارییەوە، پێشبینی هەڵچوون و گرژی و ناسەقامگیرییەکی گەورە دەکەم لەنێوان شەقامی عێراقی و پەرلەمان و حکومەتدا.

*** ئەی کاتێك پرۆژە یاسای بودجە لە پەرلەمان وتووێژی لەبارەوە دەکرێت، گرژی دروست نابێت و بە ئاسانی یاساکە تێدەپەڕێت؟**

- بێگومان کاتێك ئەم پرۆژە یاسایەی بودجەی ٢٠٢١ دەگاتە هۆڵی پەرلەمان مشتومڕێکی زۆر و توندی لەسەر دەکرێت و ئەگەری گۆڕین و دەستکاریکردنی زۆر لە ماددەو بڕگەکانی ناو ئەم پرۆژە یاسایە هەیە، بەتایبەتی لە بوارەکانی بەهای دینار و کەمکردنەوەی دەرماڵەکان و هەموو بەندەکانی دیکەی ناو پرۆژە یاسای بودجە کە تایبەتە بە نرخی خەملێندراوی فرۆشتنی بەرمیلێك نەوت و ژمارەی ئەو بەرمیلە نەوتانەی بەرهەم دەهێندرێت، ئەمەش بە پشتبەستن بە ئەگەری بەرزبوونەوەی نرخ و ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی عێراق بۆ سەرووی ٣ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، لەم ڕوانگانەوە پێشبینی گۆڕانکاریی گەورە لە ژمارەکانی ناو پرۆژە یاسای بودجە دەکەم، پێش ئەوەی پەسەند بکرێت و ببێتە یاسا و حکومەت جێبەجێی بکات. بەشێوەیەکی گشتی ٢٠٢١ بەساڵی سکهەڵگوشین و سەخت دادەنرێت، خۆ ئەگەر حکومەتەکەی کازمی تا هەڵبژاردنەکانی داهاتوو خۆی ڕاگرێت، ئەوا سەرکەوتوو دەبێت لە ئەرکی ڕزگارکردنی ئابووریی عێراقدا.

*** ئەگەر حکومەت و پەرلەمانی عێراق پابەند نەبوون بە پشکی هەرێم لە بودجەی ٢٠٢١، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان چ ڕێکارێك بگرێتە بەر بۆ دابینکردنی مووچە و دەربازبوون لەقەیرانی دارایی؟**

- حکومەتی عێراق لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و داراییەوە فشارێکی زۆر توندی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هێناوە، چونکە بەغدا خۆی وا هەست دەکات لە پێگەیەکی بەهێزدایە و پێگە و بارودۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لاوازە، تەنانەت حکومەتی عێراق کارتی مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم وەکو چەکێك دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنێت، لەناو پەرلەمانیشدا بودجە بووەتە پڕوپاگەندەیەکی هەڵبژاردنەکان و وەکو موزایەدەیەك بۆ شەقامی عێراقی بەکار دەهێندرێت، حکومەتی هەرێمیش کەوتۆتە قەیرانێکی دارایی سەختەوە بە هۆی دابەزینی بەهای نەوت و نەبوونی سیولەی

**ئەگەر حکومەتەکەی کازمی تا هەڵبژاردنەکانی داهاتوو خۆی ڕاگرێت، ئەوا سەرکەوتوو دەبێت لە ئەرکی ڕزگارکردنی ئابووریی عێراقدا**

**حکومەتی عێراق کارتی مووچە و شایستە داراییەکانی هەرێم وەکو چەکێک دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنێت، لەناو پەرلەمانیشدا بودجە بووەتە پڕوپاگەندەیەکی هەڵبژاردنەکان و وەکو موزایەدەیەک بۆ شەقامی عێراقی بەکار دەهێندرێت**

**ئەگەر بە شێوەیەکی خێرا هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەگەنە ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی، بارودۆخێکی دارایی سەخت چاوەڕێی هەرێمی کوردستان دەکات و تەنانەت نیشانەکانی سەرەتای جیابوونەوەی هەرێم لەگەڵ بەغدا دەردەکەوێت**



پارە و نەهاتنی بڕە پارەی پێویست لە حکومەتی بەغداوە، ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ چاکسازییەکان و دابینکردنی مووچە زۆر پێویستیەتی. ئەگەر بە شێوەیەکی خێرا هەردوو حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەگەنە ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی، بارودۆخێکی دارایی سەخت چاوەڕێی هەرێمی کوردستان دەکات و تەنانەت نیشانەکانی سەرەتای جیابوونەوەی هەرێم لەگەڵ بەغدا دەردەکەوێت. لەم بارودۆخە سەختەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنیا ڕێگایەك لەبەردەمیدا ئەنجامدانی چاکسازییەکی گشتگیر و فراوان و بەردەوامە، لە هەموو کات و شوێنێکدا حکومەت دەتوانێت دەست بەم چاکسازییە بکات و تێیدا بەردەوام بێت، بەداخەوە چاکسازییەکان ئاستەنگی گەورەی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی و لایەنە سیاسییەکانی لەبەردەمدایە، ئەم حزبانە کە لە ٢٠٠٣وە بوونەتە خاوەنی پێگە و هێز و بەرژەوەندییەکی گەورە لە ئێستادا ئامادە نین نەك هەر قوربانی بدەن، بەڵکو دەستبەرداری بەشێك لە دەستکەوتە تایبەتییەکانیشیان نابن، بۆ ئەوەی چاکسازی بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروست و بەرەو ئامانجی خۆی بچێت، ئەمە گەورەترینی ئەو تەحەددییانەیە کە ڕووبەڕووی جێبەجێکردنی چاکسازییەکان بووەتەوە، ئەگەر لە حزبایەتی تەسك و تێڕوانینی بەرژەوەندیخوازانەی گەمەکارەکانی ناو سیاسەت دەرباز نەبین، زۆر زەحمەتە بتوانین هەنگاو بەرەو چاکسازی بنێین. چاکسازی، پرۆسەیەکە ئیرادە و پارە و توانای مرۆیی و خەڵکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەری پێویستە، لەمەش گرنگتر پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە جددی بیر لە پلانێکی فریاکەوتنی خێرا بکاتەوە بۆ سەرجەم بوار و سێکتەرەکان تاوەکو پارێزگاریی لە قەوارەی سیاسی و دەستکەوتەکانی بکات.

*** یەکێك لەو ڕێکارانەی کە باس دەکرێت مەسەلەی لامەرکەزیی پارێزگاکانە؛ ئایا ئەم شێوازەی بەڕێوەبردن و ئابوورییە تاچەند سوودی بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی و دەربازبوون لەم دۆخە سەختە هەیە؟**

- نامەرکەزیی ئیداری شێوازێکی بەڕێوەبردنی کارگێڕی و ئابوورییە و لە زۆربەی وڵاتانی گەورەدا جێبەجێ کراوە، بەداخەوە لە کوردستان نامەرکەزیی ئیداری دروشمێکە بۆ مەبەست و مەرامێکی دیکە بەکار دەهێندرێت، گرفتەکە لەوەدایە دەستی دەرەکی و وڵاتانی ئیقلیمی و هەندێك لایەنی سیاسی لە عێراقدا هانی ئەو پشێوی و ئاڵۆزی و جیابوونەوەیەو لاوازبوونی زیاتری پێگەی ئابووریی هەرێم دەدەن بۆ ئەوەی بەتەواوەتی قەوارەو ئەزموونی هەرێمی کوردستان لاواز بێت، بۆ ئەمەش چەکی ئابووری لەپاڵ پشێوی و ناتەبایی تا دێت زیاتر بەکار دەهێنن.

**ئەم حزبانە کە لە ٢٠٠٣وە بوونەتە خاوەنی پێگە و هێز و بەرژەوەندییەکی گەورە لە ئێستادا ئامادە نین نەک هەر قوربانی بدەن، بەڵکو دەستبەرداری بەشێک لە دەستکەوتە تایبەتییەکانیشیان نابن، بۆ ئەوەی چاکسازی بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروست و بەرەو ئامانجی خۆی بچێت**

**ئەگەر لە حزبایەتی تەسک و تێڕوانینی بەرژەوەندیخوازانەی گەمەکارەکانی ناو سیاسەت دەرباز نەبین، زۆر زەحمەتە بتوانین هەنگاو بەرەو چاکسازی بنێین**

# عێراق لە دەوڵەتێکی فیدراڵییەوە بۆ دەوڵەتێکی مەرکەزیی تائیفی

ساڵی ٢٠٢٠ ساڵێکی پڕ لە قەیران و کیشەی جیا جیا بوو بۆ تەواوی جیهان، بەڵام بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان مخابن ئەم قەیرانە جۆراوجۆرانە تێکەڵ بە قەیرانی سیاسیش کرا، کە بۆتە کۆسپی دژوار بۆ چارەسەر نەبوونی گرفتەکانی نێو خۆی دەوڵەتی عێراق لە لایەك و لەنێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی فیدراڵیش لە لایەکی دیکەوە.

دوای تێپەڕبوونی ١٧ ساڵ بەسەر دووبارە بنیاتنانەوەی عێراق بە سیستەم و فۆرم و شێوەیەکی نوێی دەوڵەت و حوکمڕانی، بەڵام هێشتاش سیستەم و شێوەی نوێی دەوڵەت و ئەدای حوکمڕانی لە عێراقدا لە ژێر پرسیارگەلێکی زۆردایە.

ئەو دەوڵەتەی کە هەوڵی بۆ درا تا ببێتە دەوڵەتێکی فیدراڵی و ببێتە وڵاتی پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق، تەنیا بووە دەوڵەتێکی فیدراڵی، ئەویش هەرتەنیا لەنێو لاپەڕەکانی دەستووری ساڵی ٢٠٠٥، بەڵام لە واقیعدا بووە دەوڵەتێکی سەرلێشواو کە بە هۆی ئەو عەقڵییەتە تائیفی و مەزهەبییەی کە عێراقی پێ بەڕێوە دەبردرێت، نزیك دەبێتەوە لە دەوڵەتێکی سادەی مەرکەزیی تاکڕەو.

بنەماکانی فیدراڵییەت، بە هۆکاری سیاسی و بێ بنەما لە عێراقدا دەشێوێندرێت، ئەم شێواندنەش بە ئەنقەستە و نییەتێکی ناتەندروستی خراپ لەم هزرە قێزەونەدا هەیە، کە بە ئەجێندای دوژمنکارانەی هەندێك دەوڵەتی ئیقلیمی گەیشتۆتە ترۆپکی دژایەتیکردن و پێشێلکردنی بنەماکانی فیدراڵییەت، هەر بۆیەشە بە هەموو شێوەیەك کەوتوونەتە دژایەتیکردنی هەموو ماف و شایستە دەستوورییەکانی تاکە هەرێمی ئەو دەوڵەتە بەناو فیدراڵییە.

لە ساڵی ٢٠١٤ بەم لاوە ئەم دژایەتیکردنە زۆر بە زەقی دەبیندرێت، هەر ئەوکاتەی کە بودجەو قووتی خەڵکی هەرێمی کوردستان لە لایەن نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتی عێراق بە شێوەیەکی نادەستووری بڕدرا، یان ئەو کاتەی کە بە زۆر هەرێمیان رووبەڕووی شەڕی داعەش کردەوە، یان ئەو کاتەی کە حەیدەر عەبادی بە هاوکاریی حەشدی شەعبیی نادەستووری و بە راوێژکار و سوپاو میلیشیای بیانی و ئیقلیمی هێرشی کردە سەر هەرێمی کوردستان و بەسەر لاشەی پاکی خەڵکی کەرکووك و کوردستاندا تێپەڕی، جگە لەوەی کە هەر بەردەوام بوون لە بڕینی قووتی خەڵکی هەرێم، ئەمانە هەمووی بۆ لاوازکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان ئەنجام دران.

لەو ماوەیەی رابردوودا بە نییەتێکی خراپ، بڕوبیانووی سەیرو سەمەرە بە هەرێمی کوردستان گیراوە، هەر جارە کە رێککەوتنی نێوان هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق کرابێت، یان هەر کاتێك نزیك بووبنەوە لە رێککەوتن، لە لایەن بەشێکی بەرچاوی هێزە سیاسییە باڵادەستەکانی شیعەی عێراق و بە هاوکاریی بەشێکی زۆری سوننە و بەداخەوەش هەندێك پەرلەمانتاری



**نەدا مێرگەسۆری**

پەرلەمانتاری پێشووی عێراق

بۆ گوڵان نووسیویەتی

کوردی هاوسۆزی نەیارانی هەرێم و خزمەتکاری ئەجێندای دەوڵەتی ئیقلیمی، کۆسپ و تەگەرە دروست کراوە.

ئەو کاتەی کە یاسای چارەسەری کورتهێنانی دارایی بۆ سێ مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠٢٠ لە پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر درا، بە بێ گوێدانە ڕێککەوتنی هەردوو حکومەت لەسەر بوجەی ساڵی ٢٠٢٠، جارێکی دیکە کەوتنە دژایەتیی هەرێمی کوردستان و بێبەشیان کرد لە سوودوەرگرتن لەو یاسایەو، بوونەوە بە هۆکار بۆ بڕینی ئەو بڕە پارەیەی کە دەبوایە حکومەتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستانی بنێرێت.

حکومەتی هەرێم هەر بە ماوەیەکی کەم و دوایی پێکهاتنی کابینەی نۆیەمی خۆی بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیرانی نوێ، بە نیشاندانی نییەتپاکی بۆ چارەسەر کردنی هەموو کێشەکانی نێوانی هەردوو حکومەت، سەردانی بەغدایان کرد. دوای ئەویش چەندین سەردانی دیکە بە سەرۆکایەتیی جێگری سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەریمی کوردستان ئەنجام درا، کە دوایینی لەم چەند رۆژەی رابردوو بوو، بەڵام وەك بە دیار دەکەوێت، لایەنە سیاسییەکانی عێراق، ئەوانەی کە کۆسپ دەخەنە بەردەم گەیشتن بە ڕێککەوتنی هەردوو حکومەت، هێشتاش لەسەر ئەو بۆچوونە ناتەندروستەی خۆیانن کە دەیانەوێت بە هەموو شێوەیەك پێگەی هەرێمی کوردستان لاواز بکەن و بنەمای فیدراڵییەتیش تێك بدەن، ئەگینا خۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بیانوویەکی بۆ ئەوان نەهێشتۆتەوە و ئامادەیی خۆی بۆ هەموو داواکارییەکانی ئەوان پیشان داوە.

حکومەتی کازمی حکومەتێکی دەستبەستراوی بێ بڕیارە، کە لە دەرەوەی خواستی ئەو، کەس و لایەنی دی ژێر بە ژێر حکومەتەکەی بەڕێوە دەبەن، بۆیە ناتوانێت هیچ بڕیارێکی بوێرانە بدات، هەر بڕیارێکی دەرەوەی خواستی ئەوانیش، ئەوا سەرۆك وەزیرانی عێراق رووبەڕووی لێپرسینەوەی پەرلەمانی و لەکارلادان دەکاتەوە.

ئەمەی لە عێراقدا دەگوزەرێت، بێ دەسەڵاتیی حکومەتەکەیەتی کە (الدولة العميقة- Deep State)، لە نێو هەناوی دەوڵەتی عێراقدا جڵەوی هەموو جۆمگەکانی بەڕیوەبردنی عێراقی گرتۆتەوە، کە یەکیك لە مەبەستەکانی جێبەجێکردنی ئەجێندای سیاسیی ئیقلیمییە بۆ لاوازکردنی پێگەی هەریمی کوردستان و، لەناوبردنی بنەماکانی دەوڵەتی فیدراڵی و بۆ خۆنزیککردنەوە لە دەوڵەتێکی مەرکەزی، تاکڕەوی، تائیفی و مەزهەبگەرا، ئەویش بە تواندنەوەی هەموو پێکهاتەکانی دیکە لەنێو ئەو دەوڵەتەدا و پێشێلکردنی مافەکانیان و برسیکردن و بڕینی قووتی خەڵکەکەی بۆ ئەوەی تەنیا بیر لە دابینکردنی بژێوی خۆیان بکەنەوەو بیر لە قەزییەی نەتەوەیی خۆیان نەکەنەوە، بەڵام مێژوو سەلماندوویەتی کە ئەم جۆرە سیاسەتە هیچ کاتێك سەرکەوتوو نەبووە، بگرە زەمینەسازییش دەکات بۆ بڕیاری نەتەوەیی چارەنووسساز.



ئەسکەندەر حەیدەر ئامەد

ئەندام و تێکۆشەری پێشووی پەکەکە بۆ گوڵان:

# پەکەکە بە تەواوەتی پرسی نەتەوەیی ڕەت دەکاتەوە و بە ئاشکراش دژایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات

# پەکەکە پرەنسیپێکی هەیە دەڵێت هەر کارو پرۆژە و دەسەڵاتێک منی تێدا نەبێت، با هەر نەبێت و تێک بچێت

# هەر کەسێک منداڵ و گەورە بیەوێت واز لە پەکەکە بێنێت و چەک دابنێت، بە خائینی دادەنێن و زیندانی دەکەن

**هەروەك ئاشکرایە بوونی پەکەکە لە باشووری کوردستان کێشە و سەرئێشەی گەورەی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کردووە، سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان هەموو هەوڵێکی داوە بۆ ئەوەی کێشە و بارگرژی دروست نەبێت. شرۆڤەکردن و گفتوگۆکردن لەبارەی هۆکاری ئەم هەڵسوکەوت و رەفتارانەی پەکەکە و چەند پرسیێکی پەیوەست بەم بابەتە بوونە تەوەری دیدارێکی گوڤاری گوڵان لەگەڵ ئەسکەندەر حەیدەر ئامەد، ئەندام و تێکۆشەری پێشووی پەکەکە.**

*** لە هەر چوار پارچەی کوردستاندا، ئێستا تەنیا هەرێمی کوردستانمان هەیە کە بووەتە ناسنامە بۆ هەر تاکێکی کورد لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە بێت، بەڵام بەداخەوە چەکدارانی پەکەکە دژایەتیی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن و رەتی دەکەنەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر پەکەکە حزبێکی کوردستانییە، بۆچی دژایەتی هەرێمی کوردستان دەکات؟**

- ئێمە ناتوانین بڵێین بیرو ستراتیژییەتی پەکەکە نەتەوەیی نەبووە، بەڵکو لە سەرەتای دروستبوونیەوە نەتەوەیی بوو، بۆ رزگاریی هەر چوار پارچەی کوردستان تێدەکۆشا، سەرەڕای ئەوەی کە پەکەکە ژمارەیەکی زۆری لە پێناوی رزگاریی هەر چوار پارچەی کوردستان لێ کوژراوە، بەڵام لەپاشان گۆڕانکاری لە ناوخۆی پەکەکە ڕووی دا، بەتایبەتی دوای دەستگیرکردنی عەبدوڵا ئۆجەلان، ئەوە بوو ئۆجەلان دوای دەستگیرکردنی رایگەیاند، پەکەکە حزبێکی کۆماری دیموکراتییە و بۆ هەموو تورکیا کار دەکات، هەر بۆیە ئێمە و چەندین کەسی دیکە لەناو پەکەکە ئەو بیرو کارەمان پێ خۆش نەبوو، لەگەڵیشی نەگونجاین و نەماندەتوانی لەگەڵی رێك بکەوین و، کاتێك

**حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمییە و پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و هەموو دنیا هەیە، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە پەکەکە کاری بۆ دەکات**

**لەدوای دەستگیرکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان دەرفەت و بیانوو زیاتر بۆ پەکەکە هاتەدی کە بە ئاشکرا کار لەسەر دیموکراتیەت بۆ تورکیا بکات و بانگەوازی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە کورد لەگەڵ تورک بران**

**بەهۆی شەڕو بەکوشتدانی خەڵکی باکوور و ئەو سیاسەتە هەڵەیەی پەکەکە پیادەی دەکرد، بەشێکی زۆری گوندەکانی باکووری کوردستان زەرەرمەند بوون و کەسوکاریان کوژراون**

بینیمان پەکەکە لەسەر بیری نەتەوەیی نەماوە، ریزەکانی پەکەکەمان بەجێهێشت، لەلایەکی دیکەوە پەکەکە لەدژی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار دەکات، ئەگەرچی هەرێمی کوردستان زۆر هاوکاری و یارمەتیی پەکەکەی کردووە، باشووری کوردستان بۆ کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستان چەترێکی گەورەیە و هەموومان دەتوانین تێیدا ژیان بگوزەرێنین، ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە و شۆڕشگێڕی کورد لەم پێناوەدا شەهید بوون، تاوەکو ئەو حکومەت و دامەزراوانە هاتنەدی. لەلایەکی دیکەوە پەکەکە سیاسەتێکی خۆی هەیە و بەرنامەیەکی داناوە کە لەسەر ئەو سیاسەتە بڕوات، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان فەرمییە و پەیوەندیی باشی لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیا و فەرەنسا و هەموو دنیا هەیە، ئەمەش پێچەوانەی ئەوەیە کە پەکەکە کاری بۆ دەکات، هەر بۆیەش حکومەتی هەرێم دەیەوێت لە دنیایەکی دیموکراتی و نەتەوەیی و مەدەنی خزمەت بە کوردستان بکات، دووبارە ئەمەش پێچەوانەی بەرنامە و کارەکانی پەکەکەیە، هەر بۆیە پەکەکە زیاتر دژایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات و دەیەوێت پێشکەوتوو و سەقامگیر نەبێت و دەسەڵاتی خۆی بەسەردا بسەپێنێت.

*** ئاشکرایە پەکەکە دەمێکە لە خەتە نەتەوەییەکە لایداوە و بانگەشە بۆ کۆمەڵگەی دیموکراتی دەکات، بەم بیانووشەوە بە ئاشکرا دژایەتی چەمکی دەوڵەتی کوردستان و سەربەخۆیی کوردستان دەکات، ئێوە خۆشتان دەزانن هەموو لاوەکانی کورد لە پێناوی سەربەخۆیی کوردستان چەك دەکەنە شانیان و خەبات دەکەن، ئایا پەکەکە لە پێناوی چیدا ئەم هەموو لاوەی کوردستان بە کوشت دەدات، لە کاتێکدا بە ئاشکرا ڕایگەیاندووە کە ئامانجی ئەو رزگاریی کوردستان نییە؟**

- لەدوای دەستگیرکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان دەرفەت و بیانوو زیاتر بۆ پەکەکە هاتەدی کە بە ئاشکرا کار لەسەر دیموکراتیەت بۆ تورکیا بکات و بانگەوازی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە کورد لەگەڵ تورك بران، هەر بۆیە پەکەکە سیاسەتی خۆی بە تەواوی گۆڕی و دژایەتیی ئەو حزب و لایەنانەشی کرد کە بیری نەتەوایەتی و نیشتمانییان هەبوو، لە سیاسەتیشدا خۆی بەسەربەخۆ دەزانێت و تەنیا خۆی پێ ڕاستەو قسەی هیچ کەس و لایەن و حزبێك قبووڵ ناکات و بە ئاشکرا دەڵێت دەبێت تەنیا بیرو سیاسەتی من جێبەجێ بکرێت، ئێمە و چەندان کادیر و چەکداری دیکە ڕێزی پەکەکەمان بەجێهێشت لەبەر ئەوەی لەبیری نەتەوەیی لایداوە و دژایەتی ئەو حزب و لایەنانە دەکات کە کارو بیریان بۆ نەتەوایەتیی کوردە.

*** چەکدارانی پەکەکە لەسەر سنوورەکان بۆ ئاژاوەگێڕی و راکێشانی پەلی سوپای تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان گێچەڵ دروست دەکەن و شەڕەکە دەگوازنەوە بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان، پرسیار ئەوەیە ئەگەر چەکدارانی پەکەکە ئەوەندە جوامێرن بۆ ناچنەوە باکوور لەسەر خاکی کوردستانی باکوور خەباتی خۆیان لە دژی سوپای تورکیا درێژە پێ بدەن و سەرکردایەتیی خۆیانی لێ دابمەزرێنن و لە جەماوەرەکەی خۆیان نزیك بن؟**

- بەهۆی شەڕو بەکوشتدانی خەڵکی باکوور و ئەو سیاسەتە هەڵەیەی پەکەکە پیادەی دەکرد، بەشێکی زۆری گوندەکانی باکووری کوردستان زەرەرمەند بوون و کەسوکاریان کوژراون، ئەو هەڵانەی پەکەکە لە باکووری کوردستان دەیکرد، دەبووە بیانوویەك بۆ ئەوەی تورکیا پەلاماری باکووری کوردستان بکات و، خەڵکەکەی تێدا زەرەرمەند بن و بکوژرێن، بەڵام لە هەقیقەدا باشووری کوردستان شوێنێکی پارێزراو و هێمنە و لەهەر پارچەیەکی دیکەی کوردستان زیاتر خەڵك دەتوانێت بێت و تێدا بە ئازادی و هێمنی بژی، لەهەر پارچەیەکی دیکەی کوردستاندا بتەوێت بێیتە باشوور ئەوە ڕێگاو ئازادی و ئارامی هەیە و دەتوانێت تێیدا بژیت، چونکە باشووری کوردستان خاوەنی ئاڵاو دەسەڵات و حکومەتی خۆیەتی و دەتوانیت بەپێی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی بۆ هاووڵاتی، یان بۆ پەنابەرو ئاوارەکان هەیە، بەباشی ژیان لە باشووری کوردستان بەڕێوەببەیت.

*** یەکێك لە ڕەفتارەکانی پەکەکە کە نامۆیە بە بزاڤی رزگاریخوازیی کوردستان ڕفاندنی منداڵانی کوڕ و کچە، کە چەکداریان دەکات**

**و ڕێگا نادات کەسوکاریشیان بیانبیننەوە، ئایا ڕفاندنی ئەو منداڵانە لە چ تیۆرێکی شۆڕشگێڕیدا جێگەی دەبێتەوە؟**

- ئەگەر تەماشا بکەین کەلتووری هەموو پارچەکانی کوردستان هەمان کەلتوورە کە هەر هەموو خەڵکەکە حەز لە ژیان و خۆشگوزەرانی دەکەن، ئەگەرچی پەکەکە بە پێچەوانەوە بۆ ئەو کەلتوور و ژیانەی میللەت کاری نەکردووە، بەڵکو ڕێچکە و سیستەمی خۆی هەیە و پەیڕەوی دەکات، کە تەنیا لە بەرژەوەندیی خۆیەتی، هەر بۆیەش نەیتوانیوە پێش بکەوێت، بەڵام ئەوەی دەچێتە ناو پەکەکە لەبەر ئەوە نییە کە دابونەریت، یان سیاسەتی ئەو خزبەی پێ ڕاستە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کاتێك کە حکومەتی تورکیا فشار و شەڕ دەخاتە ناوچە و شارەکانی باکووری کوردستان و خەڵك و میللەتەکەی لە خۆی تووڕە دەکات، ئەوە خەڵکەکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کارە و پاراستنی خۆیان دەچنە ناو پەکەکە، لەلایەکی دیکەوە ئەگەر دەوڵەتی تورك پەلاماری خەڵکی سڤیل و بێتاوان بدات، ئەوە ئەو کەسە بەناچاری دەبێت، پەنا ببات بۆ شوێن و لایەنێك کە ژیانی پارێزراو بێت، هەندێك خەڵکیش هەر لەبەر ئەو کارو تاوان و ڕەفتارانەی تورکیا دەبنە پەکەکە، پەکەکە نەك هەر ئێستا، بەڵکو لە سەرەتای دروستبوونیەوە گەنجی خوار تەمەن ١٨ساڵانی چەکدار دەکرد و بە بیری خۆی گۆشیانی دەدا و ئێستاکەش لەسەر ئەو ڕەفتارانەی هەر بەردەوامە، ئەو کاتەی لەناو پەکەکەی بووم، دیتم منداڵی تەمەن ١٣ و ١٤ ساڵی کە لە باوان و کەسوکاریان تووڕە دەبوون، دەهاتنە ناو پەکەکە و پەکەکەش بە بیروباوەڕ و هەستی خۆی گۆشی دەدان و چەکداری دەکردن، کە ئەمە دژی یاسا و بەندەکانی نێودەوڵەتییە. کاتێك کەسانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵی دەهاتنە ناو پەکەکە لەو کاتەی کەسوکار و ماڵباتیان دەهاتن بۆ دیتنی منداڵەکەیان، بەرپرسانی پەکەکە دەیانوت ئەو کەسە لێرە نییە و نەیاندەهێشت کەسوکاریان بیانبینن، هەر کەسێك منداڵ و گەورە بیەوێت واز لە پەکەکە بێنێت و چەك دابنێت، بە خائینی دادەنێن و زیندانی دەکەن.

*** لەم کاتەدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گەورەترین وەرچەرخاندا تێدەپەڕێت، تەبایی و یەکڕیزیی نێوان کوردان لە هەموو شتێك گرنگترە، بەڵام ئەوەی دەیبینین ئەوەیە کە پەکەکە وەك داردەستی دەوڵەتانی داگیرکەر ئەو تەبایی و یەکڕیزییە تێك دەدات و خۆی بۆ شەڕ و خۆسەپاندن ئامادە دەکات، پرسیار ئەوەیە ئایا لەم قۆناخە هەستیارەدا پەکەکە بۆچی دژایەتی نەتەوەی خۆی دەکات؟**

- پەکەکە تەنیا دەسەڵاتی خۆی دەوێت و دەیەوێت لە هەرشوێنێك بێت، تەنیا خۆی دەسەڵاتی هەبێت، پەکەکە پرەنسیپێکی هەیە دەڵێت هەر کارو پرۆژە و دەسەڵاتێك منی تێدا نەبێت، با هەر نەبێت و تێك بچێت، هەموو کەس و لایەنێك دەزانێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کێشەیەکی لەگەڵ پەکەکە نییە، بەڵام پەکەکە ئەمەی ناوێت و دەیەوێت لەو دەسەڵاتەی لە هەرێم هەیە، ڕۆڵ و دەسەڵاتی هەبێت. لەلایەکی دیکەوە پەکەکە کوردستان بە پەناگا و چەترێك بۆ کورد و کوردستانیانی هەر چوار پارچە نازانێت، پێویستە بارودۆخی هەرێمی کوردستان لەبەرچاو بگرێت، بۆ ئەوەی کێشەو بارودۆخێکی ئاڵۆزی بۆ دروست نەبێت، پەکەکە لە باکووری کوردستان سەرکەوتوو نەبووە و بووەتە هۆکاری شەڕی خەندەق و کاولبوونی ژمارەیەکی زۆر لە گوندو ناوچەکانی باکووری کوردستان، بەتایبەتی لە ئامەد و ئەدەنە کە بە هەزاران کورد کوژران و زوڵمێکی زۆر لە ناوچەکەدا هاتەئاراوە، ئێستاکەش کە هاتووەتە باشووری کوردستان هەر مەبەستی ئەوەیە ئەو بەشەش کێشەی بۆ دروست بکات و بارودۆخەکە تێك بدات، هەر بۆیە پێویستە پەکەکە لە سیاسەتی خۆیدا گۆڕانکاری بکات، تاوەکو لەو گۆڕانکارییەی کە چاوەڕێیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بکرێت، ئەویش بتوانێت بەشداربێت، ئەگینا گۆڕانکاری نەکات، ئەوە دوارۆژێکی باش چاوەڕوانی ناکات و هیچ ڕۆڵێکی لە هاوکێشەکەدا نابێت، بەڵام باشوور و حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە خاك و نیشتمانمانە و ئاڵاکەمانی تێدا دەبینین و سەربەرزین کە لە سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەژین.

**باشووری کوردستان خاوەنی ئاڵاو دەسەڵات و حکومەتی خۆیەتی و دەتوانێت بەپێی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی بۆ هاووڵاتی، یان بۆ پەنابەرو ئاوارەکان هەیە، بەباشی ژیان لە باشووری کوردستان بەڕێوەببەیت**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کێشەیەکی لەگەڵ پەکەکە نییە، بەڵام پەکەکە ئەمەی ناوێت و دەیەوێت لەو دەسەڵاتەی لە هەرێم هەیە، ڕۆڵ و دەسەڵاتی هەبێت**

**پێویستە پەکەکە لە سیاسەتی خۆیدا گۆڕانکاری بکات، تاوەکو لەو گۆڕانکارییەی کە چاوەڕێیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بکرێت، ئەویش بتوانێت بەشداربێت**

# تاوەرەکانی مۆبایل و ژینگە و مرۆڤ

ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێت قسەو باسێکی بەرایی لەسەر تاوەرەکانی مۆبایل و کاریگەرییە ژینگەیی و تەندروستییەکانی بکرێت، بە ئومێدی ئەوەی باس و توێژینەوەی زیاتری لەسەر بکرێت لەلایەن لایەنەی پەیوەندیدارەانی وەك: گەیاندن و ژینگە و تەندروستی و شارەوانیی و پلاندانان و مافی مرۆڤ و کۆمپانیاکانی مۆبایل.

سەبارەت بە بوونی کاریگەریی نێگەتیف، یان نەبوونی، هێشتا ئەوە یەکلانەبۆتەوە بە شێوەیەکی ڕەها کە ئایا تاوەرەکانی مۆبایل کاردەکەنە سەر ژینگە و تەندروستیی مرۆڤ یان نا؟


لەسەرتاسەری جیهاندا لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن و ، هەندێك ئەنجامی ئەو لێکۆڵنەوانە وا پیشان دەدات کە تاوەرەکان هۆکارن لە دروستبوونی پیسبوونی کارۆموگناتیسی، لە ئەنجامی دەرکردن و وەرگرتنی بڕێکی زۆری شەپۆلە کارۆ موگناتیسییەکان و ، هەر ئەو لێکۆڵینەوانەش دەڵێن کە ئەو شەپۆلانە کاریگەریی بەرچاویان دەبێت لە ئایندەدا بۆ تووشبوونی مرۆڤ بە نەخۆشییەکانی مێشك، سەرئێشە، نەزۆکی و بیرچوونەوەی لەسەر خۆ و.. هتد.

هەر ئەم لێکۆڵینەوانە باس لەوە دەکەن کە تاوەرەکان سەرچاوەی شەپۆلە نائایۆنییەکانن کە کاریگەرییان نێگەتیڤە لەسەر مرۆڤ، بەڵام دواجار داواش دەکات کە پێویستە توێژینەوەی دی ئەنجام بدرێت، بۆ زانینی شەپۆلە کارۆموگناتیسییەکان لە سێ بواری: لەرە لەرەکان، وزە و درێژیی شەپۆل، بە مەبەستی دیاریکردنی جۆری تیشکەکان.

هەندێکی دیکە لە توێژینەوەکان وایان دەرخستووە کە تاوەرەکان کاریگەریی نێگەتیڤی ئەوتۆیان نییە لەسەر ژینگە و مرۆڤ جگە لە کاریگەریی بەرزکردنەوەی پلەی گەرمی بە ڕێژەیەکی زۆر زۆر کەم. لەگەڵ هەردوو ئەنجامەکەشدا (پڕۆگرامی خۆپاراستن لە تیشکە کارۆموگناتیسیەکان)ی سەر بە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی داوا دەکات بە دانانی سنوورێك بۆ هاوکۆلکەی سەلامەتی لە بەرامبەر ماددە تیشکاوەرەکانەوە. لە نێوان هەردوو بۆچوونەکانیشدا، هەتا کاتی یەکلابوونەوەی تەواوی مەسەلەکە، وڵاتانی جیهانی کۆمەڵێك ڕێنمایی و بڕیاریان پەسەند کردووە و کاری پێ دەکەن لە بواری دانانی تاوەرەکانی مۆبایلەوە، لەوانەش:

١-پێویستە بەرزیی ئەو بینایەی کە تاوەری لەسەر دادەنرێت، لە نێوان (١٥ - ٥٠) مەتر بێت.

٢- دەبێت تاوەرەکە بەرزتر بێت لەگشت خانووبەرەو بیناکانی دەوروبەری لە سنووری بازنەیەکدا کە نیوەتیرەکەی (١٠) مەتر بێت.



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

**٣-** پێویستە سەربانی بیناکە کونکرێت بێت.

**٤-** نابێت کەمترین دووریی نێوان دوو تاوەر لەسەر هەمان بینا لە (١٢) مەتر کەمتر بێت.

**٥-** دووریی نێوان لەشی مرۆڤ و تاوەرەکان، لە دیوی ئاراستەی سەرەکی تیشکەکانەوە، نابێت لە (١٢) مەتر کەمتر بێت.

**٦-** تاوەرەکان لە هەموو لایەکەوە بە بەربەستی کانزایی دەورە بدرێن.

**٧-** بەکار هێنانی تاوەری گەورەی نوێ و کاریگەر بە ژمارەیەکی کەم و ، دوور لە دانیشتووان، لە بری تاوەری نزم و بچووك و زۆری نێو گەڕەکەکان، هەروەکو ئێستا هەندێك لە دەوڵەتان تاوەری نەوەی سێیەم بەکار دەهێنن کە تیشك دەردانی کەمترە لە تاوەرەکانی نەوەی دووەم (جی توو).

**٨-** وەرگرتنی ڕەزامەندیی دانیشتووانی ئەو شوێنەی کە تاوەرەکەی لێوە نزیکە، چونکە زیانەکانی ئەو تاوەرانە بۆ ژێر خۆی نییە، بەڵکو بۆ ئەو شوێنانەیە کە لە ئاستی تاوەرەکە و لە دەوروبەرین.

**٩-** لە حاڵەتی بوونی قوتابخانەدا، پێویستە دووریی نێوان تاوەرو قوتابخانەکان لە (٢٠) مەتر کەمتر نەبێت، چونکە منداڵانی خوار (١٦) ساڵ ناسکترن لە بەرامبەر زیانەکانیدا.

**١٠-** دیاریکردنی ژمارەی تاوەرەکانی هەر کۆمپانیایەك لەلایەن وەزارەتەوە.

لە کۆتاییدا جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بە چەند خاڵێك بدەین لەم بوارەدا.

یەکەم: هەبوونی هەماهەنگی لەنێوان دامودەزگاکانی حکومەت و کەرتی تایبەت.

دووەم: پابەندبوونی کۆمپانیای مۆبایل بەو ڕێنماییانەی کە واژووی لەسەر کردووە لەو گرێبەستەی کە مۆڵەتی کارکردنی پێداوە.

سێیەم: لیژنەیەکی هاوبەش لەنێوان هەر دەزگایەکی فەرمیی لەگەڵ پسپۆڕانی کۆمپانیاکانی مۆبایل هەبێت بۆ ڕاگۆڕینەوە پێش دەرکردنی هەر بڕیارێك.

چوارەم: ڕۆڵی زیاتر بدرێتە بەشە زانستییەکان بۆ یەکلاکردنەوەی بڕیارەکان، بەتایبەت بەشی (فیزیا) لە کۆلیژی زانستدا کە لە زۆربەی وڵاتانیش خەریکی توێژینەوەن لەسەر کاریگەریی تاوەرەکان لەسەر ژینگە و مرۆڤ.

پێنجەم: سوود لە ئەزمون و یاسای وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگیرێت، لەم بوارەدا.

شەشەم: پلە بەپلە دەست پێ بکەین، مەرج نییە لە یەك کاتدا هەموو ڕێنماییەکان جێبەجێ بکرێن.



مەحما خەلیل
قائیمقامی شنگال، بۆ گوڵان:

# پەکەکە کۆمەڵکوژیی کوردانی ئێزدی و داگیرکردنی چیای شنگال بۆ مەرامی تایبەتیی خۆی بەکار دەهێنێت

**ئەنجامدانی ڕێککەوتنی شنگال هەنگاوێکی گرنگ و پێویست بوو بۆ ئاساییکردنەوەی دۆخەکە و زەمینەسازکردن بۆ ئەوەی خەڵکی ئاوارەی ئەو دەڤەرە بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنەش خاڵێکی جەوهەرییە و ئاسانکاری بۆ ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکە دەکات. ئەو ڕێککەوتنە و بەربەست و ئاستەنگەکانی بەردەمی و چەند تەوەری دیکە ناوەرۆکی ئەم گفتوگۆیەی گوڵان لەگەڵ مەحما خەلیل قائیقامی شنگال پێکدەهێنن.**

*** دیارە ڕێککەوتنی شنگال ڕێککەوتنێکی گرنگە کە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی بە سەرپەرشتیی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام درا. ئایا دەکرێت ئەم ڕێککەوتنە وەك سەرەتایەك بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان و ئاوەدانکردنەوەی شنگال هەژمار بکرێت؟**

- ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی (عێراق) دەستووری و یاساییە و داواکاریی خەڵکی شنگالیشە، کە وەك نەخشەڕێگایەکە و چەند خاڵێك لەخۆدەگرێت، وەك ئاسایشی دەڤەرەکە و ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و گەڕانەوەی خەڵکەکە بۆ شارەکە، هەروەها ئەم ڕێککەوتنە تەنیا بۆ شنگال گرنگ نییە کە ڕووبەڕووی جینۆساید و کۆمەڵکوژی بووەتەوە، بەڵکو سەرکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە نموونە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق کە ناوچەی کێشە لەسەرن و کاریگەریی پۆزەتیڤیش لەسەر خەڵك و ئاوارەکانی شنگال دروست دەکات، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، چونکە بەو ڕێککەوتنە بارودۆخی ئەمنی دەستەبەر دەبێت و خەڵك متمانەی لادروست دەبێت، کە بگەڕێتەوە، لەلایەکی دیکەوە بەم ڕێککەوتنە هێزی پەکەکە و هەر هێزێکی دیکەی بیانی لە شار و ناوچەکە دەبێت نەمێنن و بە جێبەجێکردنی هەموو خاڵەکانی ڕێککەوتنەکەش خەڵك بۆ شارەکە دەگەڕێتەوە.

*** دیارە ڕێککەوتنەکە کەوتووەتە واری جێبەجێکردن، وەك رووکەش بەشێك لە هێزەکانی پەکەکە و بارەگەکانیان لە شنگال نەماون، بەڵام وەك گوێبیست دەبین، باس لەوە دەکرێت کە چەکدارانی پەکەکە تەنیا جلەکانیان گۆڕیوەو ئێستا گەڕاونەتەوە شنگال، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتنە گرنگە، هەر لەسەرەتاوە بەم شێوەیە بەڕێوە دەچێت؟**

- بێگومان ڕێککەوتنی شنگال گرنگە و چەند خاڵێك لەخۆدەگرێت:

١- دەبێت هێزی پەکەکە لە شنگال بچنەدەرەوە، پەکەکە نەك تەنیا لە شنگال نەمێنێت، بەڵکو دەبێت لەهەموو ناوچەکە و لە سنووری هەرێمی کوردستان نەمێنن.

٢- گرنگیی ڕێککەوتنەکە لەوەدایە کە لە جێگای ئەو هێزە ناشەرعییانەی هەیە، هێزی عێراقی سنووری نێوان سووریا و عێراق بپارێزی و کۆنترۆڵی بکات.

٣- پێویستە ئەو بارەگا حکوومی و کارگێڕییەی کە لەژێر دەستی پەکەکە و لایەنگرانی پەکەکەدایە، رادەستی حکومەتی مەحەلی بکرێت، بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی کە کراوە.

لەلایەکی دیکەوە لەلایەن هەندێ میدیا و ڕاگەیاندنەوە باس لەوە کرا کە پەکەکە و لایانگرانی پەکەکە بارەگاکانیان چۆڵ کردووە، بەڵام لە هەقیقەتدا پەکەکە ئەو بارەگایانەی چۆڵ نەکردووە، بەڵکو لەناو شارو شاخەکەشدا تەنیا جلوبەرگ و ئاڵای خۆیان گۆڕیوە و ئاڵای دیکەیان هەڵداوە، ئەگەرچی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و هەردوو حکومەتی هەرێم و عێراق دەیانەوێت ئەو ڕێککەوتنەی کراوە، جێبەجێ بکرێت، بەڵام مخابن تا ئێستا هیچ لە خاڵەکانی ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ نەبووە.

**سەرکەوتنی ئەم ڕێککەوتنە دەبێتە نموونە بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق کە ناوچەی کێشە لەسەرن و کاریگەریی پۆزەتیڤیش لەسەر خەڵک و ئاوارەکانی شنگال دروست دەکات**

**پەکەکە لە شوێن و دەرفەتێک دەگەڕێت کە یاسا نەبێت، چونکە یاسا هەبێت، پەکەکە ناتوانێت ژیانی خۆی بەڕێوەببات، دەیەوێت لەهەر شوێنێک ئەوانی لێ بێت، یاسا نەبێت و رفاندن و ترس و تۆقاندن و زیندانیکردن هەبێت**

*** وێڕای ئەو هەموو کارەسات و ژینۆسایدەی بەسەر کوردانی ئێزدی هات، بەڵام بوونی پەکەکە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە یەکڕیزی و یەکگرتوویی لەناو کوردانی ئێزدی نەمێنێت و ببن بە چەند بەشێکەوە، ئایا تاچەند ئەم دابەشکردنەی پەکەکە لەناو کوردانی ئێزدی دروستی کردووە، کاریگەریی لەسەر سۆزی نێودەوڵەتی بۆ کوردانی ئێزدی هەیە؟**

- ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و UN زۆر کەمتەرخەمن لە ئاستی خەڵکی شنگال و ئەو جینۆسایدەی بەرامبەر خەڵکی شنگال کراوە و بەرامبەر ئاوەدانکردنەوەو قەرەبووکردنەوەی خەڵکی شنگال، هاوکات حکومەتی فیدراڵیش زۆر کەمتەرخەمە بەرامبەر شنگال و خەڵکی شنگال، بەتایبەتی لە بوونی پەکەکە و هێزی دیکەی ناشەرعی لەو دەڤەرو شارەدا، کە ئەم هێزانە نامۆن بە جوگرافیاو دەڤەرەکە، کارو ڕەفتارەکانی پەکەکە و لایانگرانیان بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵك بۆ شنگال نەگەڕێنەوە و ئاوەدان نەبێتەوە، بۆتە هۆکاری سەرەکی کە جڤاتی ئێزدیان دابەش ببن لە بەرامبەر ئامانج و پلانی خۆیان و ناوچەکە. شنگال بۆ پەکەکە دەڤەرێکی گرنگە لە ڕووی ستراتیژی و ئابووری و بەرژەوەندیی خۆیانەوە، ئەوان جینۆسایدی شنگال و چیای شنگال بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی خۆیان بەکار دەهێنن. پەکەکە زوڵم لە هەموو پێکهاتەکان دەکات لە شنگالدا و کچ و کوڕی ئێزدی زیندانی دەکات، حکومەتی عێراقیش چاوپۆشیی لێ دەکات.

*** زۆر لە شارەزایان دەڵێن تا پەکەکە لە شنگال بێت، شارەکە ئاوەدان ناکرێتەوەو ئاوارەکانیش ناتوانن بگەڕێنەوە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئەو کارە خراپانە چین کە پەکەکە دەیانکات و بوونەتە ڕێگر لە ئاوەدانکردنەوەی شارەکە و گەڕانەوەی ئاوارەکان؟**

- پەکەکە لە شوێن و دەرفەتێك دەگەڕێت کە یاسا نەبێت، چونکە یاسا هەبێت، پەکەکە ناتوانێت ژیانی خۆی بەڕێوەببات، دەیەوێت لەهەر شوێنێك ئەوانی لێ بێت، یاسا نەبێت و ڕفاندن و ترس و تۆقاندن و زیندانیکردن هەبێت، هەر بۆیە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئەم کارو ڕەفتارانەی پەکەکە دەبینن، ناتوانن مامەڵە لەگەڵ ناوچەکە بکەن، چونکە ڕێکخراوی نێودەوڵەتی دەتوانێت هەڵسوکەوت لەگەڵ ئیدارەیەکی شەرعی و یاسایی بکات نەك ئەوەی کە پەکەکە لە شنگال دەیکات، کە هەر هەمووی پێچەوانەی شەرعییەت و یاسایە و ئیداریەك پیادە دەکات کە بەتەنیا لە بەرژەوەندیی خۆیدایە، پەکەکە بازرگانیی ناشەرعی ئەنجام دەدات و کچ و کوڕی خەڵك دەڕفێنن، تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر کچی ئێزدییان ڕفاندووە و بردوویانەتە چیای قەندیل و چارەنووسیان نادیارە، ئەمنییەتی شارو ناوچەکەش ناپارێزن، هەر بۆیە بە بوونی پەکەکە لە شنگال، خەڵك ناتوانێت بگەڕێتەوە.

*** دیسان باس لەوە دەکەن، ئەو کوڕ و کچە کوردە ئێزدییانەی بۆ بەرگری لە شنگال پەیوەندییان بە پەکەکەوە کردووە و بوونە چەکداری پەکەکە، ئێستا ناتوانن بگەڕێنەوە ناو ماڵی خۆیان، چونکە پەکەکە ئەوەی واز بهێنێت، زیندانی دەکات، وەك قایمقامی شنگال چۆن سەیری ئەم ڕەفتارەی پەکەکە دەکەیت؟**

- ڕەفتار و توندوتیژیی پەکەکە کاریگەریی زۆر خراپی لە سەر سایکۆلۆژیای ئێزدییەکان لە شنگال دروست کردووە، هەر ئەمەش وای کردووە کە جڤاتی ئێزدی هیچ باوەڕ و ئومێد و متمانەیەکی بە پەکەکە نەمێنێت، ئەگەرچی پێشتر ڕێزگرتنێك لەنێوان پەکەکە و خەڵك هەبوو، بەڵام ئێستا بەو ڕەفتار و خراپەکارییانەی پەکەکە دەیکات، هیچ ئومێدێك بە پەکەکە نەماوە. تەنیا بە نەمانی پەکەکە لە شنگال ئەمنییەت بۆ شنگال دەگەڕێتەوە، ئەمەش وادەکات جڤات و خەڵکی ئێزدی بۆ شنگال بگەڕێنەوە و ڕێزگرتن و متمانە و ئاوەدانکردنەوە لە نێوان خەڵك و پێکهاتەکان دروست ببێتەوە. ڕەفتارە خراپ و توندوتیژییەکانی پەکەکە کاریگەری لەسەر دابەشبوونی جڤاتی ئێزدی و ئایینی ئێزدی دروست کردووە و، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە جڤاتی ئێزدی ببنە دوو سێ بەش، ئەمەش کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردن دروست دەکات، کە وایکردووە ئێزدی یەکگرتوو نەبن. پەکەکە خەڵکیان تووشی کاری بازرگانیی ناشەرعی و قەدەغەکراو کردووە، هەر ئەمەش وای کردووە کە ڕۆشنبیرو بنەماڵەکان و خاوەن عەشیرەتە دیار و گەورەکانی کوردی ئێزدی

**پەکەکە بازرگانیی ناشەرعی ئەنجام دەدات و کچ و کوڕی خەڵک دەڕفێنن، تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر کچی ئێزدییان ڕفاندووە و بردوویانەتە چیای قەندیل و چارەنووسیان نادیارە، ئەمنییەتی شارو ناوچەکەش ناپارێزن**

**پەکەکە خەڵکیان تووشی کاری بازرگانیی ناشەرعی و قەدەغەکراو کردووە، هەر ئەمەش وای کردووە کە ڕۆشنبیرو بنەماڵەکان و خاوەن عەشیرەتە دیار و گەورەکانی کوردی ئێزدی متمانەیان بە پەکەکە نەبێت**



متمانەیان بە پەکەکە نەبێت و رازی نین تا پەکەکە لەوێ بمێنێت، بۆ شنگال بگەڕینەوە.

*** باس لەوە دەکرێت کە هێزێکی پۆلیس لە کوردانی ئێزدی بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی شنگال دروست دەکرێت، پێکهاتەی ئەو هێزە چۆن دەبێت؟ ئایا مەترسی ئەوەتان نییە چەکدارانی پەکەکە خۆیان بخزێننە ناو ئەو هێزەش؟**

- نەخێر، مەترسیی ئەوە نییە کە پەکەکە بتوانێت خۆی بخزێنێتە ناو ئەو هێزی پۆلیسەی کە بۆ پاراستنی شنگال دروست دەبێت، چونکە بەپێی رێککەوتنی شنگال ٢٥٠٠ پۆلیس دادەمەزرێن لە کوڕ و کچانی شار و دەڤەرەکە، کە هەزار کەس لەوانە دەبێت خەڵکی شارەکە بن، بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆی عێراقی فیدڕاڵ ئەو کەسەی لەم هێزە دادەمەزرێت، ناو و تەمەن و بڕوانامە و قەیدی تۆمار و شوێنی نیشتەجێبوونی داوا دەکرێت و بەپێی بەڵگەنامەی راست و دروست مامەڵەکان ئەنجام دەدرێت، هێزەکە ١٠٠٠ کەسیان بەپێی فەرمانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق خەڵکی شنگالە و ١٥٠٠ کەسیش لەو کەسانە دەبێت کە نیشتەجێی کەمپەکانن لە هەرێمی کوردستان، بەدڵنیاییەوە کەسی پەکەکە ناتوانێت خۆیان بخزێننە ناو ئەو هێزی پۆلیسەی کە بۆ پاراستن و ئەمنییەتی شنگال بەپێی رێککەوتنەکە دادەمەزرێت.